# ژنە پیشەوەرەکانی کۆیە

( ١٩٠٠ ـ ٢٠١٥ )

فازیل شەورۆ

پێداچوونەوەی

عەبدولکەریم شێخانی

توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیی پیشەوەرییە

٢٠١٥

لـە خـەرجی نووسـەر چـا پـکراوە

# ژنــه پیشـــەوەرەکانی کۆیــە

( ١٩٠٠ ـ ٢٠١٥ )

تــــیراژ

نووسـینی
فـازیـل شـەورۆ

پێداچوونەوەی
عەبدولکەریم شـێخانی

نەخشەسازی بەرگ و ناوەوە
نووسـەر

قەبارەی کتێب
14 X ٢١ ( 144 ) لا پـەڕە

( ٥٠٠ ) دانـە

چاپخانە
شـەهاب ـ هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشـتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردەنی

(   ) سـاڵی ( ٢٠١٥ )ی پێدراوە.

هەموو مافێکی لەبەرگرتنەوە و بڵاوکردنەوەی بۆ نووسـەر پارێزراوە.

# پێشکەشە...

بەو دایکە لێوبەبارانەی

بە دەست و پەنجەی قلێش قلێش و

ئارەقەی نێو شانیان،

نانیان بۆ پەیدا دەکردین!

**وێنەی سەربەرگ ( نەنکەخانە )، بایزاغا، کۆیە، ١٩٦٨.**

# ژنـە پیشـــەوەرەکانی کۆیـە

( ١٩٠٠ ـ ٢٠١٥ )

فـازیـل شـــەورۆ

چاپی یەکەم

٢٠١٥

# هەمووومان قەرزاری شۆڕە ژنی جارانین!

د. عەتیە حەمە سەعید
لە پزێڕین

خەسڵەتە جیاوازەکانی کۆیەی جاران، لە چاو شارەکانی دیکەی کوردستان زۆرن: لەدێرە زەمانەوە کۆیە شاری پیشە و پیشەوەران بووە، شاری خوێندەوار و رۆشنبیران بووە، شاری ئایینی رەوا و راست و دۆستایەتی پاك بووە، کۆڵەگەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و خزمایەتی زۆر بەهێز و توند و تۆڵ بووە. کە گوتراوە :" کۆیاتی و خۆیاتی." هەر لەبەر ئەوە نەبووە کە یەکتریان خۆشویستووە، بەڵکو لەبەر ئەوە بووە، کە ئەگەر کاسبکارێك لە دووریشرا هاتبێ و لەوێ کاری کردبێ، زوو بۆتە کۆیی و پێشوازی گەرم و گوڕی لێکراوە. ئەمانە وایان کردووە پێکهاتەی سیسیۆلۆژی شارەکە جودا بێت لە شارەکانی دیکە. لە نێو بازاڕی کۆیەی جاران، جودایی لە مابەینی دەوڵەمەند و فەقیر نەبووە، زۆر ئاسایی بوو کە دراوسێ بن و دوکانەکانیان لە تەنیشت یەکتری بێت. سەر دوکان هەبووە، جێگەی دانیشتنی هەمووان بووە، لە پیشەوەر و وەستا و سەرمایەدار و مامۆستا و ئەدیب و رۆشنبیر و شێخ و مەلا و ئاغا و گەزیر، هەر بۆ نموونە، سەر دوکانەکەی ( وەستا ئەکرەمی خەیات ) کە هەر ( ٨ م$^{٢}$ ) دەبێت، ئێستێش رۆژانە جێگەی قۆمرغانەی هەمووانە..... .

هەندی سەر دەینم و سەر دەبم ، ناتوانم شتێك ، بۆ پێشەکیی ئەم کتێبە، تۆمار بکەم پڕ بە پێستی ماندوو بوونی نووسەرەکەی بێت، هەر

ئەوەندە دەڵێم کە ، فازیل شـەوڕۆ، لەسەر بنجی باوکی ڕواوەتەوە کە هەموو شـار ی کۆیە فەخری بە دەسـتڕەنگینی وەسـتا( حەمەدی عەولا جەیدی ) ی دەکرد. یەکـەم جار مامۆسـتا ( فازیل )م لە سـاڵی (٢٠١٣) دا، لە سـیمینارێك ناسی، کـە بـەناوی ( ئاشـتبوونەوە لەگـەڵ گیاندارانـدا ) لـە هـۆڵی سـەرۆکایەتیی زانکـۆی کۆیـە پێشـکەشی کرد، توانا و بەهرەکـەی زۆر سـەرنجی راکێشـام و پێـی سـەرسـام بـووم. کـورد دەڵـێ:" قـەدری زێـڕ لای زێرێنگـرە." بـەڵام بەداخـەوە ، ئیمـڕۆ، زێرینگرەکانمان، فێری زێـری تەقلیـدیی ولاتـانی کەنـداو بـووین و زێرناسـیی بەڕاسـتیمان زۆر کەم تێدایە.

کە ڕەشنووسـی ئەم کتێبەم خوێندەوە، چەندە بە ناوەرۆکەکەی موعجیب بـووم هێندەش ئافەرینم بۆ نووسـەرەکەی کرد ، کە چۆن توانیویەتی کووچە بـە کووچـەو گەڕەك بە گەڕەك بۆ سـۆراغ و زانیاریی تـازە، بگەڕێ و بۆ مێژوو تۆماریان بکاتەوە، من، تـامابم پشـتگیری لێدەکـەم و ئەوەنـدەی بـۆم بکرێـت هاریکـاریی دەکـەم، بەڕاستی لە سەر ئێمەیە کە قەدرزانی ئەم جۆرە قەڵەمە بین.

من پێشنیار دەکەم ، کە لە شـوێنێکی شـیاودا، لە شـاری کۆیە ، دیواربەندێکی پڕ هونەرکاریی بۆ ئەم ژنـە پیشـەوەرە دەسـت ڕەنگینانـە دروسـت بکرێت،کـە بەڕاسـتی دا پیرە و نەنەکەکانی ئێمە جێگەی فەخر و شـانازین. بـا ئـەوانیش وەك شـەهیدەکانمان لەبیر نەکەین.

چاوەڕوانی کاری باشـتر و جوانترین لەم قەڵەمە بەبرِشـتە. هـەر سـەرکەوتوو بن.

# ژن و پیشـــەوەری

لەوەتەی ئادەم و حەوا لە ژێر یەك بنمیچـدا بەیەكـەوە كەوتوونەتـە كـار و كۆشـــش و خـــەبات بـــۆ دەســـــتەبەر كردنـــی ژیـــانێكی ئاســـــوودە و هـــێمن و خۆشـــگوزەرانی، دەركیان بەو ڕاســـتییە كردووە كە ئەو خەونەیان بـە هاریكـاریی دوو لایەنە دێتە دی و ئەوان وەك دوو تـای تەرازوو یان دوو بـاڵی باڵندەن ، بە تـاك بەعەمەل نایەن. بە درێژایی مێژوو و لەگەڵ گۆڕانی قونـاغ و چـاخەكانی ژیانـدا، ئەرك و ڕۆڵی هەر یەك لە ژن و پیـاو ، بـە گـوێرەی دا پێویسـتییەكانی زەمانـە، گۆڕانكارییان بەسـەر داهاتووە، لـە ســـەردەمی ژیـانی ئەشـــكەوت و عـەودالی بەدوای بژێویدا پێكەوە ڕاوكەر و میوە چن بوون, بەلاّم لە ســـەردەمی ئاشـنا بـوون بە كشـتوكاڵ، توێژینەوەكان باسـی ســـەردەمی دایكســـالاری یـان ژنســـالاری دەكەن، كە گۆیا جەڵـەوی هەموو ئیش و كار و بەرپرســی و ڕێبەرایەتی لە دەسـتی ژندابووە تـا سـەرهەڵدانی سـەردەمی دەرەبەگایـەتی و ســـەردەمی خۆســـە پاندنی كلیسـا و مزگەوت بەسـەر هەموو جومگەكانی ژیاندا ، كە لەو دەمیەوە ژن خزێنرایە ژووری تـاریكی ماڵ و لە عەبـا و چـارۆگەی ڕەش وەرپێچـرا و دەســـەلاّتەكانی وردە وردە لێ سـەندرایەوە. " ئینگلیس لە كتێبی ( بنەچـەی خانـەوەدە و موڵكایـەتیی

تایبەتی و دەوڵەت ) دا دەڵێ: " لەچەرخی بەردین دەسەلات لە دەست ژندا بووە، ژن چەند پیاوێکی هێناوە و منداڵەکان بە ناوی دایکیانەوە بانگ کراون، تەنانەت بیرۆکەی دۆزینەوەی کشتوکاڵیش بۆ بیر تیژیی ژن دەگەڕێتەوە. لەسەر دەمی دۆزینەوەی ئاسندا ، گاسن پەیدا بوو، کاری کشتوکاڵی گەشەی کردو پێویستی بە هێزی جەستەیی و فیزیکی زیاتر بوو کە ژن دەرەقەتی نەدەهات، بەم شێوەیە جەڵەوی کار کەوتە دەست پیاو و ژن خزێنرانە ژوورەوەی ماڵ. بۆیە دابەش بوونی کار ، یەکەم شکستی مێژوویی ڕەگەزی مێیینەیە." [1] جا توێژەران بە زۆر شێوە ئەم شکستییە مێژووییەی ڕەگەزی مێیینەیان شیکردۆتەوە و قسەیان لێ کردوە، هەیە دەڵێ:" جیاوازی و ئەرکی جنسی، لە نێوان نێر و مێدا، ، لە سروشتەوە هاتووە و دەستکاری ناکرێ و ئەم جیاوزییە بە هیچ شێوەیەك لە توانای ئافرەت لە پرۆسەی بە ئینسانیبوون کەم ناکاتەوە، ئەو لە کردەوەی دوورو درێژی مێژووی دروستبوونی کۆمەڵگای بەشداردا بەشدار بووە. جا بێ مافکردنی ئافرەت، ڕەگی لە پەروەردە کردنی کۆمەلایەتی مێژوو دایە." [2]

شۆڕشی پیشەسازی، لە سەرەتای سەدەی هەژدەم، هێندێ ئیعتباراتی داوە بە ژن، ئەویش لەبەر خاتری چاوی ڕەشی ئەو نا، بەڵکو لەبەر ئەوەی دەستیکاری ئەو هەرزانتر و خۆشی بێزمانتر و کلۆڵتر بوو. چونکە:" سیستمی سەرمایەداری ، لە قۆناغی سەرەتاو ناوەڕاستی دروستبوونیدا بەرژەوەندی لە یەکسانی ژن و پیاودا نەبووە ، هەروەك چۆن دانی بە یەکسانی ڕەگەزەکانی مرۆڤدا نەدەنا، ژیاندنەوەی کۆیلایەتیی ڕەش و سیستمی کۆلۆنیالیستی،

[1] ) http://www.dengekan.info/dengekan/women/22043.html

[2] ) http://www.seroqadir.com/read.php?id=345

دەرهاویشتەی ڕوانگەی نابەرانبەریەتی سەرمایەدار بوون." [٣] بێگومان شۆڕشی فەرەنسی کۆدەتایەك بوو نەك هەر بۆ وەگێر هێنانی مافەکانی پیاو بەڵکو ژنانیش جارێکی تر بوونەوە بوونەوەرە دەسەلاتدارە کاریگەرەکەی سەر کۆڕە پانی ژیان.

لە دەیان کایەی ئەدەبی و زانستی و مەعریفیدا، ژن ، بە باوەڕێکی مەزن و گەشبینییەوە بوونی خۆی سەلماند، هەر بۆ نموونە ئەوەتا( مەدام کوری ) کە خەڵکی پۆڵەندا بوو، دوو جار خەلاتی نۆبلی وەرگرت لە بوارەکانی فیزیك و کیمیادا و توخمی پۆلۆنیوم و ڕادیۆمی دۆزیەوە . ـ لە خۆشەویستی پۆلۆنیا، ناوی لە توخمەکەنا: پۆلۆنیوم ـ. لە بواری ئەدەبیشدا ڕیزبەندی ناوی دەیان ژنی وەك ( Ajansa Christi, Danielle Steel, Toni Morrison, Stephenie Meyer , Mary higgind Chark ) ی مان لەبەر دەستە.

خۆشبەختانەش، زانستی سەردەم، بە بەڵگە ئەوەی سەلماند کە ئەگەرچی قەبارەی مێشکی ژن لە هی پیاو کەمێك بچوکترە، بەلام پردی نێوان ئەقڵی ڕاستە و چەپەی ژن لە هی پیاو بەرینترە، بۆیە ژن دەتوانێ لەیەك کاتدا چەند ئیشێك پێکەوە بکات. هەروەها زانراوە کە هۆکاری دەستپێشخەریی پیاو و وەلاوەنانی ژنان ،دورهاویشتەی پەروەردەی ئایینی و کۆمەلایەتی و شارستانییە، نەك کەم ئەقڵی ئەوان. بۆیە دەبینین لە ولاتە پێشکەوتووەکاندا، ژنیش وەك پیاو دەست پێشخەرە لە ڕا پەڕاندنی کاردا.

بەڕاستی نووسەری میسریی بەناوبانگ، مستەفا لوتفی مەنفەلوتی، لەبارەی ڕۆڵی ژنەوە جوانی گوتووە کە دەڵێ:" ژیان خۆشی و ناخۆشییە،

---

[٣] ) سەرچاوەی پێشوو.

خۆشـییەکا نمان لە ژنەوە دەسـت دەکەوێت و نـاخۆشـییەکانیش ، هەر نەبێ لە نێـو دڵماندا، بە هێز و ورە و سـۆزی ژن دەڕەوێندرێنەوە و دەگۆڕدرێن بۆ خۆشـی ." [4]

چاوخشـاندنێکی خێرا بە مێـژووی ژن، لـە بـەرە بـەیانی دروسـتبوونیەوە، ناداد پـەروەری و نایەکسـانی کۆمـەڵگاکانی مرۆڤایـەتیمان، بەرانبـەر ئـەوان، نیشـان دەدا ، جا سـەیرەکە لەوە دایە زوڵمەکە تاك لایەنە نییـە، زوڵمێـك نییـە پاشـایەك یان ئاغایەك یان شـێخێکی تەسـبیح لە مل، دژی ژنان کردبێتی، بەڵکو ئەو زوڵمە بە شـێوەیکی زۆر ئاقڵانە و بە بەرنامە ڕێژی و سیستماتیك ئامادەکـاری بـۆ کـراوە و ڕۆحـی پیرۆزیـی پێبەخشـراوە، جـا نـەك هـەر مێینـەکان بـەڵکو نێرینەکانیش دەبێ پابەندی یاساکانی بن و بە تۆسـقاڵ لێـی دەرنەچـن و سـەر پێچی نەکەن. " ئەگەر دەقە ئایینییە هەرە کۆنەکان بەسـەر بکرینەوە ( کە تاکـە سـەرچاوەی نووسـراوی بەردەسـتن ) دەبینین: لە تەوراتـدا ژن بەسـتراوەتەوە بـە پیاو و تـا پلەی کۆیلەیەتیی دابەزێندراوە، لە لادانـی کۆمەڵایـەتی و هاوسـەریدا مـافی کوشـتنی بـە پیـاو دراوە و لـە میراتیشـدا هـەر نیـوەی پشـکی پیـاوی بەردەکەوێ. لە ئینجیلدا، پیاو بە سـەروەری ژن داندراوە، ڕەزامەنـدی خـودا بـۆ ژن ڕەزامەندی مێردەکەیەتی و بۆی نییە تـا مردن لێـی جیـا بێتـەوە. لـە ئیسـلامدا ـ هەرچەندە هێندێ مافی پێ دراوە کە لە دوو دینەکەی تردا نین ـ بە ناقس ئـەقڵ و نـەزان دانـدراوە و چارەنووسـی لـە دەسـت پیـاو دایـە و لـە ڕووی مـافی خاوەنداریەتیەوە، نیوەی میراتی پیاوەکەی بەردەکەوێ و لە سـەرپێچیکردنیدا ژن

4 ) http://www.knwe.org/Direje.aspx?Jimare=32415&r=2&Besh=Witar

دەکوژرێ و سەنگەسار دەکرێ. لە ئایینی هیندۆزیشدا ئەوا پلەکەی هێندە نزمە لە گەڵ مێردە مردووەکەیدا، بە زیندووی چاوان، دەسووتێندرا." [٥]

وەك گوتمان، زوڵمەکەی سەر ژن، هەمە لایەنەیە، تەنانەت بیرمەند و فەیلەسوف و دانا و حەکیمەکانیش تێڕوانینەکانیان، زۆر جار، بەرانبەر ژن خراپ و ناپەسند بووە، ئەوەتا " فریدریك نیشتە، دەڵێ :" ئەگەر چووی بۆ لای ئافرەت قامچییەك لە گەڵ خۆت بەرە." فیتاغۆرس دەڵێ:" پرنسیپی خێر لە سیستەم و نووری پیاوەوە سەر هەڵدەدات، پرنسیپی شەڕ و ئاشووب، لە ئافرەت و تارکییەوە پەیدا دەبێ." [٦]

ئەگەر بادەینەوە لای کۆمەڵگای کوردەواری خۆمان، دەبینین مەسەلەکە زۆر ئاڵۆزتر و دژوارترە، ئەمیش لە ئاکامی زۆری تێکەڵاو بوون و ئاوێتە بوون و توانەوەی بیروبۆچوون و پەیامە ئایینە جیاوازەکانی ئەو دەڤەری کە ئەوی تێدا ژیاوە و پەروەردە کراوە، ( سەروەر قادر)، بەم شێوەیە ئەم خاڵەمان بۆ چڕ دەکاتەوە و دەڵێ :" کوردستان دەکەوێتە چەقی پێکگەیشتنی چوار مەڵبەندی کولتووری : دۆڵی ڕافیدەین و ئێران و عوسمانی و هیندستان، کە لە ڕۆژهەڵاتییەوە بوون . جا ئێمەی موسوڵمان ، هێندێ کەلتووری عەرەبمان لە ڕێی دینەوە بۆ هاتووە. چونکە بۆخۆشمان لە تیرەی هیندی ـ ئێرانین، بەشێك لە کەلتووری ئەوانیشمان هەڵگرتووە، ئیمپراتۆریەتی عوسمانیش لە پێنج سەد

---

[٥] ) سەرچاوەی پێشوو.

[6] ) http://www.dengekan.info/dengekan/women/22043.html

سـاڵی حوكمڕانیدا، فەرهەنگی ئاسـیای ناوە ڕاسـت و ئێـران و هینـد و ڕۆمـی بـۆ هێناین ."[7]

بەڵام سـەرەڕای ئەو هەموو بار قورسـییە و قەمچی و تۆبز و کـۆت و زنجـیرەی کە دەسـەڵاتی پیاوسـالاری ، بۆ ملکەچکردن و کۆیلەکردنی ژنی کورد بەکاری هێنا، ژنی کورد توانیویەتی کەسـێتی خـۆی بپـارێزی و زۆرجـارانیش سـەرکەوتووانە ، بوونی خۆی بەسـەر کۆمەڵگادا بسـەپێنێ. هەر بۆ نموونە، سـەرەڕای ئـەو هـەموو توندو تیژییە هەمە چەشـنەی پیادەکـەرانی ئـایینی ئیسـلام لـە کوردسـتاندا، نواندییان، نەیانتوانی ژنی کورد لە هیچ گوند و لادێیـەکی کوردسـتاندا، ناچـار بکەن پەچە و عەبا و چارشـێو بپۆشـێ. لە هەموو گوندەکانی کوردسـتاندا ، ژنـان هەر ئەو جلوبەرگەیان پۆشـیوە کە لە سـەردەمی زەردەشـتییەکانەوە پۆشـراوە ، کـە ڕووبەنـد و شـاردنەوەی ڕوخسـاری تێـدا نـەبووە. دووەم، لـە هـەموو سـەردەمەکاندا، ژنی کورد هاتۆتە نێو کایە و مەیدانەکانی کار و کاسـبی و شـان بە شـانی پیاو لە بازاڕدا ئیش و کاری کردووە بە هـیچ شـێوەیەکیش عـەبا پۆش و چارشـێو بەسـەر نەبووە.

ژنی کوردەواری بە ڕەوەند و لادێنشـین و شـارنشـینەوە، هەمیشـە ئەگـەر ئەرك و کارەکانی لە هی پیاو قورسـتر و زیاتر نەبوو بێت سووکتر و کەمتر نەبووە. وەك ژنە ڕەوەند و گوندنشـین، جگە لە ئەرك و مەشـەقەتی دایکایەتی کە زۆربەیان کۆزێك منداڵیان بە ملەوە بووە، ئـەوا ڕۆژانـە کابـان و میوانبەرێکـەر و نانکـەر و جلشـۆر و گەسـکدەر و ئاوهێن و بێریڤان و ڕەزەوان و جۆتیار و سـەپان و دارکـەر و کۆڵکیش بوون. ئـیش و کـاری وەرزی سـاڵیش وەك مەڕبڕینـەوە و مشـتاغکردن و دەسـتەبەر کردنی زەخیرەی زسـتان لە سـاوار و دانـدۆك و دۆشـاوی تەماتـە و

[7] ) http://www.seroqadir.com/read.php?id=345

مێوژو سـرکە و دۆشـاو و قاورمە ، ئەوە جگە لە چنینی بەرە و جاجم و لیفکە و گۆرەوی و تەشـی ڕستن و جۆنی کوتـان و ئازووقـە هـاڕین بـە دەسـتاڕ و بـاراش ئامـادەکردن ......تـاد. جـا لەگـەڵ هەڵگیرسـانی شـۆڕش لـە سـەرەتای شەسـتەکانی سـەدەی ڕابردوو لە کوردستانی باشـووردا، ئـەرك و مەشـەقەتی ژن چەندبار قورستر بوو : ناندان و خزمەتکردنی پێشمەرگە و شـاردنەوەی منداڵ لە کاتی هێرشـی فڕۆکە و تۆپباراندا و زاق و زیقـەتی گـەمارۆی ئـابووریی سـەر گونـدەکان و کارەسـاتەکانی لەدەسـتدانی بـاوك و بـرا و هاوسـەرەکانیان لـە بەرەکانی شـەڕدا... ئەمانـە چـەند نموونەیـەکی سـەرپێیین بـۆ نمایشـکردنی بـارگرانی ژیانی ژنی لادی و کوردەواریی بیٚ بەشـکراو لـە خوێنـدن و فـێر بـوون و دکتۆر و داو و دەرمان و خۆراکی باش و جلوبەرگی گەرم و گوڕ و سەیران و گەڕان .

شـێوازی ئەرك و بارگرانیی ژنانی شـار، جیاواز بووە لەگەڵ گوندنشینان، ناڵێین وەکو هی ئەوان گران و زەحمەت بووە ، بەڵام ئەوانیش، جاران ، کۆڵی سـەر شـانیان سـووك نەبووە: هەر خێزانەی کۆڵە منداڵێکی هەبووە جگە لە مشـورگێڕان و کەیبانووی ماڵ و جێبەجیٚ کردنی کاروباری ڕۆژانە لە نانکردن و جلشـۆردن و ئـاو هێنان و ....... ئەوا دەبوایە لە ماڵەوە هاریکـاریی مێـرد و براکانیـان بکـەن بـە گوێرەی پیشـەکەیان: ژنە کەبابچی دەبوایە سـماق بکوتیٚ و ژنە تووتنچی تووتن چاك بکات و قامتە جگەرە تێکا و ژنـە لێفـدروو پـەمۆ چـاك کـات و ژنـە ڕەزەوان ڕەزداری بکات و ژنە پینەدۆز دەزوو و کشتەك بریسێت و ژنە تەونکەر ڕایەڵە و کاری خەرەککردن بکات و ژنـە ترشـیاتفرۆش زۆربـەی کارەکـان لـە ماڵـەوە ئـە نجام بدات......تـاد. ئەوانیش زەبری ئازار و ئەشـکە نجەی شـۆڕشـیان زۆر نۆشـی : زۆریان دەبوایە بە نەبوونی و نەداری سـەفەری سـەردانی هاوسـەر و براکانیـان بکەن لە گرتووخانەکانی بەغـدا و موسـل و کـەرکوك و هـەولێر . یـان دەبوایـە پریاسـکە بپێچنەوە و بۆ سـەردانی کەس و کاریـان کـە لـە شـاخ و دەشـت ودەر بوون، گوند و ئەشـکەوتە دوورەکان بکوتنەوە. ئەوا جگە لەوەی هێنـدێکیان هـەر

خۆیان خەباتگێر و چالاکوانی  شـــۆڕش بوون لە شـــارەکاندا و هــەبووە لــە تــەك هاوســەر و براکانی لە چیادا، چەك لەشــان بووە و  ژمارەیێکیشـــیان زینــدانی نێــو گرتوخانەکانی ڕژێمــەکانی بەغــدا بــوون و ئەوانــەی دوورخرانــەوە و نــەفیکراوی باشــوور و ناوەڕاســتی عیراقیش بوون ژمارەیان کەم نەبوو.... .

بەبێ دەمارگیریی نەتەوایەتی، دەڵێم: ژن لە کوردەواریدا هەمیشــە :

- شـــەرەفمەندانە، شـــانبەشــانی پیــاو ئــەرك و ئــیش و کــاری گــوزەرانی ژیانی بەڕێوە بردووە.

- خاوەن کەســـێتیی خۆی بووە و ئەو پەڕی ڕێزی لــێ گــیراوە و جوامێرانــە و جەســوورانە خزمەتی  خاك و نەتــەوەی کــردووە .( ژنکوشـــتن و بــە کۆیلــەکردنی، نەریتێکی هاوردەی بیروباوەڕێکی ســە پێنراوی بەدەر لە ڕەوشــتی کوردەوارییە و ڕەگ وڕیشــەی لە مێژینەی نییە، بە فرمان و دەســتی پیاو، لە پیناوی  پیاو ســـالاریدا ، جێبەجێ کراوە. ) ڕیزبەندیی ناوی ئەو شــۆڕەژنانەی لــە مێــژووی نزیکــی کــوردا، ڕۆڵی بەرچاویان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا هەبووە ، کورت نییــە، لــە شــەرەفنامەی شـــەرەفخانی بەتلیســیدا ســێ ژنــی  کــورد ناویــان هــاتووە: ئیڤیــا جەلــەبی و حەلیمــەخانی هــەکاریی و بەدریــەخان، لــە بەڵگەنامەکانیشــدا نــاوی  زومــرەدە خاتوونی خوشکی ســەلاحەددینی ئەیوبی و شەهیدە دەینــەوەری عەباســی و قــەدەم خێری فەیلی و خانزادی ســۆران و عادیلــەخانی وەســـمان پاشـــی دایکــی هــەردوو شــاعیر تایەر بەگ و ئەحمەد موختار و مەستوورەخانی ئەردەلانی و خاتوو شــانازی ئەردەلانی و عائیشە تەیمور و مەلیکە هــوادادا و  حەپســەخانی نــەقیب و خــاتوو نەغەدەی کۆماری مــەهاباد ـ کــە هــەردوو چــاویان هــەڵکۆڵی ـ [٨] نەجیبــە خــانی

---

[٨] ) عەلی خەزنەدار، ئافرەتە ناودارەکانی کورد، چ.٣. چاپخانەی چوارچرا. هەولێر ٢٠١٣. ل. ٧٧

جەلیزادە و لەیلا قاسم و عەیشە گوروکە و زەهوەی زاهیری کەریمی گـۆدە و عەیشـێ عەباسی و خۆشکە فریشتە و لەیلا زانا و حەزینە کۆیی.....تاد.

- جگە لەو کاریگەریانەی کە کە ژن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا هەیـەتی و ڕەنگدانەوەی تێدا کـردوە، ئـەوان خـاوەن زمـانی خۆیـان و زۆر ڕۆڵـی گـرینگ لـە دەوڵەمەند کردنی زمان و کلتوور و فۆلکلۆری نەتەوەدا هەیە و گە نجینەیێکی یـەکجار بەنرخیان بە نەوەکان بەخشیووە. چـونکە" پیشـەکانی ژنـان زیـاتر پشـت بـە پەیوەنـدی دەبەسـتن، بۆیـە بنـەمای هاوکـاری زیـاتر لـە ئاخاوتنەکانیانـدا ڕەنگدەداتەوە، بە پێچەوانەی پیاوان، کە زیاتر بنەمای هێز لـە ئاخاوتنـەکانیان بە دی دەکرێت." [٩]

---

[٩] ) م.ی. هێمن عەبدولحەمید شەمس ، د. شـێرکۆ حەمەدەمین قادر، شـێوازی ئاخاوتنی ژن لە کۆیە. گۆڤاری زانکۆی کۆیە ژمارە ١٤. ل. ٢٧٠.

# پـانـۆڕامـای

# ژیـان و گـوزەرانی لە کۆیێی جـاراندا

خوێنەری ئازیز، پێش ئەوەی بێینـە سـەر باسـی ڕۆڵـی ژن لـە پیشـە و پیشـەوەری جاراندا ، وای بە باش دەزانم سـکێچێکی دیمەنی ژیان و گوزەرانی ئەو سـەت سـاڵەی دوایی ـ ( ١٩١٥ ـ ٢٠١٥ ) ی ـ خەڵکی شـاری کۆیەتان بۆ بکێشـم لـە ڕووی باری کۆمەڵایەتی و شـارسـتانییەوە. بەندە هەمیشـە خولیـایی ئـەوەم کـە زانیارییەکان پاڵپشـتی سـەرچاوەی باوەرپێرکراویان هەبێ و خۆم بە دوور دەگـرم لە کاری مزاجی تاکرەویی بێ بەڵگە و بنەما. هەر بۆیـەش بابەتەکـەم بـە سـەت ساڵ سـنووردار کرد ، چونکە خۆم شـایە تحاڵی نیو سـەدەی ئەو دەوورانـەم و بـای ئەوەنـدەش بەڵگـەی تۆمـارکراو و کولتـووری میللـی نووسـرا و زارەکـی کەسـە بیرتیژەکانمان لەبەر دەسـتە، کە جێگەی متمانە بن. بەندە هەرگیز ناڵێم، مێژووی کۆیە بۆ پتر لە حەوت هەزار سـاڵ پێش ئێسـتا دەگەڕێتـەوە، چـونکە بەڵگـەیێکی سـەلمێنراوی ئەکادیمیم لەبەر دەسـتدانییە، بۆ ڕەوایی قسـەکەم بیخەمە بەرچاوی

خوێنەر.[10] ـ ئەمە مانای ئەوە نییە کە مێژووی کۆیە کۆن نییە ، من دەڵێم ئێستا، بەڵگەم لەبەر دەستدا نییە و ئەوەی دەگوترێت تۆز و خۆڵی گومانی لێ دانەتەکێندراوە ـ

لەم کتێبەدا، زاراوەی ( ئەنترۆپۆلۆژیی پیشەوەری )م بەکارهێناوە، چونکە زاراوەکە ـ ئەنترۆپۆلۆژیا ) زانستی توێژینەوەیە دەربارەی ( مرۆڤ )، کە ئەمیش چەند لق و پۆپێکی لێ دەبێتەوە، وەك ئەترۆپۆلۆژیی کولتووری ( cultural anthropology ) ، کە پەیوەستە بە کار و کاسبی خەڵکی کۆمەڵگایەك ، هەروەها ئەترۆپۆلۆژیی بایەلۆژی ( biological anthropology, ) کە باسی گەشەکردنی درێژخایەنی ئۆرگانەکانی مرۆڤ دەکات . جا ئەم دووانەش بەیەکەوە گرێ دەدرێن بە ڕشتەیەکی دیکە کە پێی دەڵێن ( archaeology )، کە ئەویش خەریکی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیە لەبارەی ڕابردووی کولتووریی مرۆڤ بە پشت بەستن بە بەڵگە و دۆکیۆمێنتە بەردەستەکان.[11]

شاری کۆیە، لە ڕوانگەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە، جۆرە تایبەتایەتییەکی خۆی هەیە کە، بە شێوەیەك لە شێوەکان جیاوازیی هەیە لە گەڵ پێکهاتە و توخم و بنەما کۆمەلایەتییەکانی هێندێ شاری دیکەی کوردستان,کە دەکرێ بەم دەستەواژەیە پێناسە بکرێ :" ئۆرگانە بنەڕەتییەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی شاری کۆیە، چەند بنەماڵە و بەرەباب و چین و توێژێکی هەمەڕەنگی هاوبەش و هاوبەرژەوەندی مێژووی خۆژی و خێرخواز و مرۆڤدۆستن، دەرهاویشتنە دەرەوەی

[10] ) بەندە، ١٢٠٠ لاپەڕەی دەفتەر، ڕووداو و کارەساتەکانی کۆیەی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٣ تا ١٩٧٥ ) ڕۆژ بە ڕۆژ و سعات بە سعات، تۆمار کردبوو، بە داخەوە ، من لە ڕومادی مامۆستا بووم و لە کاتی ماڵ جیابوونەوەی دایکم لە ماڵی باوکم و گوازتنەوەی شتومەکدا ئەو دەفتەرانە بزربوون.

[11] ) https://en.wikipedia.org/wiki/Anthropology

هەر یەك لەم ئۆرگانە بنەڕەتییانە لـەم پێكهاتەیـەدا، لاســـەنگی و ناتــەبایی و نائـــارامی و نیگـــەرانی لێدەكەوێتـــەوە. كتومــت وەك توخمـــە ســـەرەكییەكانی پێكهاتــەی ( هــەوا ) وایــە، دزینــەوەی تــوخمی ئۆكســـجین یـــان نـــایترۆجین یـــان هایدرۆجین، لە پێكهاتەی هەوا، هەموو سـیفەت و ئەركە سـەرەكییەكانی ( هــەوا ) لەناو دەبات و دەرهاویشـتەیەكی خرا پیشی دەبێ! ڕەنگ بێ ئــەم پێناســـەیە، بــۆ بەژن و بـالای هێندێ شـاری كوردسـتـان تەسك و ترووسـك و نەشـیاو بێـت، چـونكە پێكهاتەی كۆمەلایەتی هەیە لەسـەر یەك تـاكـە كۆڵەكـەی عەشـــیرەتگەری یـــان تـایفەگەری یان بنەماڵەیی و یان چین و توێژ ڕاوەســـتـاوە. لــە دیـدی منـدا، ئــەم پێكهاتـەیە ( دەسـكەگوڵە ڕەنگینە )، زۆر بەتۆخی ڕەنگدانەوەی لە بونیاتی مێژووی شـــارەكەدا بەرجەسـتە كردووە، بەواتـایەكی دیكە، گـەورەیی و نـــاو و شـــوهرەتی جوانی ئەم شــــارە قەرزاری توخمە پێكهێنەرەكانیەتی، ئەگەر كۆیە یـەك ڕەنــگ و یەك دەنگ و یەك بیر بوایە، ئەوا ئەم كۆیەیەی ئێستا و ڕابردوو لەئارادا نەدەبوو. بۆ خســتنە ڕووی بیرۆكەكە، ڕاشـــكاوانەتر، پێكهاتــە كۆمەڵایەتییەكـەی شـــاری كۆیە بە سـەر ( ٤ ) هۆبە پۆلێن دەكەم، بەڵام حــەز دەكـەم پێشـوەخت دوو ڕاســـتی تۆمار بكەم:

یەکەم: هیچ کام لەم هۆبانە، سەت لە سەت، گۆشەگیر و بەند و دەروێش و مور یدی هەموو تایبەتایەتییەکانی هۆبەکەی خۆی نییە. هەیە کوڕە ئاغایە و هەڵگری بیری مارکسییە، هەیە لە بنەماڵەیکی ئایینی ناودارە و سێکولارە. هەشە لە چینی ڕەش و ڕووتەو قامچی دەستی بێگانەیە. واتا پۆلینکردنەکە ڕێژەییە نەك ڕەهایی.

دوو: لە ناو ئەندامانی هەر یەك لەم هۆبانە، وەك هەموو کۆمەڵگایەکی دیکە، (٣) ئاستی گوزەرانی بوونی هەیە: دەوڵەمەند و هەبوو / چینی مام ناوەند / دەستکورت و هەژار.

ئەمەیش نەخشەی پۆلینکردنەکەیە:

یەك: دوو بنەماڵە ناسراوەکە:

مەبەست لە دوو بنەماڵە ناودارەکەی کۆیەیە: بنەماڵەی حەویزییان و بنەماڵەی غەفورییان کە خاوەن دەسەڵاتی ئابووری و دارایی و کۆمەڵایەتی و تا ڕادەیەکیش (لەشکریی) بووینە و تا کۆتایی سەدەی نوزدەم هەمیشە کیشمەکیش و ناخۆشییان لە نێواندابووە، تا دواتر، لە ڕێیی ژن و ژنخوازییەوە ئاشت دەبنەوە و ئاشتەوایی نێوانیان کۆتایی بەو شەڕو ناخۆشییانەی چەند ساڵەی نێوانیان دێنێ. ئەم دوو بنەماڵەیە دەست ڕۆیشتوو بووینە و باری ئابوورییان هەمیشە لە تێری دابووە ـ بە تایبەتی بۆ سەرانی پۆپەی هەرەمە کۆمەڵایەتییەکە ئەوان ـ وپلە و پایەیی کۆمەلایەتییان، بە شێوەیەکی گشتی بەرز سەیرکراوە. بەدەر لە هێندێ پەرچەکرداری پارتە چەپەکانی دوای شۆڕشی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨، دژ بە ئاغاکان، کە دوو سێ ساڵێکی خایاند، هیچ گرژی و ئاشووب و ناخۆشییەکی کومەڵایەتی نەبینراوە. بالی ئەم دوو بنەماڵە سێبەرێکی گەورەیان لە خۆشی و ناخۆشیدا بە سەر شارەکەدا هەبووە ، فرمان و داواکاری و ڕەفتاری ڕۆژانەی ئەوان کاردانەوەی لەسەر ژیان و بژێوی خەڵکی ئاسایی شارەکە و دەڤەرەکەدا هەبووە ـ هەر نەبێ تا نیوەی یەکەمی سەدەی

ڕابردووـ . لەم دوو بنەماڵەیەدا، لە پیاو و ژن، زۆر کەسی ماقول و دەمڕاست و لێهاتوو هەڵکەوتوون کە ڕۆڵیان لە نەخشاندنی مێژووی وراتی کۆیەدا هەبووە. چونکە هەبوو بوون، زۆریان، خانووەکانیان کۆشك و تەلار و قەسر بووە وخۆیان و ژن و خاو وخێزانیان پۆشتە و پەرداغ بووینە و زۆربەی منداڵەکانیان خوێندەوار بوون.گەشت و گەڕان و سەفەریان هەبووە. ئەمە مانای ئەوە نییە کە هەر هەموو ئەندامانی ئەم دوو بنەماڵەیە وا ژیاون ـ وەك پێشتر ئاماژەم پێدا ـ.

دوو: خاوەن مولْك و بازرگانەکان:

ئەم بنەماڵانە، لە ژمارەدا، وەك دوو بنەماڵەکەی سەرەوە، زۆرنین، بەڵام خاوەن دەسەلاتێکی کاریگەر بوون لە ژیان و بژێوی شارەکەدا، ئەوان سەرمایەدارەکان بوون، کە هەم سەروەت و سامانەکەیان دەسکەوتی ڕەنجی خۆیان و باب وبا پیرانیان بووە و هەم خاوەن ئەقلی بازرگانی و تیجارەت بوون. لەسەرەتادا وەك مەلاکی گەورە بەدیار کەوتن، لە دواییدا، لە گەڵ ڕۆژگاردا، لە ڕێگای بازرگانیی کردنەوە، بە تایبەتی بە تووتن، بوونە سەرمایەداری گەورە ـ کە نامەیـ لێرەدا بچمە بنج و بنەوانییەوە ـ . وەك پێشتر ئاماژەم پێدا، هیچ تەیمان و شووره ودیوارێك لە نێو ئەم هۆبانەدا نییە کە کونگر یتی بێت ـ هەر بۆ نموونە: بنەماڵەی غەفووری وساڵحی دوو لقی یەك دارن و کاتێك باسی غەفووریان دەکرێت دەبیٚ باسی ساڵحییان بکرێت. بەڵام ئەمە تایبەتایەتیی بنەماڵەی ساڵحییەکان قۆرغ ناکات . ئەوان ـ ساڵحییەکان ـ وەك کەسانی هاوشێوەی خۆیان، لە ڕێی توجارەتەوە جیٚ پەنجەی خۆیان لە خزمەتگوزاریی شارەکەدا بەرجەستەکرد، لە کاتێکدا هەردوو گەورە پیاوی کۆیە: حەماغای غەفووری و حاجی بەکراغای حەوێزی خاوەن فەلەفەی خزمەتگوزاری تایبەت بە خۆیان بوون ـ کە کتێبیان لەسەر نووسراوە ـ.

چونکە ئەم بنەماڵانە خاوەن سامانی گەورە بوون، خانووبەرەکانیان دیار و بەرچاو بووە و ناوماڵەکانیان کەرەستەی گران بەهای تێدا بووە . بە حوکمی ئەوەی

که منداڵەکانیان خوێندەوار بووین و زۆر سەفەرو گەڕانیان هەبووە، دەستپێشخەر بوون لە گەیاندنی سیمای ژیانی سەردەم. زۆربەی خانووە پاشماوەکانی ئێمڕۆی کۆیە، کە بۆون بە شوێنەوار، میراتی ئەو بنەماڵانەن.

سێ: بنەماڵە ئایینییەکان:

ئەم بنەماڵانەش خاوەن پایە و مەقامێکی بەرز بوون، جا بنەماڵە ئایینییەکان چ مەلا بن و چ شێخ، لە ڕێی مزگەوت و تەکییە و مەجلیسی خوێندنەوە جگە لەوەی کە خەڵکیان لە دەوردا کۆ بۆتەوە و هەریەکەی بە گوێرەی هاوسەنگیی بەرژەوەندی نێوانیان سوودیان لەیەکتری وەرگرتووە، کاریگەرییان، لە دوو ڕەهەندەوە بەسەر شارەکەدا هەبووە: لە لایەك وەك ڕێبەری ئایینی و خوێندن و مەعریفەت خێریان داوەتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە وەك دەمراست و ریش سپیی شارەکە کۆڵەکەیەکی پتەوی ڕاگری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بوون، لە مەجلیسی ئەواندا، هەموو ڕەنگ و توێژ و چینەکان بەیەکەوە دادەنیشتن. چونکە کۆمەڵگەی کوردەواری، باوەڕدار و خواپەرستی بی غەل و غەش بوون، ئەو پەڕیی ڕێز و حورمەتیان بۆ ئەم بنەماڵانە ئایینیانە هەبووە.

چوارەم : چینی پیشەوەر و کاسبکار و کارکەر:

بەوکەسانە دەگوترا کە بە ڕەچەڵەك ناچنەوە سەر ئەو سێ توێژەی لەسەرەوە باسمان کردن. ئەوانیش بە گوێرەی ئیش و کار و جێگەو پێگەیان، دەکرێ بۆ چەند توێژێك پۆلین بکرێن، وەك توێژی پیشەوەر و کاسبکاران، توێژی باغچەوان و ڕەزەوانان، توێژی غەرییە و بێ ئیش و لانەوازەکان. کە مامۆستا (تایەر ئەحمەد حەویزی) بە کورد و کرمانج ناویان دەبات : " (کورد)ەکان ئەمانەن، کە تەنیا خەریکی مەڕو مەڵات بەخێو کردنن و لەم

دواییەشــدا فێری دەغڵ ودان چاندنیش بوون. لە دەوروبەری ســاڵانی (١٨٣٠) دا لــە بەری وڵاتی سـلێمانیەوە هاتوونەتە بەری کۆیە. (کرمانج)یـش لە وڵاتی کۆیە بەو لادێیانە دەگوترێ کە عەشـیرەتێکی ناسـراویان نەبێ و یـا لـەم لاو لـەو لا پـەیا بــووبن و لــە گوندێکــدا کۆبووبنــەوە و بــە ژن لێکهێنــان خزمایــەتییان پەیــدا کردبی."[12]

ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە، بە درێژایی مێژوو چەوســـاوە و هــەژار و بێــدەرەتان بووینە، هەرچەندە پیشــەوەری ئەوتویان تێدا هەڵکەوتووە کە دەستمایەی باشــی هەبووە، بەڵام بە گشــتی دەســتکورت و نەبوو بوینە و ژیانیان لەســـەر ئــەو نانــە بووە کە ڕۆژانە پەیدایان کردووە، ئەو ڕۆژەی کاریان نەبووە نانیان نەبووە. چــونکە باری گوزەرانییان خراپ بووە، زۆربەیان کرێگرتە بووینە و ئەوەی خانووی خۆشـــی هەبوو بێ، ئەوا خانووەکەی کە لە قوڕ و خشــت و دارەڕێ دروســـتکراوە ،هــەر یــەك دوو هۆدە بووە، زۆریان ســەرشــۆرکیان هەبووە ، لە جیــاتی حــەمام، بــۆ خۆشـــتن، ســەرشــۆرك، گوشــەیەکی کراوەیە لە یەکێ لە هۆدەکان بۆ خۆشــتن بــەکار دەهــات، بە ســتڵ و مەنجەڵان ئاویان بۆ دەهێنا. هەموو ماڵێــك ئاودەســـتی خــۆی نــەبووە، پیاوەکان دەچوونە مزگەوت و ژنەکانیــــش یــان ئــەوەتا دەچــوونە قولەتینــەکانی گەڕەکێ[13]، یان ســەر بیرەکانی کە لە ماڵاندا لێدرابوون[14]. یــان دەچــوونە مــاڵێکی

[12]) تایەر ئەحمەد حەوێزی، مێژووی کۆیە،بەرگی دووەم، چاپخانەی نەمیر،بەغدا، ١٩٨٤،ل. ٨٤.

[13]) قولەتێن، ئاوێکە کە قوڵیی تا ئانیشکە، جاران لە کۆیە چەند قولەتێنێك هەبوون بە ناوی : قولەتێنی سیسە (قەڵات) و، قولەتێنی گۆرانان (بایزاغا) و قولەتێنی مـەلاکۆرە (قــەڵات) و قولەتێنی خێراتان (بایزاغا) و قولەتێنی ماڵی سمایلی مەلا خالیدی و قولەتێنی حەوشی مــاڵی تایەراغای (قەڵات) و قولەتێنی ماڵی خەلیفەی عەودالانی. وشەی قولەتێن لە زمانی عارەبییەوە وەرگیراوە ، واتا دوو جەرکەی ئاو. (قل) بە مانای جەرکــەو شــەربەی ئــاو دێ و (قلــتین) واتــا دوو جەرکەی ئاوێ.

دراوسیٚ كه ئاودەستی هەبیٚ كه پێیان دەگوت ( ئەدەبخانە یان خەلا ). له پشت دەرگای حەوشەش شوێنێكیان بۆ بەخێوكردنی ئاژەڵ تەرخان كردبوو، لە نێو زۆربەی خانووەكاندا حەوزەئاوی بچووك هەبوو و ئاگردان و ئەستێركی چەند چاوە هەبوو بۆ نوێن لەسەر دانان و پڕوپریاسكە و دیزە و كۆسكەی پێویست. [15] خێزان و ماڵ و منداڵی ئەوان پۆشتەوپەراغ نەبوون و جل وبەرگیان كۆن و پینەكرابوو و ساڵانە بەرگەكانیان لە خمدەگرتەوە بەتاییەتیش خام، یان ڕەنگڕێزیان دەكرد. ئەگەر ژمارەیەكی كەم لە منداڵەكانیان چووبانە سوختەخانەكان دەنا زۆربەیان نەخوێندەوار بوونە و هەر شاگردی و بەردەستیی و كریكارییان كردووە. لەبەر هەژاری، خۆراك و خواردنیان هەر ئەو شتانەبووە كە لە گەنم و نیسك و نۆك وماش و بەرهەمە كشتوكاڵییەكان و بەروبوومی مەڕو ماڵات بە دەست كەوتووە. ـ مەسعود محەمەد ناوی لەو خواردن و خۆراكەناوە : ڕەشەشێو ـ [16] برنج هەر جەژنان یان مانگیٚ یەك جار لێندراوە. چا تازە هاتبووە كۆیە و بە قەسپ دەخورایەوە. قاوەڵتیی بەیانیانیان هەر نیسك و نۆك و پلاو هەرشتە و ماست و پەنیر بوو. چا ڕۆژیٚ یەك جار لێدەندرا دوای ساڵی ۱۹۳۰ بوو بە دووجار[17]. بۆ نانی نیوەڕۆ ساوار و برووش و پیرخەنی و گەرماو( گەنم و نۆكی

---

[14] ) مامۆستا تایەر ئەحمەد ئاماژە بەم بیرانە دەكات: بیرۆكەی بەفریقەندیان، بناوان، بیرۆكەی بن مزگەوتی پەلكی، بیرۆكەی ماڵی حاجی كاك ئەحمەدی، بیرۆكەی كن ماڵی مەلا عەبدوڵلا ی بێتوشی ـ نزیك سەرا بووـ، بیرۆكەی ماڵی مستەفا اغا لە گەڕەكی هەواوان.

[15] ) ئالان غەفوری، بونیاتی كۆمەلایەتی كۆیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر ، ۲۰۱۵ . ل. ۳۰.

[16] ) مەسعود محەمەد، حەماغای گەورە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ۲۰۱۰ . ل. ۳۱

کولاّو ) یان دەخوارد. ئاشی ئێوارەیان نیسک وماش و حەلاوا و دۆشا و خورما بووە ، هەر ئاروو و تەماتەوە و بەروبوومی کشتوکاڵییان هەبوو ـ تا ساڵەکانی پەنجاکانی سەدەی ڕابوورد، نانیان بە کاڵەك و شووتی و پەلکە توور و خەیار دەخوارد ـ.[18]

ئەم بارە کۆمەلاّیەتییەی باسی دەکەین، بە گوێرەی ڕۆژگارەکە، هەڵبەز و دابەزیی بە خۆیەوە بینیوە، بەلاّم بەگشتی، بارودوخی ژیان و گوزەرانیان تا بلّێی سەخت و قورس بووە بە تایبەتی لە سەردەمی شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی دا، کە سەفەربەلگ و ساڵی گرانیشی کەوتە ناو ، و سەردەمی پەلاماردانی کوردستان دوای ساڵی ( ١٩٦١ ) لە لایەن حکوومەتە چەنگ بەخوێنەکانی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی بەغدا. بە درێژایی مێژووی ئەو سەردەمانە ، ئەو چینە هەژار و بێکەس و داماوانە، سووتووی ئاگرەکانی شەڕ و ناخۆشیی و یاخی بوون و شۆڕش و ڕا پەڕینەکان بوون، جا چ وەك شۆڕشگێر و چەکداری یاخی بوو و پێشمەرگە، یان چ وەك جاش و پیاوی دەسەلاّت، یان چ وەك سیڤیلی بێ چارەی نێوان دوو بەرداش.

ئەم چین و وێژە کە زۆرینەی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە بوون، ئەوا جگە لە ئارەق ڕشتن و هەبوونی و نەبوونی، زۆریان لە زیندان و بەندیخانە و ئەشکەوت و

---

[17] ) لە کتێبی مەلا مەعسووم هەورامی ، نووسینی د. عوسمان دەشتی دا هاتووە:" لە ساڵی ١٩٠٦ ) ماڵی مەلا خدر دەگەڕێنەوە کۆیە، ڕۆژانە چەند جارێك چا لێدەنێن، لە کۆیەش چا خواردنەوە نەریتێکی تازە و نوێ بوو، بۆیە خزمان پێیان گوتوون، ئەو مەسرەفەی لە شەکر و چایی دەیکەن ، دەتوانن کۆڵەگەی ماڵەکەتانی پێ لە زێڕ بگرن." چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ٢٠١٥. ل. ٥٩

[18] ) لە ساڵەکانی ١٩٦٠ لە ماڵی نەنکم ئێواران نان و خەیار ،( تەرۆزی، تەماتە ، کاڵەك ، شووتی )م خواردووە.

چیاوچۆل دا ژیانی کوولەمەرگییان بەسـەر بـردووە. ژمارەیەکیشـــیان نـەفیکراو و دەربەدەری شـاران بوون. ئەم چین و توێژە تـا بلێـت بەدبـەخت و چـارەڕەش بـوون، مامۆسـتا تـایەر ئەحمەد حەوێزی ، لە کتێبی ( مێـژووی کۆیـە ) دا دەنووسـی :" لە سـاڵی ( ١٩٦٠ ) زۆری ڕەزەوانەکان ، توانـایان نەبووە، کەرێکیـش بکڕن. "[19]

بەگوێرەی سـەرژمێری سـاڵی ( ١٩٥٧ ) ڕووبەری قەزای کۆیە ( ١٩٨٤ ) کم[٢] بـووە و لە سـاڵی ( ١٩٧٨ ) فران بووە بۆ ( ١٩٩٤ ) کم[٢]، واتـا لە ماوەی ( ٢١ ) سـاڵدا تـەنیا ( ١٠ ) کم[٢] زیادی کردووە ، ئەمەیش بە هـیچ شـێوەیەك لـە گـەڵ ڕێـژەی زیـادبوونی دانیشـتووانەکەیدا هاوسـەنگ نەبووە، دوایین ژمارەی دانیشـتوانی شـاری کۆیە بە گوێرەی سـەر ژمێریـی سـاڵی ( ١٩٥٧ )، تـەنیا ( ٨٤٨٢ ) کـەس بـووە و لـە چـوار گەڕەکدا بە نـاوەکانی گەڕەکی قەڵات و بـایزاغـا و بەفریقەندی و هەواوان ژیـاون [٢٠] و لە سـاڵی ( ١٩٨٧ ) دا ژمارەکەیان گەیشـتۆتە ( ٣٩٤٥٣ ) کەس[٢١] واتـا چـوار هێنـد و نیو، زیادی کردوە و هەر ( ١٠ ) کم[٢] شـارەکە فراوانتر بووە. دەبی ئەوەش لەبەر چـاو بگیرێ کە لە ئە نجامی توندو تیژیی ڕژێم، چەندان ماڵ بە خاووخێزانەوە کۆیەیان بە جـێ

---

[١٩] ) سـەرچاوەی پێشوو.ل. ٢١.

[٢٠] ) تـا ساڵی ( ١٩٤٠ ) گەڕەکی بـایزاغـا، لە دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانیدا لە کۆیە، لە پێـــشەوەی هەموو گەڕەکەکان بووە. ئەمەیش لەبەر ئەوەی زۆربەی پیـشەوەر و پیاوەکـانی ئـایینی نیشـتەجێ ئەم گەڕەکە بووین. گەڕەکی بەفریقەندی ڕیزبەندی دووەمـی هـەبووە ، زۆربـەی تـاجیرەکـان لـەوێ ژیـاون، و گەڕەکی هەواوان لە هەموویان هەژارتر و موسکینتر بوون، زۆربەیـان ڕاوکەر بووین و سـەگ و تووله و تـاژییان ڕاگرتووە، بۆیە گوتراوە:" هەواوان صەیان زۆرترە لە پیاوان"، بۆیە ئیمڕۆ، بە دەگمەن خانووبەرە و کۆشـك و تەلاری جوان و گەورە لەم گەڕەکەدا دەبینی.

[٢١] ) ئـالان غەفوری، بونیـاتی کۆمەڵایەتی کۆیە، چاپخانەی شـەهاب، هەولێر ، ٢٠١٥ . ل. ١٥ وە ل. ٢٦ .

هێشتووه و چەندان کەس پێشمەرگە بــوون و نــاونووس نــەکراون. لــە کۆتــای چــلەکان و ساڵانی پە نجاکاندا چەند جادەیەکی نوێی بۆ دروست کرا کە تــا رادەیــەك سـیمای شــاری گۆڕی وەکو جادەی نێوان فلکەی حاجی قادری کۆن و کتێبخانەی گشتی ئیستاو جادەی نیوان قوتابخانەی سانەوی و تا دەگاتە بینایەی سەرا و هەر وهــا جــا دەی ئیسـکان و جــادەی ئیستای نیوان فلکەی حاجی قادری کۆن و تا دەگاتە نزیك گەراجی کون.

تا ناوەڕاسـتی سـەدەی ڕابرددوو سـێ گەرماوی گشـتی بـە نـاوی ( حـەمامی پیســکان و حــەومامی ناوەنــدیێ و حــەمامی حەســەناغا و دوای شــۆڕشـــی ( ١٤ گولاوێژی ١٩٥٨ ) یش حـەمامی جـەمهوری کرایـەوە. ئـەوا جگـە لـە نزیگـەی ( ٢٢ ) مزگەوت و تەکیە و چەند دامودەزگایەکی حکوومی بـۆ بـەڕێوەبردنی ئـیش و کـار و مشــوری شــارەکە. لە نێوان ئەو ( ٤٠ ) ســاڵە حکومرانییەی نێوان هاتنی ئینگلیزەکان لە ( ١٥ ـ ١٢ ـ ١٩١٨ ) تــا بـەرپابوونی شـۆڕشــی ( ١٤ ی تـەموزی ١٩٥٨ ) جگـە لـە کردنەوەی چەند قوتا بخانەیەك و دامودەزگایەکی مـیری و بــڕینی ڕێگــای کۆیــە ـ ڕانیە ، هیچ گۆڕانکارییەکی ئــەوتۆ بەســەر شـــارەکە دا نــەهات کــە ڕوخســـار و نەخشــەی شــارەکە و باری شــارسـتانییەتی خەڵکەکە لە بارێکەوە بگوێزێتەوە بــۆ بارێکی دیکە. سـیمای دوو جۆرە ژیانی کۆمەڵایـەتی لــە هــەموو بــوار و کایــەکانی ژیاندا دیار بوو: چینی باڵا دەسـت و خاوەن هێــز و دارایــی ـ کــە لــە دەســـتی دوو بنەماڵەکە و تاجیر و بنەماڵە ئایینــەکان دا بــوو، و چــینی ڕەش و ڕووت و هــەژار و دەســتکورتی ڕەعیە و خەڵکی ئاســایی دەڤەرەکە کە باغچــەوان و جووتیــار بــوون. خاڵێکی درەوشــاوەی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو چینە ئەوە بووە، کە هەردوو کیان لە خۆشــی و ناخۆشــی یەکتری بەشــدارییان کردووە ، هەر بۆ نموونــە ئــەو بنەماڵانــە هەمیشــە لە ڕیزی پێشــەوەی پرســە و بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا بوون لە گەڵ چینی هەژاراندا ، تەنانەت، لەگەڵ خەڵکی شــاردا دەچوونە حەمامی گشــتی و ســەیران و گەڕانیش. لە کۆتایی ســەدەی ڕابوردا ، ژن و ژنخــوازیش لــە نێــوان هــەموو چــین و توێژەکانی شــار بوو بە داب و نەریتێکی ئاســایی و ئەو کوتە شـکێنرا کــە پێشـــتر

لە نێو هێندێ بنەماڵەدا هەبوو کە وابەستە بوو بە ژن خواستن و هینان لە نێوخۆیاندا.

دوای گۆڕانی ڕژێمی پاشایەتییعیراق بۆ کۆماریی، شاری کۆیە بزووتنەوەیکی بەرتەسکی خانووبەری بەخۆیەوە بینی، ئەوە بوو چەند گەرەکێك بونیاتنرا وەك گەڕەکی دڵدار ( ئێسکان ) و گەڕەکی سەرباغ و گەڕەکی جەمعیە. لە لایەکی تر چینی مامناوەندی خوێندەواری، زۆر بە گەرم و گوڕی هاتە نێو مەیدانەکە، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو، بەدەگمەن خێزان لە کۆیەدا هەبووە چەند مامۆستایێکی بنەڕەتی و ناوەندی نەبوو بێ. مامۆستای کۆیی لە شاری ( فاو )ەوە تا پژدەر و قەلادزێ خوێندکاریان دەرسدەدا. ئەوان بە سەر هەموو شار و شارۆچکەکانی عیراقدا دابەشکرا بوون.[٢٢]

باری ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی شاری کۆیە و دەڤەرەکەی ، وەك هەموو شوێنەکانی دیکەی کوردستان ، لە ماوەی ئەو ( ٣٠ ) ساڵەی نێوان هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول ( ١٩٦١ ) و ڕا پەڕینی ( ١٩٩١ ) دا تا بڵێیت سەخت و دژوار و مەرگەسات بوو. ڕەنگ بێ، شاری کۆیە، لە ریزبەندی کوشت و کوشتار و وێرانکاریدا لە دوای شاری هەڵەبجە و گوندە ئەنفالکراوەکانی کوردستان بێ . سێ دیاردە بەرچاو پشتی ئەم شارەیان شکاند:

١) لە گەڵ تێکچوونی بارودۆخەکە و زۆریی شالای سەربازیی و شەڕ و پێکدادان و لەبارچوونی ئەمن و ئاسایشی شارەکە ، زۆربەی تاجیر و سەرمایەدارەکان ڕوویان لە بەغدا و شارەکانی دیکە کرد.

[٢٢] ) بەندە، دوو ساڵ لە شاری رومادی دەرسم گوتوتەوەو. ( ١٩٧٥ ـ ١٩٧٦ ).

٢ ) ژمارەیەکی بەرچاو لە لاو و خوێندکار و مامۆستا و فەرمانبەر و کەسایەتییەکانی کۆیە چوونە شاخ و ڕژێمی خوێنڕێژی بەعسیش، بە ئاگر و ئاسن کەوتە گیانی ئەو شارە، ڕۆژ نەبوو شەهید نەدات و ماڵی تێدا تالآن نەکرێت و نەسووتێندرێت ـ ئێستاش پاشماوەی هێندێکیان هەر ماوە ـ [٢٣]

ڕژێمەکانی بەغدا گەمارۆیەکی ئابووریی زۆر سەخت و توندی و تیژیان بەسەر شارەکەدا سەپاند. لە کۆیە، وەك شارەکانی دیکەی کوردستان، . هەموو شت بە پسووله و دائیرەی ئەمن و پۆلیس بوو. هەناردەکردنی نیو کێلۆ شەکر یان دوو گالۆنە نەوت یان دوو دنکە حەب بۆ دەرەوەی شار، کافی بوو بۆ لە سێدارەدان. ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارەکان دەستیان لە خوێندن هەڵگرت و بوون بە پێشمەرگە[٢٤]. ڕووبەری شارەکە نەك فراوان نەکراو و گەشەی نەکرد، بەڵکو قەدەغەبوو خانووی داتە پیووی خۆشت نۆژەن بکەیتەوە تا کار گەیشتە ئەوەی لە ساڵی ( ١٩٨٨ )دا کویە کرا بە گوندێك و ناوی ( عمر ابن الخطاب ) یان بەسەردا بڕی و تەق تەقیش کرا بە گوند ناویان لێنا ( قریه العزیزیه ) .

٣ ) زۆر لە خێزانەکانی کۆیە چوونە شاخ، هێندێ ماڵە پێشمەرگە لە ساڵی ( ١٩٦٣ ) دا بە پێخواستی دەرکرانە شاخەکان و لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولیش و سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێ، زۆریان بۆ باشوور و ناوەندی عیراق، بێ خەسڵەتی تایبە تمەندی خۆی هەیە، بەبێ مەرایی کردن، کەسێتی بەرز و پایەداری ژنەکانی کۆیە، یەکێکە لەو تایبە تمەندییە پیرۆزانەی کە هەمیشە ئەم دەڤەرە شانازی پێوە دەکات پیاو و مووشورگێڕ، نەفی کران، . ئەوەی بەسەر ئەو

---

[٢٣] ) پێشنیار دەکەم کە یەك دوو خانوو لەوانەی وێرانەی دەستی بەعسن ، پارێزگارییان لێبکرێت و وەك پاشماوەی زوڵم و ستەمی دوژمن، بۆ نەوەکانی داهاتوو لەبەر چاو بێت و چاککنەکرێنەوە.

[٢٤] ) تاق و لۆقەش خوێندکار هەبوو بووە جاش.

شــاره دا هاتــووه هەر دەبیٚ بکریٚت بە ڕۆمان و فــیلم. ســـەردانیٚکی گۆڕســـتانەکانی کۆیە، گەوایی ئەوە دەدات، کە ڕیٚــژەی ژمــارەی شـــەهیدەکانی ئــەم شـــارە لەچــاو قەبارەی دانیشــتووانیدا چەند بەرزە!

ســەرەڕای ئەو هەمووە مەرگەســات و نەهامەتییە جەرگبڕانە، ئــەو شـــارە، بــۆ ســاتیٚك لە خەبات و جووڵە و چالاکییدا نەوەســتاوە، کاروانی شـــاعیر و ئــەدیب و هونەرمەند و بیرمەندانی بە کتیٚب بە ئەرشــیڤکراون. جا لەهەموو ئــەم ســـەردەم و ڕۆژگارە ســەختانەدا، ژنانی کۆیە لە ڕیزی هــەرە پیٚشـــەوەی خــەبات و ڕا پــەڕین و کۆشــش دا بووینە و قورســترین باریان لەســەر شـــان بــووە ـ کــە لــە بــەرگی ئــەم کتیٚبەدا تەنیا ئاماژە بە ژنــە پیشــەوەرەکان دەکەین.

# ژنــه

## پیشـــەوەرەکانی جـاران لە کـۆیـە

ئێســتا بۆ ســەلماندنی پایە و جێگە و پێگەی ژنی کوردی شــارنشـــین، لــەم بوارەدا ، پانۆرامای ژنە پیشــەوەرەکانی پێشــینانی شــاری کۆێتان بۆ دەخەینە ڕوو. دەگوترێت کە کۆیە شــارێکی دێرینی کوردســـتانە و هێنــدێك لــە مێژوونووســـان، دێرۆکەکــەی بــۆ چــەند هــەزار ســـاڵێك دەگەڕێننــەوە، بــەلام چــونکە هــیچ تومارکراوێکمان لەبەر دەســت دا نییە باس و خواســی ســەردەمە کۆنــەکا نمان بــۆ بگێڕێتەوە، ئێمە هەر مشــتێك زانیاری ئەم ســەت ســاڵەی دواییمان لەبەر دەســتە کە جێکەی متمانە بێت. وا ئەویشــتان بە ئەمانەتەوە بۆ دەگێڕینەوە.

## خوێنــەری هێــژا....

ڕەنگ بێت هێندێك لـەو شــــۆڕە ژنانــەی کـە لێــرەدا ناویــان دەخوێنیتــەوە، دایەگەورە یان نەنەگەورەی تۆ بن، هیوادارم کە بەو پەڕی شـکۆداری و ســـەروەری و پیرۆزییەوە سـەیریان بکەیت و پێت شـەرم نەبێت کە تـۆ نـەوەی ئـەوانیت، چـونکە ئەوان سـەر بەرزانە هاتوونەتە مەیدانەکە تا ڕزقی حەلاڵ و نانی دە سـتی خۆیان بخۆن و تۆ پێبگەیێنن و سـەرفیرازانە ژێر دەسـتیی و کۆیلەیەتی بخەنـە ژێـر پێیانـەوە و شـــان بەشــانی پیاو ئارەقەی شـەرەف و ڕەنج و کێبڕکێی ژیان بۆ تۆ بڕێژن. کــارکردنی حـەلاڵ و جوان، هەمیشـە هەم شــەرەفە و هەم عیبادەت. تۆ دەبێ ئێسـتا شـانازی بکەیت کە ئەو نەنکە و ئەو دا پیرەت هـەبووە، دەبــێ هـەوڵ بـدەی پەیکـەریان بـۆ بکـەیت و شــەقام و خوێندنگە و باغیان بە ناو بکەیت. دەمخۆش مەسـعود محەمەد کە دەڵێیت: " خەریك بوونی مرۆڤــ بە گوزەرانەوە هێندەی عیبادەت لە خرا پـەی دەگێڕێتــەوە. ئـەهلی شـاری کاسـبی ڕاستەقینە لەهەر سنفێك بووبێ بیری لە چـڵکاوخۆری ماڵـە دەوڵەمەنـدان نەکردۆتـەوە. کەسـێك خەریکی گوزەران بێ، بەو کەسـب و کارەی کە بەرژەوەنـدی ڕاســتینەی کۆمـەڵی تێدایە، ڕێگای ناچێتەوە بۆ لای نۆکەری و زاڵم پەرستی و هـەژارکـوژی. "[٢٥]

---

[٢٥] ) مەسـعود محەمەد، حەماغای گەورە، چاپخانەی شـەهاب، هەولێر، ٢٠١٠ . ل. ٥٠.

بۆ ئاسـانكاريی بابەتەكە. وای بەباش دەزانم كە پیشـەكان پۆلین بكەین بە گوێرەی: جێگەی كارەكان / جـۆری پیشـــەكان / كڕیـار و فرۆشـــیارەكان / كـات و وەرزی كار و پیشـەكان و تایبەتمەندی هێندێك لە پیشـەكان...... تاد..

## یەك

# ژنە پیشەوەرەکانی ناو بازاڕ

ئەم ژنانەن کە لە ناو بازاڕ دوکانیان هەبووە و شان بە شانی پیاوان ڕۆژانە خەریکی کار و کاسبیی خۆیان بوون بەبێ ئەوەی تۆزقاڵە زەڕڕەیەك خۆیان بەکەمتر لە پیاوەکان زانیبێت. ئەوان:

- خاوەن دوکانی سەربەخۆی خۆیان بوون.
- خۆیان کاڵا و کەرەستەکانیان دەستەبەر کردووە و سەفەریان کردووە و مامەڵەیان کردووە و هاوردەیان کردووە ـ ژنە پیشەوەر هەبووە کە ئەگەرچی هاوسەری هەبووە، لەگەڵ ژنانی هاو پیشەی خۆی بۆ بازرگانی چۆتە بەغدا و موسل ولە هوتێل دابەزیوە، مامەڵەکانی لەو شارانەدا لە گەڵ بازرگانە کوردەکاندا بووە ـ.
- جلوبەرگی ئاسایی ژنی کوردییان پۆشیوە و عەبا و پێچەیان نەگرتۆتەوە و خویان خزمەتی کڕیارەکانیان کردووە.
- لە هە ڵسو کەت و مامەڵە و قسەکردن وەك پیاو ڕەفتاریان کردووە، سڵاویان دەکرد و سڵاویان وەردەگرتەوە، مامۆستا و فەرمانبەر و کەسایەتییەکانی شار، وەك میوان لە دوکانەکانیان دادەنیشتن و چایان دەخواردەوە و قسە و سوعبەتیان دەکرد.

- به درێژایی مێژوو له شـاری كۆیه ژنه پیشـەوەرکان ڕێزیـان لـێگیراوه و هیچ كه‌سێك به‌رانبه‌ر ئه‌وان بێ حورمه‌تی نه كردوه ـ له كاتێكدا تێیاندا هـه‌بووه كه زۆر جوان و نازدار بوون ـ . به‌ڵكو وه‌ك پیاو ســه‌یركراون.

تاكه جیاوازییان له گه‌ڵ پیاوه هاوپیشه‌كانی خۆیاندا ئه‌وه بووه كه ، ئه‌وان له گه‌ڵ پیاواندا نه‌ده‌چوونه سـه‌ر تازیان و نه‌ده‌چوونه مزگه‌وت بۆ نوێژی جه‌ماعه‌ت .

ناوی هێندێك له‌م ژنــه پیشـه‌وه‌رانه‌ی كۆیه :

- **پلكـه ئه‌ســتێ :**

دایكی به‌سـێی ئاوڕه‌حمانی، له سـاڵی ( ١٩٢٠ ) وه دوكانی له هـه‌وراز مزگـه‌وتی قامیشـان هه‌بووه، ئه‌و له‌ڕۆژهـه‌ڵاتی كوردســـتانه‌وه هـاتووه. دوكانه‌كـه‌ی وه‌ك ئه‌وانه‌ی بازاڕ به فه‌رده و سـندووق كه‌ره‌سـته و كه‌لو په‌لی تێدا بووه. شـه‌كر و چـا و برنج و ڕوون و خوێ و دا پێویسـتییه‌كانی ماڵی ده‌فرۆشـت، جگه له سـه‌وزه و میـوه و ماسـت و په‌نیر. دوای كۆچكردنی پلكه ئه‌سـتێ له ده‌وروی سـاڵه‌كانی ( ١٩٤٥ ) دا ، خوالیخۆش بوو( مه‌جید ئه‌حمه‌د ڕه‌سـووڵ ) ناسـراو به ( مه‌جـه‌گۆج ) هاتـه سـه‌ر دوكانه‌كه.

**زینـه‌بـه ڕه‌ق :**

ئه‌م شـۆڕه‌ژنه له سـاڵه‌كانی ( ١٩٣٥ ـ ١٩٤٠ ) چایه‌چی بووه، له ده‌ركـی خـانی زبه كۆری، له نزیك مه‌رقه‌دی شـێخی شـێخ مه‌سـرێ، بۆ خۆی چا یخانه‌ی گێڕاوه و چای تێكردووه و خزمه‌تی موشـته‌ری كردووه و له‌سـه‌ر ده‌خیله دانیشـتووه.

- **كافييـەی مەلايـان ( ١٩٠٠ ـ ١٩٨٠ ):**

كە كچ بووە. لە دەرگای ناوەندی مزگەوتی کە گەورە دێتە ناو بـازار، يەكـەم كۆلانە بە دەسـتە ڕاسـت ، بەرانبەر دوكانەكەی جەلال جۆبار. دوكانی پێش ئاخیر دوكانی سـەرپەڕگیٚ لە دەسـتە چەپدا، دوكانی كافـەخانیٚ بـوو. سـەوز و تـەڕە و تووله و میوەی دەفرۆشـت, وردەواڵەشـی هەبوو. سـەروكلاوی ژنانی لەسـەر دەنـا و سـەڵتەی لەبەر دەكرد و پێلاوی ئێمەنی لـە پێـدەكرد، تـا بلێـی ڕووخـۆش و بـە گفتولوتوف بوو.

- **عەیشـێی قـادری:**

دوكانی لە گۆڕەپانی جاسـماغای بوو. لە گـەڕەكی بەفریقەنـدی. وەك دوكـانی عەتاری هەموو وردەواڵەیەكی دەفرۆشـت. دوای كۆچی دواییكردنی ، یـا عـەنیف ، كە بووكی ئەو بووە بە عەنیفی عەیشـیٚ قادری ناسـرا بـوو، سـەرپەرشـتكردنی دوكانەكەی گرتە ئەسـتۆ. عەیشـێی قادری بە یەكێك لـە شـۆڕەژنەكانی كۆیـە ناسـرابوو و لە جوانیـدا ناوی دەركردبوو.

- **یانـەزیف ( یانـەزیفی قـادری ):**

كە كچی عەیشـیٚ قادرییە و لە ژیاندا ماوە، دوكانەكەی لەلای دەسـتە چـەپی شـەقامی حاجی قادری، دوو سـەت مەترێك لە فولكەی حاجی قادری بەرەو ڕۆژئـاوا دوور بوو . وردەواڵەی دەفرۆشـت بەلام پتر سـەوزە و میوەی هەبوو. ئەو تاكو سـاڵی ( ٢٠٠٠ ) ئەو دوكانەی بەڕێوە دەبرد. یا نەزیف ژنێكی ڕووخۆش و قسـەخۆش و خـۆش مەشـرەف بوو لەگـەڵ كڕیارەكـانی و هەمیشـە میـوانی هەبوو. پێشـتر ئـەویش لەسـەر دوكانەكەی دایكی ، لە گۆڕەپانی جاسماغا، دادەنیشـت و هەر لـە ئـەویش فێرە دوكانداری بوو.

o **<u>یا ئــامینــه:</u>**

**یەك دوكـان خوارتـر لە دوكانەكەی یا نەزیف بوو، ئەویش هەر سـەوزە و میوە و كەرەسـتەی پێویسـتی نـاو ماڵ و جگەرەی دەفرۆشـت. تـا پـێش ڕا پـەڕینیش هـەر لەسەر دوكانەكە دادەنیشت و هە میشە میوانی پیاوی هەبوو.**

o **<u>كافییـەی حـاجی عـەولا پاراغی:</u>**

**دوكانی لە تەنیشـت قولەتێنیٚ گۆرانان بوو ، واتـا پشـت مزگـەوتی منـارە بەرەو گەڕەكی بایزاغا. ئەو یارمەتی هاوسـەرەكەی، حاجی عەولا پاراغی، دەدا، تا كۆچی دوایی كردنی لە سـاڵەكانی هەشـتاكانی سـەدەی ڕابردوو، دوكانەكـەی بـۆ بەڕێوە دەبرد.**

o **<u>هەییـەتـە گچكـەل:</u>**

**كچی وەسـتا ئەمینی پینەدۆز و خوشـكی زاهیرە گچكەل و مەغدیـدە گچـكەلی بوو، لەگەل مەغدیدی برای دوكانێكی بچووكیان هەبوو لە گەڕەكی بایزاغا، نزیـك حەمامی ناوەندیٚ. ئەوان هـەر عـەتاری و پاكـەتی جگـەرە و دەفتـەر و قەڵـەمیان دەفرۆشـت. زۆر بە دەگمەن سـەوزە و میوەیـان فرۆشـتووە، چـونكە نەیانـدەتوانی ڕۆژانە هاتووچۆی بازاڕ و عەلوە بكەن ـ كە ئەوكات پێیان دەگووت ئیسـتهلاك ـ .بە كۆچكردنی ئەوان دوكانەكەیان داخرا. ـ پێویسـتە ئاماژە بەوە بكەین كە ئەگەرچی ئەم سـیٚ كەسـە كورتە بنە و كەمئەندام بوون، بەڵام كاسـبكارێكی ڕووخـۆش و بـە حورمەت بوون. خەڵكی كۆیە خۆشـیاندەویسـتن و هەمیشـە دڵیان ڕاگرتوون، زاهیرە گچكەل كە پینەدۆز بوو دوكانەكەی لە بازاڕی، نزیك مەیدانی خـواریٚ بـوو. ئـەوان خاوەن عزەت نە فسێكی بەرز بوون و هەرگیز چـاویان لـە یارمـەتی دەسـتی كـەس نەبووە.**

o **گـولچنی سـۆفی سـەلیم:**

**خوالێخۆش بوو سـۆفی سـەلیم کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان بـوو، لـە گەڕەکی قەڵاتێ، لە هەوراز مزگـەوتی قامیشـان، لـە تەنیشـت دوکـانی پلکـە بەسـێ، دوکانی عەتاری و میوە فرۆشـی هەبوو ، دوای کۆچکردنی ، ژنی دووەمی کە ناوی گوڵچن بـوو خـەڵکی گونـدی تـۆپزاوای بـوو، هاتـە سـەر دوکانەکـە، تـا کۆچکردنی لە سـاڵی ( ٢٠١٤ ) هەر بۆ خۆی دوکانەکەی بەڕێوە دەبرد. ئەو پتر ئـەو ماسـت و پەنیر و سـەوزە و میوەیە ی دەفرۆشـت کە لە کێلەخوارە و حەمامۆك و ئەو دەوورو بەرە بۆی دەهات. ئەو بە هێلکەش ماسـت و سـەوزەی دەفرۆشـت.**

o **هاوسـەر و کچەکانی مامۆسـتا ئیبراهیم سـابیر وەلی:**

**دوای ماوەیەکی زۆر لە داخسـتنی دوکانی ژنە پیشـەوەرەکان لە کۆیە، دوایـین کەسـیان یا نەزیفی عەیشـێ قادری بوو. سـێ کچی مامۆسـتا ئیبراهیم سـابیر وەلی بە ناوی ( یـاد و سـاز و نـاز ) وە هاوسـەرەکەی بـە نـاوی ( پرشـەنگ حەمـە سـەعیدی حەمە مەلا ) لە سـەر ڕێگای جەمعیە، نزیك فولکەی سـەوز، لـە سـاڵی ( ٢٠٠٣ ) دوکانێکی سـەردەمییانەیان کردەوە. لە سـەرەتادا وەك سـوپەر مارکێتێـك شـتی هەمە جۆریان دەفرۆشـت، دواتر کردیانە کۆگای ( بەدلە / کراسـی ) بـووك و شـتوومەکی ژنان ، لە سـاڵی ( ٢٠٠٨ ) دا، دوکانەکە داخرا. پێویسـتە بـۆ مێـژوو ، ئەوە بڵێن کە بیرۆکەی کردنەوەی ئەم دوکانە هی مامۆسـتای ڕیفۆرمخواز، ئیـبراهیم سـابیر وەلی بوو، کە ویسـتی بەم ڕێگایە چاوی ژن و کچانی شـاری کۆیـە بکاتـەوە جارێکی تر بێنەوە مەیدانی کار و کاسـبی ولـە نـاو بـازاردا ، شـان بـە شـانی براکانیان، کار بکەن.**

o **مامۆســـتا بەهییەی عومەری ئاسـنگەر:**

**ئەم ژنەـ مامۆسـتایە، دوای خانەنشـین بوونی، دوکانێك بۆ خۆی لــە گــەڕەکی جەمعیە دەکاتەوە، دواتر لە سـاڵی (٢٠١٠) لە ناو بــازاڕی شـــار، نزیـك فولکـەی حاجی قادری کۆیی، سـەرپەرشـتیی کتێبخانەی (یـــادگار) کـرد، کـە ڕۆژنامـە و گۆڤار و کەلوپەلی خوێندنگەشی تێـدا بـوو. ئـەو بـۆ مـاوەی چـوار پێـنج مـانگ یارمەتیدەر و سـەرپەرشـتیاریی ئەم کتێبخانە بوو. دواتر کتێبخانەکە داخرا.**

**دوو**

# ژنــه دوكانـداره‌كانی نـاومـالْ

**ئه‌م ده‌ســـته ژنه كاسبكه‌رانه، دوكانیان له بازاڕ نه‌بوو، بـه‌ڵكو لـه ماڵـه‌وه ژوورێكی ســه‌ربه‌خۆیان بۆ كه‌ره‌ستـه‌كانیان ته‌رخان كردبوو یان هه‌ر لـه به‌شـێكی ژووری دانیشـتنـدا كالاْیه‌كانیان نمایش ده‌كرد. ئه‌وان له‌گـه‌لْ ژنــه دوكانـداره‌كانی بازاڕ له‌م ســێ خاڵه‌دا جیاواز بوون:**

- **ئه‌وان ته‌نیا مامه‌ڵه‌یان له‌گه‌لْ ژناندا ده‌كرد و كڕیاریه‌كانیان هه‌ر ژن بوون.**
- **ته‌نیا قوماش و جل و به‌رگیان ده‌فرۆشــت. هه‌بوو مامه‌ڵه‌ی زێر و زیویشـی ده‌كرد و ئاڵوگۆڕی پێده‌كردن.**
- **زۆربه‌ی مامه‌ڵه‌كانیان به قه‌رز بوو یان به گۆڕینه‌وه‌ی شـوومه‌ك و جلوبه‌رگ بوو ( مقایضة ).**

**ئه‌مانه ناوی هێندێك له‌و ژنانه‌ن كه له ماڵی خۆیاندا دوكانیان دانابوو:**

o **ڕەحمە گۆڕێ:**

له بنەماڵەی حەویزییەکان بوو، کچی عەنبەرخان بوو، دەکاتە پلکی وەستا ڕەشیدی حەوێزی، ماڵەکەی نزیك سەر شووران، بەرانبەر مزگەوتی مەلا مەعسووم بوو. ئەم ژنە کە یەکێك بووە له ژنە دەوڵەمەندەکانی کۆیە، له ساڵی (١٩٣٠) له ماڵەوە قوماش و کوتاڵ و پارچەی ژنانی فرۆشتووە. تا بڵێیت دەست ڕەنگین بوو له خەیاتی و چنینەوەی گوڵینگەی مشکی ژنان کە بە سیم و ئاوریشم و خەیاتە دەچنرا. ئەم شۆڕەژنە هەمیشە دەرگای ماڵەکەی والا بووە بۆ ئەو کچە عازەبانەی کە دەیانەویست فێرە خەیاتی و چنینی گوڵینگەی مشکی ژنان بوون. هەرچەندە ئەو نەخۆشی نێو جێگاش بووە هەمیشە، هەیوانەکەی مونجەی هاتووە لەو کچە فێرخوازانە ، بێگومان، بێ بەرانبەر. باسدەکرێت کە ئەم ژنە زۆر دەوڵەمەند بووە و چەند دەلالی ژنی هەبووە، کالایان بۆ ساغکردۆتەوە.

o **ڕەحمەی عەولا پارووی:**

دەکاتە خوشکی ئامینەی عەولا جەیدییە، له ساڵەکانی (١٩٣٠) له نزیك قولەتێنی گۆرانان، له گەرەکی بایزاغا دوکانی هەبووە شتومەکی عەتاری و شەکر و چا و برنج و ڕوون , ......تاد، دەفرۆشت.

o **حاجی بەدیعەی حاجی ڕەشیدی :**

کە ژنی دووەمی حاجی عەبدوڵلای کەبابچی، زڕنەنکی فاتیح ڕەسووڵی تێکۆشەر، بوو. ماڵەکەی لە گەڕەگی بایزاغا، نزیگ مزگەوتی موفتی بوو. کوتاڵ و قوماشی ژنانی دەفرۆشت و جلوبەرگی ژنانی دەگۆڕییەوە. ئەم ژنە تا کۆتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، بۆ بازرگانی دەچووە شاری بەغدا و کالای پێویستی خۆی بۆ خۆی دەکرێ و دەیهێنایەوە.

o **حـەلیمـیّ ڕەزای :**

**خێزانی ڕەزای پەروەریّ بوو، ماڵی لە گەڕەکی قەلاّتیّ ، لە کۆڵانەی خورخـوڕی بـوو. جگـە لـە کوتـاڵ و قومـاش ، شــەکر و چـا و بـرنج و ڕوون و ماســت و .....کەرەسـتەی ناو مالیشـی دەفرۆشـت. ( ئەو ڕۆژیّ یەك جیّ ماسـتی دادەنـا، دەهاتن بای (١٠) یان (١٥) فلس ماسـتیان لیّ دەکڕی، نەك بە کێلـۆ و مە نجـەلّ.) . ئەم ژنە، ئەگەرچی هاوسـەریشـی هەبوو، (٧٠) سـالّ پێش ئێسـتا، بۆ بازرگـانی بە تەنیا سـەفەری بەغدای دەکرد.**

o **خـەجیجی ئەحمـە خۆشـناوی:**

**دایکی شـەهید جەمال خۆشـناو، لە چەند شـوێنێك مـالّی کرێگرتـە بـوو، لـە پێشـان لە نزیك مزگەوتی منارە بوو ، دواتر لە نزیك قشـلّەی کۆیـە خانوویـەکی بەکریّ گرت بوو، جگە لە قوماش و جلوبەرگی دەفرۆشـت ، واتـا ژنـان جلوبـەرگی خۆیان لە لای ئەو دادەنا بۆیان بفرۆشـێت. مامەلّەی زێڕ و زیوویشـی دەکرد.**

o **زەینـەبی سـالّحی ڕیخـەرۆکان:**

**ماڵیان لە خوار مزگـەوتی قامیشـان بـوو، کوتـالّی دەفرۆشـت و نـاودارترین خەیاتە فرۆش بوو ـ خەیاتە بو کلاّو دورووین بـەکار دەهـات ـ. ئـەم ژنـە یـەکجار دەسـتڕەنگین بووە.**

o **یا شـووشـەی بـۆگدی:**

**ناوی لە مالّـەو جلوبـەرگ و پۆشـاکی کـۆن و نـوێی دەفرۆشـت و ئـالّوگۆڕی پێدەکرد. سـەودای ی زێڕ و زیوویشـی دەکـرد. کڕیـار و مەعموولـەکانی تـەنیا ژن بوون. مالّەکەی لە گەڕەکی هەواوان بوو.**

- **ئامینەی حەمە سارحی :**

لە گەڕەکی بایزاغا، لا دەرگایەکی ماڵەوەی کردبوو بە دوکان ، وردەواڵەی نێو ماڵی دەفرۆشت ، کوتاڵ و قوماشی نەبوو.

- **عیسمە تخانی مەلا برایمی:**

لە گەڕەکی بایزاغا بوو، جگە لە کوتاڵ و قوماشی ژنان ،عەتاری و کەرەستە و کەلوپەلی نێو ماڵیشی هەبووە.

- **جەمیلەی مەلا نەجمی:**

تا ساڵی ١٩٤٥، لە ژوورێکی بچووك لە سەر کۆشکێ، لە گەڕەکی بەفریقەندی نزیك مزگەووتی پەلکێ، شتوومەکی ژنانی لە قوماش و کوتاڵ و پارچە دەفرۆشت. هەروەها جاجم وبەڕە و بەرماڵیشی دەفرۆشت. ئەم ژنە زۆر دەوڵەمەند بووە. هاوسەرەکەی ، مەلا نەجمەدین، مەلا ی پێش نوێژی مزگەوتی گەورە بوو.

- **حاجی پیرۆزی حاجی عەولای خەنجەرکەر:**

( ١٩٤٠ )، ماڵیان لە نزیك مزگەوتی ڕەشە، بەرانبەر ماڵی حاجی حەمەدی حەمە ڕەقی بووە. تەنیا خەیاتەی دەفرۆشت، کە هاوسەرەکەی لە بەغدا بۆی دەهێنا. ئەو کات خەیاتە ڕەواجی زۆر بوو، چونکە کەم ماڵ لە کۆیە هەبووە کلاودورووی تێدا نەبووبێ.

o **<u>نــاجيــەی عــەدیلانی:</u>**

**لە دوای نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو، لە سەر قازیلان، لە گەڕەکی قــەڵاتیێ، لەماڵەکەی خۆیدا، مامەڵەی پارچە زێڕ و زیووی بچووکی دەکرد، ئەمــەیش هــەر چەند ساڵێك بوو، لە ئاکامی ســەرنەکەوتنی لە بازرگانییەکەدا وازی لێ هێنا.**

o **<u>یــا فاتم:</u>**

**لە نزیك حەمامی حەســەناغای، کە دەکاتــە نزیــك فولکــەی حــاجی قــادری کۆیە، ئەم ژنە ماندوونەناســـە، لــە نــاو دەرگــای مــاڵی خۆیــدا شـــەکەراتی لــە شــەکرۆکە و جوکلێت و مەعجون و کــونجی و بەنێشـــت و پســـکویت و تــاد ...... دەفرۆشــت. پتر کڕیارەکانی منداڵی گەڕەکەکە بوون.**

## سێ

# ژنە ـ بازرگان

زاراوەی تاجیر، جاران بۆ کەسێك بەکار دەهات کە زۆر دەوڵەمەند بێت و سەرمایەی گەورەی هەبێت و مامەڵەی پێوە بکات. تاجیرە بەناو بانگەکانی کۆیەی جاران : حاجی کاکەمینی ساڵحیان و هەر سێ برا : حاجی جەلال و حاجی مەجید و حاجی ئاورەحمان، هەروەها ئەحمەدبەگی میرزا حەمەدەمینی کە بازرگانی لەگەڵ ڕۆژهەلاتی کوردستاندا ڕۆژهەلاتی هەبووە. جا لە کۆیە، ژنیش هەبووە کە وەك پیاو لە بازاڕ و لە شارەکاندا، مامەڵەی بەسەروەت و سامانی خۆی کردووە. بەناوبانگترین ژنە کۆیی، حاجی ئامینەی حەمە ڕەقی بووە، کە بازرگانیی تووتنی کردووە و بۆ مامەڵەکردن، ئەگەرچی کە هەر کچ بووە، هاتووچۆی شارەکانی عیراقی کردووە، بە تایبەتی شاری بەغدا. ئەم ژنە بەوە ناسرا بوو کە زۆر شارەزا و لێهاتوو و کارامە بووە لە کاروباری بازاڕ و بازرگانیدا. تا بڵێیت زۆر جەسوور و ڕوو سوور و خۆش مەشرەف بووە. لە هە ڵسوکەوتی ڕۆژانەیدا هەرگیز خۆی لە پیاو بە کەمتر نەزانیووە. جگە لە مامەڵی تووتن، ئەم ژنە زەوی و زاریشی دەکڕی و دەفرۆشتەوە.

## چوار

# ژنە پیشەوەرەکانی دەرەوەی ماڵ

هێندێك كار و پیشە هەبوون كە ژنان لە دەرەوەی ماڵەكانیان كردوویانە بەبێ ئەوەی دوكانی تایبەت بە خۆیان هەبوویێت، جا هەبووە مامەڵەكردنەكەی لە گەڵ خەڵكی بازاڕ و شار بووە و هەشبووە تەنیا لەگەڵ ژنان. ئەمانەش چەند نموونەیەكن لەو ژنە پیشەوەرانە :

- <u>ژنە فرۆشیارە گەریدەكان :</u>

ئەوانە كەرەستە و بەرهەمەكانیان لە ماڵەوە ئامادەدەكرد یان بۆخۆیان هەر لە بازاڕ و شارەكاندا دەیانكڕی ، دوایی دەیانبردنە بازاڕ و لەوێدا ساغیاندەكردنەوە، لەم سنفە ژنە پیشەوەرانە :

- <u>ئامە شەل:</u>

ڕۆژانە نانی مادەی گەرمی دەبردە بازاڕ و بە خەڵك و كەبابچییەكانی دەفرۆشت. لە مانگی ڕەمەزانیشدا، شلكێنەی دەفرۆشت. فاتمێ خدری، دایكی كەریم كێشكەی، لە ماڵەو نان و شلكێنەكەی بۆ دەكرد. شلكێنە نانێكە بە ڕوونی دەكرێت و خاوبرژە، دوای كڕینی لە ماڵەوە، لە ناو شەكر و ڕوون یان لە ناو دۆشاوی گەرم، تێی دەكوشرێت و دەخورێت. ـ ئێستا شلكینە كردن نەماوە ـ

- **زەینـەبی عەجـەمی:**

پاش نیوەڕۆیان لە کووچە و کۆڵانەکانی شاردا، بە تریانە ( سـەبەتەی قـووڵ ، قووڵینە )، دنکە هەنار و تەرەتیزە و تەڕە پیاز و باینجان و دەلووجە و کولەکـەی دەفرۆشـت. ئەو لە باغچەوانەکانی کۆیە ئەم شـتانەی دەکڕییـەوە. ئـەم ژنـە بـە ڕەچەڵەك ئێرانی بوو.

- **فا تمـە پوونـگە.:**

بێوەژنێـك بـوو وەك لـە ناوەکـەی دیـارە ، بـۆ بـژێووی ژیـانی پـونگی فرۆشـتووە.ئەویش هەم لە ماڵەکەیدا و هـەم بـە کووچـە و کۆڵانەکانـدا دەگـەڕا. ئەویش وەکو زەینەبی عەجەمی سـەوزە فرۆش بووە.

- **خـەجیّ مـەلا:.**

هە میشـە بوخچەیێکی لەبن هەنگڵیّ بوو کۆڵان بە کۆڵان دەگەڕا، زێڕ و زیووی دەکڕی و دەفرۆشـــتەوە و ئاڵوگۆڕی پێدەکرد. مامەڵەکردنی هەر لەگەڵ ژنان بوو.

- **دیـّوانـە:**

ئەم ژنە، کۆڵان بە کۆڵان دەگەڕا ، تەنیا پێتەرازوو و تریانەی نانی و تریانـەی جلکان و پووشـینەی منداڵی دەفرۆشـت. ئەو ئەوانەی لە بازاڕیی دەکریّ ، بـۆ خـۆی دروسـتی نەدەکردن. جاران لە جیاتی کاوەنتەری ئەم سـەردەمەی ئێستا، پێتەرازوو و تریانە بۆ هەڵگرتنی قاپ و قاچاغ بەکار دەهات. پووشـینەی منداڵی سـاوا، کـە لە تەنیشت دایکی منداڵەکە دادەندرا، بـە خەیاتـە و سـیم و داوی ڕەنگـار ڕەنگـا ڕازابووە، کە کارێکی هونەریی یەکجار بە سەلیقە بوو ، لە کـەرکووك و خورمـاتوو دروسـتدەکرا. ماڵـە هـەژارەکان جلوبەرگیشـیان لـە نـاو تریانـە دادەنـا. تـەنیا

دەوڵەمەندەکان، سندووقی بە شووشە ڕەنگاو ڕەنگیان هەبوو کە رەسمی بۆراقی لەسەر بوو.

- **گەلاوێژی مام حەوێزی:**

ئەم کچە ئازا و ماندووە، ڕۆژانە چەند تریانە دنکە هەنار و پەسیرەی لە کۆڵانەکانی شاری کۆیە دەفرۆشت، جا چ بە پارە بوایە ، چ بە نان گۆڕینەوە. لە کۆتایی وەرزی پاییزیشدا، هەر لە ماڵان، پەلکە هەناری دەکڕییەوە و لە بازار دەیفرۆشتە بەو بازرگانانەی پەلکە هەنار و مازوو و گووگرد و پێستەیان هەناردەی موسل و کەرکوك و هەولێر دەکرد.[٢٦]

- **شوکری وەستا برایمی:**

ئەم کچە ژیکەڵەیش، بە ڕوو سووری و سەربەرۆزییەوە دنکەهەنار و سەوزە و ئەم جۆرە شتانەی لە کۆڵانەکاندا ساغ دەکردەوە.

- **گورە کوڕانی:**

ئەم ژنە بە پێچەوانەی زۆر لە دەستەخوشکەکانی ، لە ناوبازاری کۆیە کاسبی خۆی دەکرد. ئەو چواردە پانزدە کڵاوی کوردی لەسەر یەك، دەنایە سەر سەری خۆی و بە بازاڕ و مەیدانەکاندا دەسوڕایە و دەیفرۆشتن. هێندێك جار لیفکە و گۆرەویشی پێ بوو. ئەو ژنە پێڵاوی پیاوانی دەکردە پێ.[٢٧]

---

[٢٦] ) مامۆستا محێدین حەوێز نەجمەدین و هاوسەرەکەی زێبا حوسێن عەزیز، ( ١٩٤٧ ) ، چاوپێکەوتن، کۆیە، ٢٢ ـ ٧ ـ ٢٠١٥.

[٢٧] ) سەرچاوەی پێشوو.

o **كچـە پارچـەڵەی ڕەزەوانـان:**

**بە گوێرەی وەرزەكە، دنكە هەنار و بەڵاڵووك و تو و سـەوزە و شـــەمامەیان لــە كوڵانەكانی كۆیــە بــە پــارە یــان بــە نــان دەفرۆشـــت. پــاش عەســران بــە نــاو چــا یخانەكانی ســـەر ڕەزانــی گەرمووكێــدا بڵاودەبوونــە و چــە پكە ڕە یحــان و گوڵەباخیشیان دەفرۆشـت.**

- **ژنــە ـ حــەمــامچییــەكان:**

**جاران لە كۆیە چەند حەمامێك هەبوو، وەك حەمامی حەســـەناغا و حــەمامی ناوەنـــدیّ و حـــەمامی پیســـــكان، دوای شـــۆڕشی گەلاوێـــژی ( ١٩٥٨ ) حـــەمامی جەمهوریش لە نزیك گردیّ جووان كرایەوە.ئەم حەمامانە، بەرە بــەیانیان و پــاش نیوەڕۆیان بۆ پیاوان بوو و سـبەینانیش بۆ ژنان. جــا ئــەو ژن و مێــردەی ســـاڵانە حەمامەكەیان بەكریّ دەگرت، سـەرپەرشـتی ئیش و كارەكانیان دەكرد. ژنەكە دوای بەرچایی بــەیانیان تـــا نیــوەڕۆ و پیاوەكــەش پــاش نیوەڕۆیـــان و بەرەبــەیانیان لەســەری دادەنیشـت. جگە لە ژنــە ـ حەمامچییەكە، هــەر حەمامــەی نــاتری خــۆی هەبوو یارمەتی ئەو ژنانەی دەدا كە هامۆشـــۆی حەمامەكــەیان دەكــرد و خزمــەتی تاییەتییان بەو ژنانەش پێشـكێش دەكرد كە نۆ بــووك بــوون یــان ژنەزەیســـتان. ئیشی ژنە حەمامچییەكە هەر ئەوە نــەبووە لەســەر دەخیلــە دانیشـێت ، دەبووایــە شوێنەكە پاكــژ ڕاگــریّ و چــاودێری ئــاو و كــوورە و كوورەچــی بكــات و ئاگــاداری شتوومەوكی هامووشۆكەرەكان بێت و لیفكە و ســابوون و شــانە و دەرمانی حەمامێشی هەر لەویّ دەفرۆشـت. لەم بوارەدا ، ئەم ناوانەمان بە دەسـت كەوتووە:**

- **خێریەی حەســەنە خڕەی.**
- **زەینــەبــی نــاتــر.**
- **عــەتــیەیی مامەمینی.**
- **فــا تمــە پــوونــگە.**

- **فـاتمـه نـاتـر. ( فاتمی مەلا تایەری ).**
- **کـافییەخـانی خێزانی سـارحی جووبن دیـانی.**
- **لـەعلـی خـان، خێزانی حاجی عوسـمانی غەفـووری .**
- **نـەجیبەی حەسـەن کاکەی. ***
- **هەییەتی خێزانی خدری حەمامچی.**
- **هەییـەتیٚ سـمایلاغای ـ حەمامی جمهـوری.[28]**
- **یا بـەهییـەی سـابر حـەلـوای.**
- **یـازەوەی حـەمـامچـی، ژنی سـۆفی عەولای حەمامچی.**
- **یانـەزیفی عـەیشـیٚ قـادری.**

**ئەمانەش ناوی ئەو ژنــە ناترانەیە کە لەو حەمامانەدا کاریان کردووە:[29]**

---

* حەسـەن کاکەی تێکۆشـەر، لە کتێبەکەیدا ( هەورازەکانی کاروانی تەمەنم )، بە درێژی باسـی ئەزیەت و مەشەقەتی ئەم پیشـەیەی کردووە

[28] ) لەسـەردەمی پاشـایەتیدا، ئەم حەمامانە لە ژێر چاودێری تەندروستیی دا بووینەوە، جار بووە دکتورەکان بۆخۆیان سـەردانیان دەکرد. لە سەر فرمانی یـەکێك لـەو دکتۆرانـە، دەرگـا بـۆ بەشـی مەنجەڵ دروست کرا، چونکە هێندیٚ کەس دەچوون لـە نێـو مەنجەڵەکـەدا خۆیـان بسـمیل دەکـرد. دەبوایە نەخۆشـیش ئاخر کەس بێت، بێتە حەمامەکە تا کەس نەخۆشییەکەی لیٚ نەگرێتەوە.

[29] ) تـا ساڵی (١٩٦٠)، حەقدەستی ناتری (٢٠) فلس بوو. تا (٣) کەسی یەکەم پارەکە هـەمووی بـۆ خۆی بوو. لە چوارەمین سـەر، دەبوایە (٥٠٪) دەستکەوتەکەی بداتە ژنە ـ حەمامچییەکە.

پێنج

# ژنــە پیشــەوەرەکانی نــاومــاڵ

مەبەسـتمان لەو پیشـانەیە کە ژنەکان لە ماڵی خۆیانـدا کردوویانـە جـا یـا ئەوەتا موشـتەرییان بۆ هاتووتە ماڵ یان خۆیـان کـاڵا و بەرهەمەکـەیان بردۆتـە بازاڕ و بۆیان فرۆشـتوون. بۆ ئاسـانکاری ئەم پیشـانەش بەم شـێوەیە پۆلینیـان دەکەین:

- **خـەیـاتی:**

ژنی کوردەواری جاران، بەبێ خوێنـدن و بەشـداربوون لـە خـوول و ڕاهێنـانی نـەخش و نیگـار و چـنین، تـا بڵێیـت دەسـتڕەنگین بـوون لـە خـەیاتی و دەرزی و دوورماندا. جگەلەوەی کە پۆشـاکی ماڵ و منـداڵی خۆیـان دەدورووی، بـۆ دۆسـت و ناسـیا و بێگانەش، لەبەرانبەر بڕێك پارە، خـەیاتییان دەکـرد. ئەمـە قـازا نجی هەردوو لای تێدا بوو: ژنە خەیاتەکە، لە ماڵی خۆیدا بە ئازادی کارەکەی دەکـرد و بۆ ژنە خاوەن جلەیش ، مامەڵەکردن و پێوان و لەبەرکرد و تاقیکردنەوە خۆشـتر و شـیاوتر بـووە. جـاران بەرگـدروو هـەر پۆشـاکی پیـاوانی دەدووری، خـەیاتیی جلوبەرگ و پۆشـاکی ژنان ئیشـی پیاوان نەبووە.

ئەمەش جـۆری خەیاتییەکانە:

- **خەیـاتیی بە مـەکینـە :**

**بـە گـوێرەی پێشـکەوتنی تەکنـەلۆژیا، ژنـی کـورد سـێ جـۆرە مەکینـەی جلکدوروونی بەکار هێناوە: مەکینەی دەسـتی: لەسـەر میزێکـی نـزم دادەنـراو، خەیاتەکە لەسـەر زەوی دادەنیشـت و بە دەسـتێکی مەکینەکەی چـەرخی دەدا و بـە دەستەکەی تری کارەکەی ڕایی دەکرد. مەکینەی پا، وەك زۆربەتان بینیووتانە، بـە پا کاردەکات و خەیاتەکـە لەسـەر کورسـی دادەنیشـێت ، دواتـریش مەکینـەی کارەبایی پەیدا بوو. ( نرخەکان : ساڵی ١٩٥٠: کەوا ( ١٥٠ ) فلس. کراس ( ١٥٠ ) فلس. ئەتەگلغ( ٧٥ ) فلس. دەرپێ( ٥٠ ) فلس. چاکەتی قوتابیان ( ٢٥٠ ) فلـس . [٣٠] خەیاتـە دەسـترەنگینەکانی کۆیە ئەمانەبوون: [٣١]**

- **عەیشـێی سـۆفی عەلی ( دایکـی مامۆسـتا عەبدولکـەریم شـێخانی ) ، لەناوەڕاسـتی سـییەکان مەکینەی دروومانی (Singer) ی دەسـتی هەبوو، باشـترین بەرگدرووی ژنان بوو، وەك کراس و کەوا و هاوەڵ کراس و سـەرکەوێی ناو بە لۆکـە و**

---

**[٣٠] ) بۆ بڕین و دورینی جلوبەرگی بووکێ، خەیات دەچووە ماڵی بـووکێ، یـەك قەنـدە شـەکری بـە دەستی خۆی لەسەر قوماشەکان بە شـەکرکێن، دەشـکاند، وەك نیشانەی پیرۆزیی و قـەدەمخێریی، دوایی قەندە شەکرە شـکاوەکەی بۆخۆی دەبرد. نرخی دورینی جلکـی بـووك ، بـە گـوێرەی باخـەڵ گەرمی ماڵێ بووك و زاوا بوو.**

**[٣١] ) مەکینەی پێ، تا ساڵەکانی شەستەکان، نرخی گران بـوو، ئەگـەر پیـاو و ژنـە، هـەردووکیان خەیات بوونایە، ئەوا دەبووایە ڕۆژانە بە حەماڵ، ئەو مەکینەیە ئێواران بهێننەوە مـاڵ و بـەیانیان بیبەنەوە بۆ بازاڕ. ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە کە کاسبی جاران چـەندە زەحمـەت بـووە و خەڵکەکـە حاڵیان باش نەبووە. ( لە گەڕەکی قەلات، کاکەی خـەیات وای دەکـرد، چـونکە بـە شـەویش کـاری دەکرد ).**

**کوڵەجە. لەبەر دەست ڕەنگینییەکەی بەرنەدەکەوت بــە تاییــەتی کــە چــەژن نزیــك دەبووەوە.[٣٢]**

- **ســەبیحــەی عــەبــدە خــەوەی، خەیاتی دەرەجە یەك بوو.**
- **نــەسـرینی مســتەفای نــانــەوا، ناوبانگی هەبووە لە دەســتجوانیدا.**
- **کــافیەیی حــاجی ســەعیدی گرا نجــانی.**
- **کــافییەی حــەمە غەرییی کــاروانچی.**
- **نــەجیبــەی مــەلا ســەدری، مزگەوتی قامیشـــان.**
- **نەجیبەی مام خەلیفەی.**
- **نــەجیبــەی هاوســەری هاوڕێ حەســەن کــاکە.**
- **قــەدەمخێری کــەریماغای.**
- **زبێــدی حــاجی حــەمــەدی ئێمەنــدروو.**
- **حــەبیبی ســۆفی سـکتانی.**
- **عــەیشــێ شــەمامێ.**
- **یا خــانــە ؟**

- **<u>خــەیاتی پۆشــاکی کــوردی:</u>**

**ئەگەرچی خەیاتەکانی تریش جلی کوردیان دەدورووی، بەڵام خاتوو ( حــەمــدییــەی کــاکە مــەلای ) و ( نەجیبەی مام خولیفەی ) و ( حەمدییەی عەبدەی ســەلامی ) زۆر دەســتڕەنگین بوون و لە دوروینی جلی کوردی کۆیانە ناوبانگیان هەبووە .**

---

[٣٢] ) مامۆســتا عەبدولکەریم شـێخانی. خانەنشین، سلێمانی، پێداچوونەوەی کتێبەکە.

- **خــەیــاتی دەرزی و دوورمــان:**

ئــامینەی وەســـتا معرفــی لە گەڕەکی قەڵات و حەلیمەی عەباسی ئەحمەدی لــە گــەڕەکی بـایزاغــا و فەیمــەی حەمــەدەمینی مســـتەفای گــۆدەی لــە گــەڕەکی گردیجوان، لە ژنە ـ خەیاتە هەر ناودارەکانی کۆیە بوون لە دوروونی کەوا و کراس و بەرکراسی ژنان بە دەرزی و دوورمان و حەقدەستیش (١٠٠ ـ ١٥٠) فلس بــووە. لــە (١٩٥٠). هێندیك لەو خەیاتانە کراس و دەرپێیان بۆ پیاوانیش دەدووری.

- **ســەڵتــەدوروو:**

ئەم پۆشــاکە ژنانە، بۆ هەموو تەمەنەکان، جاران لە شـــاری کۆیــە و ســـلێمانی زۆر باو بوو نرخیشــی گران بووە. لە ســاڵەکانی چلەکانی ســەدەی ڕابــردوو بــە (٥) دینار بوو، حەقدەســتی دوروونیشــی (٢٥٠) فلس بوو(( لە ساڵی (١٩٥٠) ٥ دینــار ٧ مســقاڵ زێری پێدەهات، یەك دینــار هــەزار فلــس بــوو.)) لــە ســـەڵتەدورووە بــە ناوبانگەکانی کۆیە:

- حــەبیبــی ســۆفی ســـکتانی.
- حــەبیبــی مــەلاو ڕەحمــانی.
- خــەجیجی حــاجی ســـمایلی.
- فــاتمە خــانی مەلا برایمی.
- عــەیشــێ ئاورەحمــانی.
- ســـەبیحەی عــەبدە خەوەی.
- عەیشــێی ســۆفی عەلی (دایکی مامۆســتا عەبدولکەریم شــێخانی).[٣٣]

---

[٣٣]) ســەرچاوەی پێشوو.

- **<u>عەبــادوروو:</u>**

**قوماشــەكەيان دەكڕی و دەيانبردە لای عەبادوروويــەكی دەســـتڕەنگين. ئەمــەش هەر لە ماڵەوە دەكرا. حەقدەســتەكەی، لــە ســـاڵی (١٩٧٠)، يــەك دينــار بــوو كــە دەيكردە نرخی يەك مسـقاڵ زێڕ. لەو ژنــانەی كە ئەم پيشــەيان دەكرد:**

- **يــا عيفــەتی كــاكە مــەلای .**
- **ڕەعبــەی سـۆفی كــەريمی شــانــازێ.**
- **حەمدييەی عەبدەی ســەلامی.**
- **فەيمەی حەمەدەمينی مســتەفای گۆدەی.**
- **نەجيبەی مام خەليفەی.**
- **ياخــانــە ؟.**

- **<u>كــڵاودوروو:</u>**

**زۆربەی ژن و كچەعازەبەكان ، جاران، تەنانەت لــە ماڵــە هەبووەكانيشـــدا، كڵاوی پياوانيان دەدورووی و دەچنی، پتر لە دە دەانزدە جۆرە كڵاوی پياوان هەبوو،كە بــە ئاوريشـــم و ســـانتيم و خەياتــە و دەزوو دەنەخشـــێنران. چــەند دوكــانێكی كڵاوفروش لە بازار هەبوو، هەرە ناودارەكەيان هی حاجی محەمــەد عــەلی ـ بــاوكی مامۆســتای عەبدولخالق ـ و مامی مامۆسـتا حوسـێنی حــاجی قــادری (نووســـەر) بوو. كڵاوی كۆيان ، بە بار، بۆ شـــارەكانی تــری كوردســـتان هــەناردە دەكــرا، لــە شــاری بەغداش كوردەكان كڕياری بوون، بۆيە جۆرێك لە كڵاوەكــانی كۆييــان پێيــان دەگوت ( كڵاوی بەغدايی ). نرخی كڵاوی ڕادايی لە جۆری كڵاوی بەدارگوڵان ، كە تەنيشــتەكەی دەنەخشێندرا، ، لە (١٩٦٥) دا (٢٠٠) فلس بوو و كڵاوی جەلەبيش بە (١٠٠ ـ ١٢٥) فلس و كڵاوی فتيلە، كە پتر گوند نشـينەكان دەيانكڕی، بە (٥٠) فلــس بوو.كڵاوی تێل قرمە، كە بە داوی نايلۆن دەكرا نرخەكــەی ( ٤٠) فلــس بــوو. كــڵاوی**

**دزەیی و کڵاوی بە پوولەکان گرانترینیان بوون. زۆربەی ژنـە کڵاوچنەکانی گـەڕەکی بایزاغا، کڵاوی دزەییان دەژنی، چونکە پارەی باشنری دەکرد. کڵاوچنە ناودارەکـانی کۆیـە، هـەر بـە ڕادایـی بـۆ پیـاوە ناودارەکـانی شـار، کڵاویـان دەچـنی. ئـەو پیشـەوەرانەی لبادچی بوون، لە ماڵەوە ژنەکانیان کڵاوی لبادییان دروسـتدەکرد. ئەمانەی خوارەوە ژنە کڵاو دورووە ناسـراوەکانی کۆیـە بوون:**

- **خـەجیجی حـاجی سـمایلی. کـڵاوەکانی دەرەجە یەك بوو.**
- **نـەجیبـەی حـاجی مەلای.**
- **مـەلیح و سـەبیحی حوسـێناغای.**
- **نـاجیەی حاجی حـەمـەدی. کڵاوەکانی دەرەجە یەك بوو.**
- **بـەدرییـەی کچی سـامی عەودالی شـاعیر.**
- **ڕەحمـەی عوسـمانی سـاڵحە ڕەشـی. کڵاوەکانی دەرەجە یەك بوو.**
- **فـا تمە خـانی مـەلا برا یمـی.**
- **شـوکری سـۆفی حـەمە جـۆلای / کڵاوی بە پوولەکان.**
- **زێـای حوسـێن عەزیزی.**
- **ئەلفییەی سـەدرەدینی / کڵاوی دزەیی.**
- **زبێدەی مام یەحیای / کڵاوی دزەیی.**
- **لەعلی حوسـە کەچەڵی / کڵاوی دزەیی.**
- **هەییەتە گچـکەڵ / کڵاوی خامەك.**
- **سـەبری جـەمالی لبادکەر / کڵاوی لباد.**
- **قـەدری عـومەری عەبـاسـی / کڵاوی لباد.**
- **مـەنیجی بـەکری عـومەری / کڵاوەی لباد.**

خوێنەری بەڕێز, ژنانی پێشـینان یەکجار خاوەن عزەتی نەفس و خۆژی بوون و حەزیان کردووە بە دەسـت و پەنجەی خۆیان نانی حەڵاڵ پەیدا بکەن و چاویان لە دەسـت پانکردنەوە نەبووە. ڕەحمەی عوسـمانی سـاریٚ، نموونەیەکی زیندووە، کـە ئەگەرچی ئەویش وەکو بەهیە گچکەلی، کەمئەنـدام و کورتەبنـە بـوو، بـەڵام بـە ڕەنجی خۆی پارەی پەیدا دەکرد. کڵاوە چـنراوە جوانـەکانی دەسـتی ئـەو هێنـدە داخۆازی لەسـەر و هەرمێنی هەبوو، کە هەر بۆ کەسـایەتییەکانی کۆیەی دەچنی و بە هەموو کەسـی نەدەفرۆشـت. کەچی ئیمرۆ ژن هەیە بەڕێز دوکان و خانووبـەرەی هەیـە، هـەر لەبـەر ئـەوەی پەنجەیـەکی پـای نەختۆکـەك خـوارە ، مووچـەی کەمئەندامان وەردەگرێت !

- <u>گـۆرەوی چـنین:</u>

لـە هـەموو گەڕەکـەکانی شـــار، ژنـی گۆرەویچـن هـەبوو. گـۆرەوی بـە هـەموو جۆرەکانییەوە : کـورت و درێـژ و و سـادە و قـاپی و بەنـەخش و ڕەنگـاو ڕەنـگ و پووزەوانە و کونکون ،داخوازی زۆری لەسـەر بوو. هێندێك لە ژنەکان خۆیان خـووری و لۆکەکەیان دەرێسـت یان دەیانبردە لای خـەجیٚ حاجییەو ڕەحمـانی کە لە ماڵـەوە خـەڕەکی هـەبوو. ئەمـەش نـاوی گۆرەویچـنە دەسـت ڕەنگینـەکانی کۆیـەن لـە سـەردەمانێکدا :

- فـاتمەی مـامـەی کەبابی، کە بەرهەمەکانی پلە یەك بوو لە جوانی.
- فـاتمیٚ مـەحمـوود بیٚ مـووی. کە پلە یەك بوو لە باشـی.
- ئـامینەی باپیری سـمایل چـاو شـینی.
- زێنـەبی وەسـتا سـاڵحی.
- زەوەی ئـەحمدکـەی.
- شـوکری سـۆفی حـەمـە جـۆڵای.
- حـەلیمەی حـاجی سـمایلی، کە گۆرەویی جووت داوی دەچنی، پێیان

دەگوت : گۆرەوی جەلی.

- عەیشێ فاتیحی دایکی شەهید ماموستا کەیفی شاعیر. جۆرە گۆرەوییەکی دەچنی پێیان دەگوت : گۆرەوی فەلان ـ دیانان ـ [٣٤]
- دایکی هونەرمەند ماموستا باکوری، گۆرەویی جۆری ( فەلان )ی دەچنی.
- مێرەم یوسف، ژنە دیانی هەرمۆتەی.
- فاتمێ قادری خێزانی زاهیرە گچکەلی.

- <u>دۆخین و لیفکە و دەسرازە:</u>

ژنی پێشینان کاتی بێ ئیشی و پشوودانیان نەبوو. ئەو کاتەی کە هەموو ئیش و کارەکانی ماڵیان تەواو دەکرد و دادەنیشتن، گۆیا ئیسراحەت دەکەن، دەستیان دەکرد بە چنینی دۆخین و لیفکە و دەسرازە و سەر سینگەی لانك و سەرەویلك و سەرەقۆریە و دەزگرە و زەنگیانە هۆنینەوە و تەشی ڕستن.....تاد. ئەمەش ناوی ژنە ناودارەکانی ئەم دەستکردانەن :

- ئامینەی ئەحمەد باوەیسی / دۆخین چنین.( جاران بە نەخش و نیگار و گوڵینگەی ڕەنگاو ڕەنگ دەیانڕازاندەوە. )
- زبیدی دایکی شەهید زاهیری کەریمی گۆدەی / دۆخین چنین.
- عیسمەتی حەمەد بەگی / لیفکە چنین.
- بەدیعەی حەمەد بەگی / لیفکە چنین.
- عەیشێ محێدینی سارحی : لیفکە چنین.
- عەیشێ حوسێن ڕەواندوزی / دەسرازە چنین.

---

[٣٤] ) کە دایکی ماموستا باکوری هونەرمەند هاتە کۆیە، ئەو جۆرە گۆرەوییەی دەچنی و ژنانی کۆیە لەوی فێرە چنینی ئەم جۆرە گۆرەوییە بوون و ناویان لێنا : گۆرەویی دیانان.

- حەلیمەی عەباســی ئەحمەدی / دەســرازە و لیفکە چنین.
- نــەجینەی با پیری ســمایل چــاوشــینی / لفکە چنین.
- عــەیشــێ گــەردی / لیفکە چنین.
- حــەلیمێ مــەجیدی چــاوڕەش / لیفکە چنین.
- هــاجەری ســیســەی / دۆخین چنین.
- خــەجیجی مەلای ڕەش / دۆخین و لیفکەچنین.
- فــاتمە خانی مــەلا برایمی/ هونینەوەی ڕێشــمە و گوڵینگەی مشــکی پیاوان بە داوی ســیم و زێرین.
- بــەدرییەی کچی ســامی عەودالێ شــاعیر / دروســتکردنی ســەرەقۆریە و دەزگرە و ســەرەویلك. ـ تا ســاڵەکانی دوو هەزار بەرهەمەکانی دەســتی ئەو لە ڕێی کوردەکانەوە دەگەیێنرایە ئەوروپا و بە نرخی باش دەفرۆشــا. بەداخەوە، ئێســتا تەندروســتی ناجێگیرە و کاری پێناکرێت.

دەســرازە، کەمتر بە پارە دەفرۆشــا یان ســازدەکرا، ژنان وەك دیاری پێشکێشــی بووك و دراوســێ و ناســیاوەکانیان پێشــکەشــیان دەکرد، بە تایبەتی بۆ ئــەو ژنــە ناســیاوەی نۆبەرەی دەبوو. جاری واش هەبووە کەرەســتەکەیان دەدا بە ژنێــك و بــە پارە بۆی دەچنین. ( کەترینــا میــخا ) کە ژنە دیانێکی گوندی هەرمۆتە بــوو، بــە پارە دەســرازەی دەچنی.[35]

- **مشــکیی بادانەوە:**

جاران ژنان لە ماڵەوە بە مەتر و بە تۆپ قوماشیان بــۆ مشــکی فرۆشــەکانی بــازار بادەداوە و لە ساڵی (١٩٤٠)دا مەتریان بە (١٥٠) فلس بادەداوە، چونکە ژنان بــە ڕۆژ

---

[35] ) دایك و باوکی د. هاوژین صلیوە. چاوپێکەوتن ٢٢ ـ ٦ ـ ٢٠١٥. هەرمۆتە.

هەور خەریکی ئیشی و کاری قورس بوون، شەوانە لەبەر فانۆس یان لەبەر مانگەشەو، هاوینان لە بانی، مشکیان بادەداوە. فەیمەی حەمەدەمینی مستەفای گۆدەی بەناوباگترین ژن بووە لەم پیشەیەدا.[٣٦]

- **گوریسچنین:**

پەت و گوریس،کە بۆ دەیان ئیش و کاری ڕۆژانە بەکار هاتوون، زۆرتر کەرەستەی پێویستی گوندنشین و وڵاغدارەکان بووە ، ژنە پیشەوەرەکانی کۆیە، لەبەر هەر هۆکارێك بووبێ، ئەم کارەیان نەکردووە، بەڵام ژنە دیانەکان کە شارەزا و پسپۆڕ بوون لە ڕستن و چنیندا، بە تایبەتی لە گوندی هەرمۆتە، گوریسیان دەچنی و دەفرۆشت. لەوانە ، کە ناوەکەیمان پێ پەیدا بووە، خاتوو (واریێ سلێمان)ە.

- **لێفدوروو:**

ژنە ـ لێفدوروو، تەنیا حەقدەستی خۆی وەردەگرت کە نزیکەی (٦٠٠) فلس بوو(١٩٦٠)، خاوەن لێف، دەبوایە بەرگەقوماش و لۆکە یان خووری خۆی ببات. ئەم ژنانە لەم پیشەیە دەستڕەنگین بوون:

- هەمینێ خاڵە حەوێزی گەرگەری، پلە یەك بوو لە باشی.
- جەمیلی عەزە گچکەلی.
- عاسمەی حەلێ.
- یاخانەی جەمعییەی.
- خەجیجی مەلای رەش.

---

[٣٦]) فەیمەی حەمەدەمینی مستەفای گۆدەی، ژنی ماڵ، کۆیە، چاوپێکەوتن، ١٥ ـ ٨ ـ ٢٠١٥.

- بڕێجینــه یوســـف، دیانی هەرمۆته.
- فــەریــدە شـــەمعون. دیانی هەرمۆته.

- <u>مــافــوورچــنین ( تــەون کردن ):</u>

گارگەی چنین و ڕستن لە شاری کۆیە، زۆربەی هــی دیانــەکان بــووە کــە ژن و پیاوەکانیان لەماڵەوە، جاجم و بەرماڵ و بــەڕەیان دەچــنی. بــەڵام چــەند ژنێکــی کۆیەیش کارگــەیان هــەبووە و بەرهــەمی زۆر جــوان و نەخشــینیان چــنیووە ، کــە بەڕاســتی شــایستەی ئەوەن ئیمڕۆ بیاندۆزینەوە و لــە پەیمانگــە و کۆلێــژەکانی هونەر و هونەرســازیی، دەرسیان لەســەر بخوێندرێت و بکرینە کەرەستەی دیکۆری ماڵەکان. بەندە ئەم چەند ناوەم بەدەست کەوتووە:

- یــایــەگــەورە، خوشــکی کاکەســووری تــاڵەبانی، لە ماڵەوە کارگەی چنینی مافوور و بەڕەی هەبوو، ماڵەکەیان چەند مەترێك لە تەکیەیی تاڵەبانی دوور بوو.

- عــەتیــە کــوردە، کارگەی بەڕچنینی لە ماڵەوە هەبوو، ئەم ژنە کە خەڵکی گوندی گۆپتەپە بوو دواتر هاتۆتە کۆیــە، تــا بڵێیــت دەســـت ڕەنگــین بــووە لــەم پیشــەیەدا. گوندی گۆپتەپە لە دێرە زەمانەوە، بە پیشــەی چنین بەناو بانگ بــووە ـ کە پێویســتی بە لێکۆڵینەوەی وردترە بۆ دۆزینەوە و پاراســتنی بەرهەمــەکانیان وەك بەشــێك لە کەلتووری ئەم دەڤەرە ـ .

- <u>جــاجــم چــنین:</u>

جــاجم و دووگــرد و کــر چــنین پیشـــەی دیانــەکان بــووە و زۆر بــە کــەمی موســڵمانەکان خۆیان پێوە خــەریك دەکــرد. ئــەوان کارگــەی تــەونیان لــە ماڵــەوە

دامەزراند بوو. لەو ژنە دیانانەی لەسەر گارگە دادەنیشن و تەونیان دەکر و جاجم و دووگردیان دەچنی ، لە گەڕەکی دیانان لە کۆیە، ئەمانە بوون:[37]

- فەیمە سەلمان یەڵدا.
- فەریدە ئێلیا.

- **کووپەدروستکردن:**

جاران گواستنەوەی شتوومەکی وەك گۆزە و گۆسکە و کووپە و شەربە، کارێکی ئاسان نەبووە . بۆیە، هاوینان وەستای کووپە، لە هەولێرەوە دەهاتن کارگە و تەندوورییان لە دەرەوەی شار دادەنا و بەرهەمەکانیان لە گۆزە و جەڕکە و کووپە و شەربە و شەربۆکەی منداڵان، لە بەر دەرکی خانی زبەکۆڕێ، نزیك شێخی شێخ موسرێ، دەفرۆشت. ژنە دیانەکانیش، لەبەر ئەوەی ماڵیان لەوی نزیك بووە، فێری ئەم پیشەیە دەبن و ساڵانە لەسەر (قۆنگرێ ) گارکەی خۆیان دادەنێن و بەرهەمێکی باش لەم کەرەستانە، دەخەنە بازاری کۆیە ، لە نێوان مزگەوتی پەلکێ و فەرمانگەی قائیمقامی ئێستا، گارگەیەکی تر هەبوو( ١٩٣٠ ). نرخی شەربەی دەستکردی ژنە دیانان بە ( ١٠٠ ـ ١٥٠ ) فلس بوو. لە وەستا ناسراوەکانیان:

- حەنێ میخا.
- وارینا مەتێ.[38]

---

[37] ) مریەم ئێلیا، ناسراو بە یا بسکان/ دیان، لە دایك بووی ( ١٩٣٤ ) ، چاوپێکەوتن. کۆیە . ٢٤ ـ ٦ ـ ٢٠١٥. ( ئەم ژنە لە ئاکامی ئیشکردنی لە خووری شانەکردن، بە مەکینە/ لە ساڵی ١٩٦٢ دوو پە نجەی دەستی ڕاستی لە دەستدەدا و دەبێتە کەمئەندام بەڵام هەر بەردەوام دەبێ لە کارکردن )

دیانەکانی کۆیە و هەرمۆتە جگە لە دروستکردنی کووپە و شەربە، (کوورەی چا و جفکە) یان دروست دەکرد. کوورەی چا ، لە جیاتی مقاڵەی ڕەژوو بەکار دەهات بۆ چا لێنان ئەویش جۆری گەورە و ناوەنجی و بچووکی هەبوو، لە قوڕی تایبەتی دروستدەکرا، گەورەکەیان ئاوی لەسەر گەرم دەکرا بۆ خۆشتن و کوڵکردن. هەرچی جفکەیە لە جیاتی سێکووچکە بەکار دەهات بۆ ئەوەی مەنجەڵی لەسەر دانێن و ئاگری لە ژێردا بکەنەوە. وەستا ناودارەکانی کوورە و جفکە ئەم دوو ژنە دیانە بوون:

- ساریٚ یەلدا.
- کەترینە میخا.
- حەلیمەی عەباسی ئەحمەدی.
- عەیشیٚ محێدینی مامەمینی.[39]

- **نانەوایی:**

جاران هیچ نانێك بەقەد نانی ماڵی حەمەگرانی ڕەواجی نەبوو، چونکە تامو بۆنی لەگەڵ هەموو جۆرەکانی دیکەی نانی شار جیاواز بووە. (خەجیجی حەمەگرانی)، نانەوایەکی زۆر بەناوبانگ بووە کە لە ماڵەوە نانی تەندووری دروست دەکرد و بە (جەقرتە) نانەکانی بە تەندوورەکەوە دەدا، دەبوایا بەیانی زوو لەبەر دەرگای ماڵیان بۆ نان کڕین، نۆرە بگری. زۆر جار خەڵك لە ماڵەوە ئەستووکی خۆی دەکرد و دەیبردە ئەوەیٚ بۆ پێوەدان. یەك نانی ماڵی حەمەگرانی بە (٥) فلوس بوو ـ ئەو کات نەفەرێك کەباب بە (٥٠) فلس بووە ـ.ماڵی خاتوو خەجیجی حەمەگرانی،

---

[38] ) سەرچاوەی پێشوو.

[39] ) مامۆستا محێدین حەوێز، چاوپێکەوتن.

رێك بەرابنەر باخی شەهیدانی قوڕەبەرازە بوو، کە ئێستا بووەتە دوکان. جاروبار کچێك بەناوی ( کەوکەو ) نانی ماڵی حەمەگرانی لە بازار دەفرۆشت.

ماموستا عەبدولکەریم شێخانی دەڵێ:" نەنەخانە، دایکی وەستا سمایلی نەجار، ئەویش ماڵەکەی لە نزیك ماڵی حەمە گران بوو، ئەویش هەر نانەوا بوو لە ماڵەوە تەندووری هەبوو و نانی ئەویش بەناوبانگ بوو."

- **خوانە دروستکردن:**

خوانە لە کەلوپەلە پێویستەکانی ژیانی جاران بووە ، ماڵ نەبووە چەند خوانەیەکی تێدا نەبووبێت. چونکە لە گەچ دروستدەکرا، زۆرجار دەشکا. وەستای خوانان، کە ناوبانگی هەبووە لە کۆیە و لە ماڵەوە بەدەستی خۆی دروستی دەکردن( خاتوو حاجی فاتم ) بوو، ماڵەکەی لە نزیك قولەتێنی سیسە، پشت مزگەوتی قامیش بوو. یەك خوانەی بە (١٥٠) فلس دەفرۆشت. ( ئەوکات نرخی پێنج خوانە، یەك مسقاڵ زێڕی پێدەکڕا ). لە ژنە دیانەکانیش خاتوو ( ئامینە پەترۆس ) دەست ڕەنگین بووە لە خوانە دروست کردندا.

- **barووت دروستکردن**

چونکە کارگەی گەچ لە دەورەو پشتی شاری کۆیە زۆر بوو، جاران گەچی کۆیە هەنارده دەکرا بۆ ڕانیە و قەڵادزێ و هەولێر. پێویستیان بە ماددەی باروت بوو بۆ تەقاندنەوەی تاوێرە شاخەکانی کە گەچییان لێ دروست دەکرێ. چەند ژنێك بە لێزانی و کارامەی خۆیان لە شۆرە و شەب و دار بی و خەڵوز و گووگرد باروتیان دروستدەکرد و لە ماڵە و کارگەیان دا نابوو. ئەو بنەماڵانە زۆریان بۆ خۆیان کارگەی گەچیان هەبوو وەك ماڵی ( سمایل زریانی و محێدینی کوورەچی ). لەو ژنە باروت دروستکەرانە ئەو ناوانەمان چەنگکەوتووە:

- هــەمینێ مــەرکــەنــەی.
- یــا ئامــانی سـمایل زریــانی .
- خــاتونه کــۆری خێزانی عەدەبــەرەکی .
- ڕابــی محێــدینی کــوورەچی.

خوێنەری بەڕێز، پێویســتە ئەوە لە بەر چــاو بگــرین کــە ئــەو دا پــیرە و نەنکانەی ئێمە چەندە مەشــەقەت و عەزاب و ماندوو بوونیان چێشــتووە تا نانێکی حەلاڵیان بۆ منداڵەکانیان پەیدا کردووە. بەڕاســتی ژیان بۆ ئەوان زۆر قــورس و زەحمەت بووە. لــە کــاتی دروســـتکردنی بــارووت، لــە قۆنــاغێکی پڕۆســـەکەدا، بارووتەکە، کە لــە شــێوەی گــوێزی بچــووکە و گلــۆت گلۆتــە، دەبــێ لــە جۆنیــدا بکووترێت، بە مەرجێك نابێ چەخماخەی ئاگر لــە بەریەککــەوتنی دەســـکەجۆنی بەرد، بە بەردەجۆنی دروســت ببێ. بەداخەوە ، جارێکیان لە ماڵی ڕابی محێــدینی کوورەچــی، لە نزیــك ســـەرقازیلان لـــە ســـاڵی ( ؟ ١٩٤٥ ) دا، جۆنیــە بــارووت دەتەقێتەوە، شــایە تحاڵەکان دەڵێن، گرمەی تەقینەوەکە هەموو گەڕەکی قەلاتێی هەژانــد و بەشـــێکی ماڵەکــە ســـووتا، خۆشـــبەختانە قوربــانیی گیــانی لــێ نەکەوتۆتەوە. [٤٠]

---

[٤٠] * ) ڕووداوێکی تری تەقینەوەی باروت لە کۆیە ، لە سەرەتای هەفتاکانی ســەدەی ڕابــردوو بــوو، کاتێ خالیدی حەمە غەریبی لەگەڵ ســەید جەباری برای سەید حەمەدەمین، بــە گەلابــە دەچــن بــۆ کووران و بە هۆی جگەرەوە، ئەو بارەتەی پێیان بووە، دەتەقێتەوە و بە ســەختی دەســووتێن بــەلام گیان لەدەست نادەن.( سەرچاوە: پیشتوان هەمزە ـ فێسبووك )

* **جـۆنی کـوتــان:**

ماڵێك، جاران جۆنی تێدا نەبووایـە بـە مـاڵ دانەدەنـدرا, سـماق و بـرنج و گە نمیان تێدا دەکوتا. هێندێ جار ژنـان لـە مـاڵی خۆیـان جۆنییـان بـۆ خـەڵکی دەکوتاوە بە پارە. جار بووە ڕۆژێ (٥ ـ ٦) حۆقە برنجیان کوتاوە. لەم پیشـەیەدا هەر ناوی خاتوو (هەمینی سـەیدی قادر) یم بەدەسـت کەوتووە کە ماڵیان لە تەك مەرقەدی سـەید قازیلەی بووە لە گەڕەکی قەڵاتێ.

* **ڕەنگـرێـزیی:**

لەبەر هەژاری و نەداری ، جاران خەڵك جانگ و خامی سپییان لە خم دەگرت و لەبەریان دەکرد، ئەو کۆنە جلوبەرگ و پۆشـاکەی ڕەنگـی چـووبـاوە، دیسـان لـە خمخانە ، خمچی ڕەنگی دەکردەوە. هێندێك ژن لە ماڵەوە ئەم کارەیان دەکرد، پێیان دەگوتن: ڕەنگرێز، مە نجەڵ و سـێریان، لـەجیاتی خمخانەکـە بـەکار دەهێنـا و ڕەنگەکانیان لە بازاڕ دەکڕی. ئەوان پتر هەر سـەڵتە و چاکەتیان بـە ڕەنگـی سـۆر یان مۆر ڕەنگرێز دەکرد و نرخەکەشـی (١٥٠) فلس بوو بۆ هەر یـەکێکیان. لـەم ژنـە ڕەنگرێزانەی ناسـرابوون:

- ڕەحمـەی مـەلاکـەریمی ڕەنگـرێـز .
- ڕەعنـای دایـکی عـەزیزی کورتـاندروو.
- خـاتوونی عەولاغای ـ بایزاغا.

- **مـامـۆســتا :**

**مێژوونووســی نەمر، مامۆســتا تـایەر ئەحمـەد حـەوێزی لـە بـەرگی دووەمـی مێژووی کۆیە، ناوی ( ١٨ ) مەلا تۆمـار دەکـات کـە لـە کۆیـە پـێش ســاڵی ( ١٩٠٠ ) ســوختەخانەیان هەبووە. ئاماژەش بـە نـاوی ( ٧ ) ژن دەکـات کـە ســوختەخانەی خۆیان هەبووە، پێیان دەگوتن:"مامۆســتا". ئەوان مانگانە ( ٥٠ ) فلسـیان لە هـەر شـاگردێك وەردەگرت، ئەوا جگە لە ســەرقەڵەمانە لـە هێلکـە و قەندەشــەکر و مریشك و ....تا . ئەمانـەش نـاوی ئـەم مامۆســتایانەن کـە مێـژوونووس تـایـەر ئەحمەد حەوێزی باسـی کردوون:**

- **فـەقێ فـا تمی کچی عەبدەلڕەحمانی، دایکی ئەحمەدەڕەشـی وەسـمانی.**
- **فـەقێ زەینـەبی وەسـمانی ڕسـووڵی هەنـاری.**
- **فـەقی عەیشـێی حاجی مەلا مسـتەفای نـارنجی.**
- **فـەقێ پیرۆزی مەلا حەبیبی شـەمامێ.**
- **فـەقی حەبیبی خوشـکی خەجێ دارکەر.**
- **فـەقێ گوڵێ خێزانی نەجیـب اغـا.**
- **دایـەخەجێ کە هاوینـان فەقێیەکانی خۆی دەبردە گوندی فـەقێیانێ.** [41]
- **مـەرو دایکی صـلیوە فەرەنسـی، لە هەرمۆتـە، لـە مـاڵی خۆیـدا دەرس و دەوری ئایینی مەســیحی بـۆ شــاگردەکانی لـە کـوڕ و کـچ دەگوتــەوە. ئەگەرچـی نەخوێندەوار بوو ، تەراتیلی ئایینی فێر دەکردن. فێرخوازەکان دەغلێ ودان و هێلکـە**

---

[41] **تایەر ئەحمەد حەوێزی، مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم، چاپخانەی نەمیر، بەغدا، ١٩٨٤، ل.١٧٦. ١٧٧.**

و مریشــك و شــەكر و چا و داری ســووتـانیـان بۆ دەبرد. جار بــووە ماڵــە هــەبووەكان مەڕ و دابەســتەشیان بەخشــیووە.[42]

(لێرە كەوانەیەك دەكەینەوە و دەڵێین: " ٧٠ ســاڵ پێش ئیمرۆ، كچی تەمەن حــەوت هەشــت ســاڵان لە ســوختەخانەكانی كۆیەدا، لەگەڵ كوڕاندا، وەك خوشــك و بــرا، پێكەوە دەرس و دەوریان كردووە، كەچی لە هەزارەی ســێیەمدا، تازە بــانگی جیــا كردنەوەی خوێندكاری كوڕ و كچ دەبیســتین!" ئەمەش ڕیزبەندی ناوی ئەم كچانەیە كە لە گەڵ فەقێی كوڕ لە ســوختەخانە، لە كۆیە، دەیا نخوێند:

(ســەبیحەی كەریم كیشــكەی، فــەقی ئامینە خیزانی زراری چایەچی، حـــەمدییەی مەلا جەلالی خیزانی مەولودی عەولا عیزەتی، ڕەحمــەی حاجی ســـمایلی ، فـــەقی ڕابیعـــە ـ كــە حــافز بــوو، فــەقی كــوردە ـ نــەنكی هونەرمەنــد ـ ئــازاد ـ ی شــمشــاڵژەنی كۆچكردوو. )

- **هەرشـــتەســوور كردنەوە:**

ســالانە هەموو ماڵێك بای خــۆی هەرشـــتەی دروســتدەكرد. دروســـتكردنی هەرشـــتە دوو قۆنـاغە :بڕینەوە و ســوركردنەوە، پــێش ئــەوەی ســـووركردنەوەی هەرشــتە لەلای نانەوایەكان بكرێت، ژن هەبوون هەرشتەیان دەبڕیەوە، نانی نیــوە برژاویــان لــوول دەدا و دەیانبڕیــەوە و دوای ئــەوە ســوور دەكرایــەوە، ئــەمیش بــە كارهێنانی سـێری بە قوڕ ســوواغدراو. لەگەڵ ئەوەشــدا لەهــەر گــەڕەكێك چــەند ژنێك هەبوو كە لە ماڵی خۆیان بە پارە هەرشــتەیان ســووردەكردەوە و حۆقــەی بــە (١٠) فلس بوو (١٩٥٠). لەمانە:

▪

---

[42] ) صلیوە عیسا و وەردە كەریمی هاوسەری . هەرمۆتە، چاوپێكەوتن ، ٢٢ ـ ٦ ـ ٢٠١٥.

- ڕابیــێ محێـدینی.
- خــاتوونــه كۆری ژنی عــهدهبــهرهكێ.
- زەوەخــانی خێــزانی ڕەزای مــام یــەحیــای.
- نــەنــەخەجێ هەرشــتەكەی دەبڕییەوە گــورجی كــچی ، ســووری دەكردەوە، لە گەڕەكی قەڵاتێ.

- **گوڵــەبــەڕۆژە فرۆشـــتن:**

لە هەموو گەڕەكــەكان، چــەند ژنێــك هــەبوون كــە گوڵەبــەڕۆژەی لــە ماڵــەوە دەفرۆشــت. ـ هێنــدێكیان مێــوژ و هــە نجیری وشــككراوەشـــیان هــەبوو، هــەروەها بادەمچە و قەزووان و گە نمەشــامی و بنیشــتی كوردیشــیان دەفرۆشــت ـ بۆ نموونە :

- هاجەری ســیســـەی، گەڕەكی قەڵات.
- حــەلیمێ ڕەزای، خــۆڕخــۆڕی، گەڕەكی قەڵات.
- حــەسیبەی جەمالی.
- حــەمدییەی مــەحمــوود بێ مووی.
- عەیشــێ خەمانی.
- فە یمەی حەمەدەمینی مســتەفای گۆدەی.
- ڕەحمــەی عوســمانی ســاڵحە ڕەشــێ.
- عــەیشــێ ســەردۆری ، بنیشــتی كوردیی هەبوو.
- نــەنــەخەجێ و كچەكەی گــورجی.
- مــەلا ژن، خێزانی مەلا جــەلالی نزیك مزگەوتی منارە. مێووژ و هە نجیری وشككراوەی هەبوو.
- خــاتوو فــەقێ ؟

- **هـۆنینـەوە:**

لە کاتی دەستبەتاڵیدا، ژنە کامڵەکان، دادەنیشتن سینیۆکەك زەنگیانـە و مۆر و مەرجانیان لەسەر کۆشی خۆیان دادەنا و ئەم جۆرە شتانەیان بە زەنگیانە و مۆری شین و ڕەنگاوڕەنگ دەهۆنییەوە و خەڵك دەهاتن لە ماڵەوە لێیان دەکڕین: دووپشك / مار / لە پکەشین / زەنگیانەی پێی منداڵان / پاوانەی بە مۆرییە شین / قولاب / گوارە / بازنۆکەی بە زەنگیانان/ بەندۆکە ( هی فەقیران بوو ) / کرمۆکە ( هی دەوڵەمەندان بوو ). ئەم ژنەی زۆر دەستڕەنگین بوو لەم هونەرەدا: ئامینەی عەولا جەیدی بوو لە گەڕەکی قەلاتێ.

- **چێشت لێنان:**

▪ لە کۆیە قەت ژن چێشتخانەی نەبووە، بەڵام لە ماڵەوە هاریکاری هاوسەرەکانیان لە چێشت ئامادەکردن و سەروبەر کردن کردووە. بۆ نموونە، ( حەمە عەبۆ ) چیشتخانەی سەروپێچکی هەبوو، خەسووە کەی بۆی چاك دەکرد و خێزانەکەشی بۆی لێدەنا، ئەو لە چێشتخانە دەیفرۆشت. ( مستەفای زرۆبییان ) زرۆبییەکی زۆر تایبەتی بە تام و چێژی بەیانیان دەفرۆشت، کە لە ماڵەوە دایکی ، یا مەنیج، بۆی ئامادە دەکرد و دواتریش بووکەکەی ( ئیقلین ) لێی فێر دەبێت.[٤٣] سەردەمانێك کۆببە فرۆشێکیش هەبوو کە لە ماڵەو کوبەی حەلەبییان بۆ دەکرد( ١٩٦٣ ) ـ بەداخەوە ناوەکەیم لەبیر نەماوە ـ . هەروەها خەجاوی خێزانی

---

[٤٣] ) لە زارای زێبای حوسێن عەزیزی" لە ئیقلین خانم پرسی کە چۆن ئەم جۆرە شلکێنە دروست دەکەین ؟" ئەویش دەڵێ "من سوێند دراوم کە ئەم سڕە لای کەس نەدرکێنم. " بۆیە ئێستا کەس نازانی ئەم جۆرە شلکێنە دروست بکات. بەداخەوە جورە خواردنێکی کوردەواری لەناوچوو!.

ئـەمینی، کوبەی بر نجی دروســـت دەکـرد و حەمـە شـــەلی کـوڕی ،بـەیانیان لـە کۆلانەکانی شـار دەیفرۆشـت. فەیمـەی حەمـەدەمینی مســـتەفای گـۆدەی. کوبــەی بر نجی دروستدەکرد و کوڕەکـانی بۆیـان دەفرۆشـــت، کوبــەی بــە (٥) فلـس بــوو. کرێکارەکانی خانووبەرە، ئەم کوبەیان، بەیانیان، بە نان و چایی دەخوارد.

(ســـبە کەچەڵ) کە ژنە دیانێکی شـــاری کۆیە بوو، چێشـتی لێنەدەنا، بــەڵکو (دنـکەڕەقــەی ن بوڕمان) دەنارده بازاڕ بۆی بفرۆشـــن. دنـکەڕەقــە، دنکە هەناری وشـككراوەیە، لە ئـاو دەکرێـت و نـەختێك دەخووســـێتەوە و لــە تریانـــان یـان پێتەرازوانی دەکەن و دەیفرۆشـن. پیاڵەیەك یان جامولکەیێکی بچووکی بە (٥ ـ ١٠) فلس بوو (١٩٥٠).

هەر لەم بوارەدا، لە نێو ژنە پیشـەوەرەکانی دیـانی کۆیـە دوو کەســـی تـریش هەبوون:

- بـاســـیمە عیســـا، هەموو جۆرە مەزەیەکی لە ماڵ ئامادە دەکرد بۆ هاوســەرە مەیفرۆشـــەکەی کە لە بازاڕ، دوکانی مەیفرۆشــی هەبوو.
- یـــادی دڵپــاك، لە ماڵەوە لوولە( گەصی) نەبرژاوی بۆ هاوســـەرەکەی ئامادە دەکرد و ئەویش لە گەصـخانە دەیبرژاند و دەیکردە لەفە گەص و دیفرۆشـت.
- گــوڵچنی شـێرزادی، لە مانگی ڕەمەزاندا، کوبەی بر نجی بە قیمەی لە ماڵەوە دروسـتدەکرد، بۆ یان دەبردە ئەو چا یخانانەی کە بەشــەو سـین و زولفانێ و یاری لێدەکرا و بۆیان دەفرۆشـت. یەك کۆبە بە (١٠) فلس بوو.[٤٤]

---

[44]) محەمەدی حەمە جۆلای. لەدایك بووی ١٩٤٠. کۆیە. چاو پێکەوتن، ٢٦ ـ ٦ ـ ٢٠١٥.

- **سـەمـەنی فرۆشـتن:**

سـەمەنی یەکێکە لەو خواردنە فۆلکلۆرییانەی کە جاران خەڵکی کۆیە شـانازیان پێوە دەکـرد. ڕێوڕەسـمی دروسـتکردنی ئـەم خواردنـە زۆر تایبە تمەنـدە و وەك بۆنەێکی کۆمەڵایەتی خۆشی پـڕ هـات وبـات سـەیر دەکـرا، تەنانـەت شـایی و هەڵپەڕکێ و گورانیشـی لەگەڵدا بوو.[45] هەرچەندە ئەم خواردنە وەك دەستە وایی و دیاری بە سـەر دراوسێ و خزم و دۆست و بـرادەردا دەبەخشـرایەوە، بـەلام خـاتوو عەیشـێی محیدینی مامە مینی و دواتر کچەکەی کە نـاوی ( عەتیـە ئـەمین قـادر) بوو، هەموو پاییز و زسـتانان، چەند مە نجەڵێك سـەمەنی بـۆ فرۆشـتن ئامـادە دەکرد. لە ساڵەکانی چلەکانی سـەدەی ڕابردوو بە هەناری مشـتاغ و هە نجیر ومێـوژ و شـتی تر دەیفرۆشـت. تـا سـاڵی (١٩٥٠)ش سـەمەنی لە کۆیە ئامادەدەکرا.[46]

- **بـادە و شـەراب دروسـتکردن:**

ئەم پیشـەیە لە دێرزەمانەوە تایبەت بـووە بـە دیانـەکانی کۆیـە و زۆریـان ژیانیان لەسـەر ئەم پیشـەیە بـووە. جـا جگـە لـە پیاوەکـان هێنـدێك لـە ژنـە دیانەکانیش عارەق و شـەرابیان لە ماڵەوە دروسـت دەکـرد و دەفرۆشـت ـ زۆر جـار پۆلیس هەڵی دەکووتایە سـەر ماڵەکانیان و کەرەسـتە و کەلوپـەلی دروسـتکردنی عارەقی لێ دەشـکاندن و سـەر ئێشـەیان بۆ دەنانەوە ، لەو ژنە مەی فرۆشـانە:

---

[45] * جاران دروستکردن و ئامادەکردنی هێنـدێك خـواردنی کـوردەواری بۆنـە و داب و نـەریتی خـۆی هەبووە و وەك کارێکی هەماهەنگی ئە نجامدراوە. تا ئێسـتاش ( شـیویلەی حـاجی لەقلـەق) ، لـە بەهاراندان، لەگەڵ گەیشـتنی یەکەم حاجی لەقلەق بۆ گونـدەکانی ڕۆژهـەلاتی کوردسـتان، بـە جۆش و خرۆشـە و ئاهەنگی بۆ دەگێردرێت.

[46] ) مامۆستا محیّدین حەویز، چاوپێکەوتن.

- وەردیـە یـەڵـدا.
- وارینــە ســلێمان.
- نــەنــەواریٚ.[47]
- غەرییـە مـەڕبێن گۆرگیـس.
- هەنیسـە فـەڕەنسـی، خێزانی عـەمانی ئاشـەوان.
- جـەمیلە مەڕبێن[48]
- هیـلانـە گۆرگیـس.

- **<u>ترشــییات فرۆشـتن:</u>**

لــە وەرزی شــێلم و گێـزەردا، لــە شــاری کۆیــە زۆربــەی ماڵــەکان جــۆرە ترشــییاتێکی کوردەواری دەگرنەوە پێی دەڵێن (شـێلم بە ترش)، کـە کەرەسـتەکەی شـێلم و گێزەر و دەلوجەی تیژ و سـێوی بن عاردی و زەیتون و قەسـپ و سـەوزەیە لە ناو گۆسـکەدا، بـە شـێوازی تاییـەت دەگیرێتـەوە. هـەروەها هێنـدێك مـاڵ تەڕەسـازیش دروسـت دەکەن، کە ئـەویش لـە گەنمـە کوتـا و و ناسـکە شـێلم و گەڵاسـەوزەکەی بە دەسـتوور خۆی دروسـت دەکرێت. جاران لـە هـەموو گەڕەکـەکان چەند ماڵێك هەبوون کە شـێلم بەترش و تەڕەسـازیان دەفرۆشـت جا بە پارەبێ یان بە گۆرینەوە بە گەنم و نیسـك و نۆك و نان و هێلکە. یـەك فـەفخوری پڕاوپـڕ لـە شـێلم بەترش بە (١٠) فلس بوو یان پڕ بە گەنمی خۆی. لەو ژنانەی کە ئەمانەیان دەفرۆشـت:

---

[47] ) سەرچاوەی پێشوو.

[48] ) مریەم ئێایا، ناسراو بە یا بسکان، دیان، لە دایك بووی (١٩٣٤)، چاوپێکەوتن. کۆیە . ٢٤ ـ ٦ ـ ٢٠١٥.

- حـەمدییـەی ڕەشـیدی کورتـاندروو.
- هـەییەتێ عەیشـێ خـانزادی. لە سـاڵی (١٩٧٠)، ترشـییاتی ئەویان دەبرد بۆ لەندەن.
- زبێـدێ سـۆفی کـەریمی شـازەمانێ.
- حـەبەخـڕەی دایکی کـەریمی مام ڕەشـیدی.
- عـەیشـێ بـایزی . شـارەزابوو لە دروسـتکردنی تەڕەسـاز.
- کـافیەی کەریمی حـەمەدی حـاجی وەسـمانی.
- عیسـمەتی تـایـەری پەڕەکەر.
- حەلیمەی خێزانی کاکە شـەلی خمچی.
- مـاڵی کـاکەی ئـەحمـە زەرگـاری.
- حـەلیمێ وەسـتا قـادری کەبـابچی.
- وەردێ هـورمزی دیـان .
- عەیشـێچ محێدینی.
- حەلیمەی عەباسـی ئەحمەدی.
- عەتیەی ئەمین قادری.
- کـافیـەی یا هـەییـەتی شـێلمبەترشـێ.
- پلکـە زەمـۆ ، پلکی ئـەحمـەد دلزاری شـاعیر.[٤٩]
- هـەییـەتە گڕێ.
- یائامانی دایکی ئەڵەمان کوردی تەڕەسـازی دروست دەکرد و دەیفرۆشـت.[٥٠]

---

[٤٩]) سەرچاوەی پێشوو.

- **نـــەوتفرۆشـــتن:**

**جارات هێندێك ماڵ نەوتیان دەفرۆشــت، بەڵام بە بەرمیل و بە تەنەكە و بــە گالۆن نا، بەلكو بە شـــووشـــە. جا ژنەی نەوتفرۆش یەك یان دوو تەنەكە نــەوتی دەكڕی، زســتانان دەهاتن شـــووشـــە شـــووشـــە لێیـــان دەكـــرێ، یـــەك شـــووشـــە نەوت بە (١٠) فلس بوو. جاران نەوت هەر بۆ ئاگركردنەوە بەكار دەهات، بۆ ئاگری ئاگردان و مقاڵە و ســـۆبە. ئـــەوان دار و خـــەڵووزیان بـــۆ ئـــاگری چێشـــت لێنـــان و ئاوگەرم كردن و خوگەرمكردنەوە بەكار دەهێنا. لەو ژنانەی نەوتیان دەفرۆشــت:**

- **ئـــامینەی عـــەولا جـــەیـــدی ، گەڕەكی قەلاتێ.**
- **حـــەلیمێ وەســـتا قـــادری ، گەڕەكی قەلاتێ.**
- **حـــەلیمێ ڕەزای ، خورخوڕی كەڕەكی قەلاتێ.**

- **هـــەنگوین فرۆشـــتن:**

**هەنگوین هەمیشە داخوازی زۆری لەســەر بووە و ئاوهەوای كۆیێی جارن زۆر لــەبار بــووە بۆ پەروەردەكردنی مێــش. بۆیە خاتوو (هەیبەتی لبادی) لە ماڵەكەی خوێیدا بە هاروكاری ( سەمەدد )ی برا هەمیشە چەند شانە مێشــێكی لەماڵ بەخێو دەكرد و هــە نگەوینەكــەی لــە ماڵەوە یان لە بازاڕدا دەفرۆشــت. ئەم كچە كە شــووی نــەكردووە زۆر دەوڵەمەنــد و هــەبوو بووە.**

---

**[٥٠] ) مامۆســتا عەبدولكەریم شــێخانی. پیچداچوونەوە.**

- **جغارە فرۆشـتن:**

**جاران لە بازاری کۆیە، چـەندین دوکـانی تـووتنفرۆش و جغـارەفرۆش هـەبوو. جگەرەی پاکەت زۆر کەم بوو، ئەو جگەرەی کـە لـە قامیشـی پڕکـراوە بـە تـووتنی خۆماڵی دەفرۆشا پێیان دەگوت: ( جغارەی کوردی)، کە زۆربەی بە هاوکاری ژنـەکان لە ماڵەوە ئامادە دەکرا. تا (١٩٥٠) جغارەی کۆیە هەناردە دەکرا بۆ بازاڕەکانی شـاری بەغدا و کەرکوك و موسـڵ. جا هەموو تووتنفرۆشەکان، لە ماڵەوە خغارەی حازریـان هەبوو و ژنەکان دەیانفرۆشـت، قامت قامت لە کاغەز لوول دەدران، هەبوو (٥) دانە و هەبوو (١٠) دانە جغارە بوو، بە (٥) فلـس و (١٠) فلـس دەفرۆشـران. ئـەوان پـەڕە سـیغار یشیان دەفرۆشـت. لەم ژنە جغارەفرۆشـانە:**

- **هەییەتی سابیری حاجی حەمە شێتی.**
- **نەسرینی عومەری گرد یجوان.**

- **بنێشـت فرۆشـتن:**

**لە چیا نزیکەکانی کۆیە و خۆشناوەتی دارەبەن زۆر بوو، بۆیە هەمیشە لە بازاری کۆیە بنێشـت دەفروشـا. لە دوای شەری یەکەمی جیهاندا، چەند ماڵێکی دۆم لە کویێ دا دەژیان و کەلاشی دۆمانەیان دەچنی، ئەوان لە کۆلانەکاندا بنێشـت و دەرزیان بـە کۆنە پەڕۆ ـ بۆ دروستکردنی بنی کەلا ش ـ دەگۆڕییەوە. لە چەند ماڵێکیش ژنـان، بنێشـتیان دەفرۆشـت. وەك ماڵی:**

- **مریەم خانی خۆشـناوی.**
- **هەییەتی سـابیری حاجی حەمە شێتی.**

- **ئـــارد فرۆشــتن:**

**بـاری كوزەرانـی و ئـابووری خەڵك لە كـاتـی شـەری دووەمی جیهـانـی زۆر ســـەخت و ناخۆش بوو، زۆربەی خەڵك هەژار و نەدار بوون ، شـاری كۆیەش جۆرە بێدەرامەتی و بیٚ ئیش و كارییەكی پێوە دیار بوو، تـاوەكو دامەزراندی كۆماری مەهاباد، ئەوبوو بـۆ خافلاٌنــدنی خــەڵك و مەشـغوولكردنیان و دوور كەوتنتــەوەیان لــە بـیر و هەســتی شــۆڕشگێری، حكوومــەت مەســـەلەی مامەڵـــە و فەحســی تـــووتنی هێنایــە كایــە و پارەیێكی زۆوری خستە بـازاڕەوە . بۆیە تـاكو ســاڵی ( ١٩٤٦ ) هێندێك ژن دەغلٚ و دان و گە نمیان دەكردە ئارد و بە كێلۆ لە ماڵەوە دەیانفرۆشـت ـ حۆقەی بە ٦٠٠ فلس بـــوو، ١٩٤٥ ـ . جا هەر گەڕەكەی ژنە ئاردفرۆشــی خۆی هەبوو، ئەوە، جگە لەو ژنانەی كە دوكاندار بوون و ئەوانیــش ئاردیان دەفرۆشــت.**

- **<u>شــروب فرۆشــتن:</u>**

**جاران تۆزی جۆرە شروبێك ، كە سوور و كەسكی هەبوو، لە دوكانی عەتـارەكان بە كەوچك دەفرۆشــا و لــە ماڵــەوە لەگــەڵ شــەكر و ئــاو دەیانكولاٌنــد و لەســەر ئــەو چالاٌنەیان دەكرد كە بــە بــنی ئیســتیكان لەســەر ئــاری ســەر ســـینییەك بــە ڕیــز دروستدەكرا. دوای ســاردبوونەوی قە تماغەی دەكرد و منداڵ بە پە نجە دەیان خوارد. ( ٥ ) شروب بە ( ٥ ) فلس بوو. ســینییە شروب هەم لەبەر دەرگای مالاٌن دادەندراو هــەم منداڵی پارچەڵەش لەسەر ســەریان دادەنــا و بــە كووچــە و كۆلاٌنانــدا دەگــەڕان بــۆ فرۆشتنی. فە یمەی حەمەدەمینی مســتەفای گۆدەی. شــروبی لەماڵەو دروست دەكــرد. ڕۆژیٚ ( ٣ ) ســینییان بۆ دەفرۆشــت. ( ١٩٤٥ ).**

## شەش

# ژنــە پیشــەوەرەکانی مــاڵان

مەبەســتمان لەم ئیــش و کار و پیشــانەیە کە ژنە پیشــەوەرەکان زۆربەی جار لە دەرەوەی ماڵی خۆیان ئەنجامیان داوە، یا ئەوەتا ماڵی خاوەن ئیش، کەرەســـتە و شــتومەکەکەی هێناوە بۆ ماڵی ژنە پیشــەوەرەکە و ئەویش هەر لــە مــاڵی خۆیــدا کارەکەی بۆ مەیســەر کردوون. وەك:

- <u>پــەڕەکــردن:</u>

هەرچەندە ئەمە پیشــەی پیاوان بووە، بەڵام چەند ژنێك کــە زۆربــەیان دیــان بوون ، کوتك و پەڕەی خۆیان هەبوو، دەهاتنــە مــاڵان لۆکــە و دۆشـــەگ و لێفــە و بــالیفیان بە پارە پەرە دەکرد. جاران خەڵك کەرەستەی لێفــە و دۆشــەگ و بــالیفی دەکڕی و لە ماڵەوە بۆیان دروست دەکــردن. لــە نێــوان چــەند ســاڵێکیش جارێــك، هەڵیان دەوەشاندنەوە و دیسان پــەڕەیان دەکردنــەوە تــا نــەرم و خــۆش بــن. لــەم ژنــە پەڕەکەرانە:

- فـەقێ فـا تمی کچی مام عەبدولڕەحمانی .[51]
- مێرەمـە سـەلمانی، دیانی هەرمۆتە.
- مـریـەم ، پێیان دەگوت ( بـەلـۆ ). دیانی هەرمۆتە.
- هـەنیسـە خوشـکی سـەلمانە سـووری. دیانی هەرمۆتە.[52]
- هـەنیسـە یـەڵدا شـەمعـون.
- مـاریـا نـەعمـان.

- **دەسـتاڕلێـکردن :**

ئەم کارە هەمیشـە ئیشـی ژنان بووە . دەسـتاڕلێکەر زۆربەی جار بـە پشـتی خۆی دەسـتاڕی خۆی دەهێنایە ئەوماڵەی کار بۆ دەکرد، کێشی بەردە دەستاڕی گەورە لە سەرووی ( ٨٠ ) کێلۆیە. دەسـتاڕیش دوو جۆر هەبوو: هی سـاوار و بـرویش، کـە قورس و گەورە بوو وە هی نیسـك و نۆك و ماش کە سـووکتر و بچووکتر بـوو . کـرە ـ یش هەبوو کە لە دار دروسـتکرا بـوو بـۆ لێکردنـی چـەڵتووك. دەسـتاڕ لێکـردن تەنەکەی بە ( ٢٥ ) فلس بوو بۆ سـاوار و برویش و نسـیك و نـۆك و مـاش, ڕۆژ بـووە دەسـتاڕلێکەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە هـەر دەسـتاڕی لێکـردووە، ئەمـەش هـەر مەشـەقەت و ماندوو بوونی ئەم مرۆڤە ناسـك و نازدارە نیشـاندەدات لـە پێنـاوی دابینکردنی بژێویی ژیانیدا.. دەسـتاڕلێکەرە ناسـراوەکان :

- پـلکە پـەری، گەڕەکی قەڵات.
- گـورجیی بـەکر هـاواری.

---

[51] ) سەرچاوەی پێشوو. ل. ١٧٦.

[52] ) صلیوە عیسا و هاوسەرەکەی . چاو پێکەوتن.

- پیــرۆزی ئــه حمــه‌دی ســه‌لکی.
- پــلکه ســــه‌فیه.
- ســـۆفی زه‌ینــه‌ب.
- دایــکی عــه‌زه.
- حه‌له‌کۆر، خه‌سووی عه‌ده کۆری.
- فه‌خری مام که‌ریمی.
- پیرۆزی خوســره‌وی.
- ڕه‌حمه‌ی ســه‌لمه‌ی گۆپکی.

- **مــه‌ڕ بڕینــه‌وه:**

جاران ئه‌وه‌ی نه‌ختێك حاڵی باش بوایه، بۆ قاورمه‌ی زســـتان مــه‌ڕی دابه‌ســته‌ی به‌خێو ده‌کرد، جا ده‌بوایه خوورییه‌که‌ی ببڕنه‌وه. ئه‌مه‌یش هه‌ر ئیشــی ژنان بــوو کــه زۆربــه‌یان یــان هــه‌ر هــه‌موویان دیــان بــوون. ژنــه دیانه‌کــه برنگــی ( قه‌یچــی، مه‌قه‌ســتی ) خۆی هه‌بوو ده‌هات له ماڵه‌وه مه‌ڕه‌کانی ده‌بڕییه‌وه. ســـه‌ری بــه ( ١٢٥ ) فلس ده‌بڕییه‌وه ( ١٩٥٠ ). له‌وانه‌ش:

- مــریه‌م ،( بــه‌لــۆ ). دیانی هه‌رمۆته.
- هه‌نیســـه خوشــکی ســـه‌لمانه ســـووری. دیانی هه‌رمۆته.
- ڕاحێــل ناســراو به ســه‌مه‌نی، خێزانی سـلێمان یــه‌ڵــدا.[٥٣]
- ڕه‌یحــانــه دیــان.
- به‌هــیه دیان.

---

[٥٣] ) مریه‌م ئێایا، چاوپێکه‌وتن.

- **گـەنم كوتـانـەوە:**

**ڕەنگ بێت ، خوێنەری ئیمڕۆ نەچێتە ئەقڵی، كە ژنانی پێشـینان، تەنانـەت بە كوتكی سـەر گەورە و بزمار ڕێژكراوی گەنم كوتانەوە، وەك پیـاوان، لەبـەر دەم جۆنی دادەنیشـتن و بە سـەعات گەنمیان دەكوتایەوە، ئەویش تەنەكـەی بـە (٥٠) فلس بوو. ڕۆژ بوو تا عەسـەر هەر گەنمیان كوتاوە، كە بەڕاسـتی كـارێكی یـەكجار قورسـە و بە هەموو پیاوێك ناكرێت. بەندە هەر ناوی (خـەجیجی مـەلا ڕەش)م پێ پێیدا كرا، كە گەنمی دەكوتاوە.**

- **هـەرشـتە بـڕینـەوە:**

**هەرشـتەبڕەوە بە خۆی و خووانەیەكی تایبەت كە لە تەختـە دروسـتكراوە و چەند چەقۆێكی تایبەت و مەورەت و بەردە هەسـان، دەهاتە مـاڵان بـۆ بڕینـەوەی هەرشـتە. ئەویش بە حۆقە بوو، كە هەر لە دەوری (٢٥) فلس بوو. هـەر گەڕەكـەی هەرشـتەبڕەوەی خۆی هەبوو ، ئەمانە ناوی چەند ژنە هەرشـتەبڕەوەیەكە:**

- **فـاتمێ عـەزیـزی.**
- **دایكی حـاجیـەو ڕەحمـانی.**
- **هـەییـەتێ عەیشـێ خـانزادی.**
- **حەلیمەی عەباسـی ئەحمەدی.**
- **عەیشـێ حوسێن ڕەواندوزی.**
- **عە یشـێ بووك.**
- **حەبیبی حەمەغەریبی كاروانچی.**
- **نەنـكەخـانەی حاجی مارفی.**
- **سـەیفە عەیشـێ نازەنینی.**
- **هـەنیسـە، كچی خاڵە سـێوەی مەقامبێژی ناسـراو، لە هەرمۆتە.** [٥٤]
- **یـامێرێ مـەتێ ، دیان، خەسـووی سیسـتەر مریەم..** [٥٥]

---

[٥٤] ) سەرچاوەی پێشوو.

- **نـانـكردن:**

▪ تــا ســـاڵەكانی حەفتایـەكانی ســـەدەی ڕابــردوو، ژنــان تەنەكـە ئاردێكیان بە (١٠٠) فلس دەكردە نان. ئیمــڕۆ (٢٠١٥)، (١٦) كیلـۆ ئــارد بــە (٢٠) هەزار دینار دەكەنە نانی كوردی ـ بە نەوتی خۆت ـ .چونكە جاران خەڵكەكـە زۆری هەژار بوون، لە هەموو كۆڵانەیەكی شـــاردا، هەمیشـە ژنــە نانكــەر لەبەردەســتدا هەبوو. هــەییەتی عــەیشــێ خانزادی لە گەڕەكی هەواوان ، نانكەرێكی، نــاســـراو بوو.[٥٦] لــە گــەڕەكی بایزاغــاش ، حەبــەی كــۆروەزیری و عەیشـــێ نجـەدینی مـام محێدینی. هەروەها فەیمەی حەمەدەمینی مســتەفای گۆدەی. بـۆ مــاوەی (٢٠) ســاڵ نانی كردووە.

- **كرێـكاری:**

لەبەر نەبوونی و نەداری، زۆرجار ژنە هــەژارەكان كرێكارییــان كــردووە و لــە بەیانی تا پاش عەسـران ئارەقــەی ڕەش و شـــینیان دەرداوە بەرانبــەر (٢٥) فلــس (١٩٦٠). ئەم كریكارییەش بە گوێرەی كارەكە، وەرزی بــووە و هــەموو دەم نــەبووە، زۆربەی ژنە ـ كرێكارەكان بێوەژن و كچە عازەب بوون. ئە مەش جــۆری كریكارییەكـە بوو:

---

[٥٥] ) مریەم ئێایا، چاوپێكەوتن.

[٥٦] ) محەمەدی حەمە جۆلای. لەدایك بووی ( ) ١٩٤٠. خانەنشین، كۆیە. چاوپێكەوتن، ٢٦ ـ ٦ ـ ٢٠١٥.

o **بــژارکــردن:**

جاران کۆیە ڕەز و باغچەی زۆر بوو. جا ژنیان بەکرێ دەگرت بـۆ بـژارکردن و ئیش و کاری باغچەوانی . بۆ نموونە ئەحمەداغای باوکی شـەفیق بەیادی شـاعیر، هەمیشـە چوار پێنج باغچەی هـەبووە، بۆیـە ڕۆژانـە لـە (٢٠) تـا (٣٠) کرێکـاری هـەبووە، کـە هـەموویان ژن بـوون ، تەنانـەت لـە گونـدی هەرمۆتـەی دەهـاتن. ڕۆژانەکەیان لەگەڵ خواردن (٢٥) فلس بوو ـ واتـا پـارەی کـەمتر لـە یـەك نەفـەر کەبابی ئەو دەمە ـ .

o **کەتیرە چاککردن:**

سـاڵانە سـەدان بار کەتیرە لە کۆیـەوە هـەنارده دەکـرا بـۆ شـاری بەغـدا و مۆسـڵ. هێندێك جار دەبوایە کەتیرەکە بژار بکرێت و چاکبکرێت، بۆ ئەم مەبەسـتە ژنیان بە کرێ دەگـرت بـە تایبـەتی کچـی عـازەب. لـە گـەڕەکی قـەلاتێ، خاڵـە ئەسـوەدی باوکی لیوا نەهرۆ، و حەمە تایەری حاجییە فە ندی لە گەڕەکی هەواوان، بە لۆرییان کەتیرەیان هەنارده دەکرد بـۆ شـارەکانی دیکـە و هەمیشـە (١٠ ـ ١٥) کرێکاری ژنیان هەبووە بۆ کەتیرە بـژارکردن . لـە وەرزی تووتنکردنیشـدا، کچـی عازەب و ژنە دەسـتکورتەکان دەبوون بە تووتنەوانی باغچەوانەکانی کۆیە، داویان لێدەدا ، ـ واتـا پەلکی تووتنیان یە شـیشـەی تووتنـەوەو دەکـردە ڕسـتە ـ . لـە شـیشـدانی یەك کەلافەداو بە (٥) فلس بوو. بە هەمان شـێوە بـۆ لـە بێژینگـدانی گەنم دەچوونە سـەر دوکانی عەلافەکان، لە وانە ( حـەنێ یـەڵدا کـەریم ) کـە دیان بوو گە نمی چاکدەکرد.[٥٧]

---

[٥٧] ) مریەم ئێایا، چاوپێکەوتن.

نابێ ئەمەش فەرامۆش بکەین، کە ســاڵانە دەیــان خێــزان لــە وەرزی تووتنــدا، دەچوونە بیتوێن بۆ تووتنەوانی ، بە خاو و خێزانەوە و ساڵ نــەبووە بــە هــۆی تــاو لورز و گرانەتاوە، لەوێ کەسیان لێ نەمردوو بێت.

- **کــرێکــاری گــەچــکاریی:**

ڕەنگ بێ پێت سـەیر بێت گەر بڵێین، جاران ژنی کورد، شـانبەشـانی پیاوان، گێچکارییان دەکرد. خۆ تاکو ئێسـتاش لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتاندا، ژن کریکـاری دەکات بە تاییەتی لە گوندەکان، وەك خشـــتبڕ. بەنـدە هـەر نـاوی ( عــەیشـــێ کــوڕانی ) بەدە ســت کەوتووە کە لە سـاڵەکانی سـییەکانی ســەدەی ڕابــردوو لــە کۆیە وەك کرێکار، لەگەڵ وەستای بەننا گەچکاری کردووە و ڕۆژانەکەشی هەر بیست فلوسێك بووە.

- **جلشـــۆردن:**

زۆرجار دەوڵەمەندەکان بۆ جلشـۆردن، ژنێکیان بە کـرێ دەگـرت لــە ماڵیانــدا کوڵی بۆ دەکردن . نەوت و دار و سـابوون لەسـەر خاوەن ماڵەکە بوو. یەك ڕۆژی دوور و درێژ بە ( ٥٠ ) فلس کوڵیان بۆ ماڵان دەکرد. لەو کوڵکەرانە:

- حــەلیمە ســووری قــوماش فرۆش.
- جــەمیلە مــەڕبێــن ، دیــان.

- **ئــاشــەوانی:**

جاران لــە شــاری کۆیــە و دەوروەپشــتیدا ( ٢٢ ) ئاشــی ئاوهــەبووە، لەبــەر قورسـیی و زەحمەتیی ئیشـەکە ، ئاشـەوانی هەر پیشــەی پیـاوان بـووە، بــەڵام کاتێك ( سـەیدزادە )، مێردەکەی کۆچی دوای دەکات، بـۆ خـۆی دەبێتـە ئاشــەوانی ( ئاشـی سـاغەی ) کە لە خوار حەمامۆك بوو، زۆر بە جوانی و کارامەیی ئیش و کاری

ئاشــەکە ڕادەپەڕێنیٚ. ئەم شـــۆڕە ژنــە لــە زۆر پیشـــەی تــری وەك باغچــەوانی و ڕەزەوانی و ئاژەڵداری، دەســت ڕەنگین و گورج و گۆڵ بووە. جاران مــزەی ئاشـــەوانی هەر گەنم و جۆ بووە و زۆر کەم بە پــارە بــوو. هــەروەها ( عەیشـێی خلــە جــورجی ) لەگەڵ هاوسەرەکەی ئاشــەوانیی کردوە.

کاتیٚ ئاشــی ئاگریٚ بۆ یەکــەم جــار لــە کۆیــە دامــەزرا، خــاتوو ( فــاتیلان ) لــە ئاشــەکەی کاکە زیاد ئاشــەوانیی دەکرد و کاروباری ئەوێی ڕادەپەڕاند.

## حەوت

# هێندێ پیشەی

# تایبەتمەند بە ژنان

لێرەدا، لەبارەی هێندێك لەو پیشە و ئیش و كارانە دەدوێین كە تایبە تمەندیی خۆیان بە ژنانەوە هەیە، لەو ڕوانگەیەوە كە ئەوان ئە نجامدەری كارەكەن و كات و شوێنی كارەكەش پەیوەستە بە جۆری كارەكە. زۆرێك لە ژنان شارەزاییان لەم كارانەدا پەیدا كردبوو ، هەشبوو وەك وەسیلەیەك بۆ پەیداكردنی بژێوی خاوخێزانی سوودی ماددی لێ وەردەگرت. هێندێك لەم ئیشانە حەقدەست و ڕۆژانەی نەبووە، بەڵكو وەك بەخشیش و بەخشین و هاریكاری و خاترانە شتێكیان لە بەرانبەر ئە نجامدانی كارەكە پێشكەشكراوە و نرخەكان دیاری نەكراو نین ، ئەوا ئاستی دارایی ئەو خێزانە و بارو دۆخی كارەكە ، چەندایەتیی و چییەتی یارمەتییەكە دیاری دەكات. ئەمانەش هێندێك لەم ئیش و كارانەن كە بۆم كۆكراونەتەوە ـ ڕەنگ بێ هی دیكەش هەبێ من پێمنەزانی بن ـ :

## • مــامــانی:

هەموو گەڕەکێك یان بنەماڵەیەك مامانی خۆی هەبووە, ئەوان بە ڕێگەی کـۆنی کوردەواری کە لە دایك و دا پیریانەوە فێری بوون ، مامانیان لە ماڵاندا کردووە، خـۆ جاران نەخۆشـخانەی منداڵبوون نەبووە. هەرچەندە ئەم پیشـەیە زۆر دەسـتەوایی تێدا بووە، بەڵام هەمیشـە مامان هەبووە کە حەقدەسـتی وەرگرتـووە و بـە ژنـە زەیسـتانەوەش ماندوو بووە و چەند جارێك دوای منداڵ بوونەکە، سـەردانی دایك و کۆرپەلەی کردووە تـا لە ناوکبڕین و تەندروسـتیان دڵنیا بێت. حەقدەسـتەکە بـە گوێرەی سـەردەم و بنەماڵەکە جیاواز بـووە. سیسـتەر مـریم ( کـە بڕوانامـەی مامانی هەبوو ) لە گۆڤاری ( شـارەوان ـ ژمارە ٥ ) دا دەڵێت:" لە سـاڵی ١٩٥٣ مامانی ( ٧٥٠ ) فلس تـا سـێ دینار بووە ، حەمیدی تـایەر جەلەبی ، کە زابت تەجنیـد بـوو لە کۆیە، بۆ مامانی کوڕەکەی کە نـاوی ( سـەرۆك )ە، شـەش دینـاری دامـێ ، کـە ١٢ مسـقاڵ زێری پێدەهات." [٥٨] بەڵام یا ڕابیعەی حەلێ دەگێڕێتـەوە کـە شـەهید د. خالید حەمـە سـەعید ، نۆبـەرەیان دەبـێ، کراسـێکی کـوردی بـۆ دەکـەن وەك حەقدەسـتی مامانییەکەی[٥٩]. لە مامانە نـاودارەکانی جارانی کۆیە:

- عەیشـێ سـاحێبەی دایکی کاکەی قەسـاب.
- نەنە خەجێ دایکی حەوێزە شـەلی.
- یا ڕابـی.
- ئـامینـەی عـەولا جەیـدی.
- یـا ڕابیعـەی سـابیری حەلێ.
- نـەنـەواری، دیانی هەرمۆتە.

---

[٥٨] ) گۆڤاری شـارەوان ، ژمارە ٥. ل. ٥٥.

[٥٩] ) زبێدەی عەبدوڵای کەبابچی، تەمەن ( ٨٥ ) ساڵ, کۆیە، چاوپێکەوتن ، ٢٠ ـ ٣ـ ٢٠١٥ .

- عه یشێ مەعروفی.
- ڕەحمەی سەلیمەی گۆپکی.
- ئامینەی خارە شەمسی.
- فا تمی کەریمی شەریفی.
- ئامینەی سۆفی عەلی، نەنکی عەبدولکەریم شێخانی ، ئەوەندە لە شارەزا بوو، جاری وا هەبوو ژن دەهاتن بۆ لای و دەستی لێ دەدان و دەیگوت :" بچیە لۆندەرەش منداڵت نابێ." "[٦٠]
- هەنیسە یوسف، دیان.
- نەنە سارێ.
- عەیشێ محیدینی وەسا مینی.
- شافاتم.
- عەیشێچ نازەنینی.
- سیستەر مریەم ، مەسیحی.
- سسیتەر عەیشێ چاو شین.

- **سەقا :**

تا دەورووبەری سییەکانی سەدەی ڕابردوو، لوولەکێشی ئاوخواردنەوە بۆ کۆیە نەکرابوو, بۆیە هەموو خەڵك لە سەرچاوە و جۆگەڵەکان، کە ژمارەیان زۆر بوو و بە قەراغ یان بە ناو شاری دا شۆڕ دەبوونەوە، بە جەرکە و شەربە و تەنەکە و گومگومە( کە هی دەوڵەمەندەکان بوو ) لە سەر شانان یان بە گوێدرێژ

[٦٠] ) مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی. پێداچوونەوە .

ئاویان بۆ ماڵ دەهێنا. دەوڵەمەندەکان، لە ئاغا و تاجیر و مامۆرانی حکوومەت، سەقا ( ئاوکێشیان ) بە کرێ دەگرت و مانگانە پارەیان دەدانێ. ژن و پیاو ئەم کارەیان دەکرد ، بەڵام ژنان زۆرتر. کاتی ئاوکێشانەکەش دوای بانگی بەیانی و پاش نیوەڕۆ و عەسران بووە، هێندێك جاران بە شەویش دەچوونە ئاو هێنان. تەنانەت دوای ئەوەی کە ئینگلیزەکان لوولەکێشیان بۆ کۆیە کرد کە لە سەرەتادا یەك بەلوعە بۆ هەشت ماڵان بوو، سەقا هەر مابوو، چونکە هێندێك دەوڵەمەند هەر ئاوی سەرچاوەیان پێ باشتر و پاکتر بوو، دەیانگوت ئاوی لوولە ژەنگاوییە و کرمی تێدایە ـ بۆیە بەلوعەکان کیسەیان تێهەڵدەکیشرا بۆ ئەوەی ڕۆڵی فلتەر ببینێت. هەندێك ماڵ بیری ئاوی خۆی تێدا بووـ لەو ژنە سەقایانە کە ناوەکانیا نمان پێ پەیدا بووە:[61]

- کەتی میخا. دیانی هەرمۆتە.
- بەفرین عەزیز سلیمان، دیانی هەرمۆتە ( ئەم دوو ژنە لە کارێزەوە ئاویان بۆ مەکتەبەکەی هەرمۆتە و چەند ماڵ و دەکێشا،
  مانگانەکەیان ( ٧٥٠ ) فلس بوو بۆ هەر ماڵێك. سەرەتا بە شان ئاویان دەگواستەوە دواتر بە گوێدرێژ ).
- هەمینێ سەیدە قادری ، نزیك سەرقازیلان لە گەڕەکی قەلاتێ، بە شان ئاوی بۆ ماڵان دەهێنا.

سەقا، تەنیا ئاوی بۆ ماڵان نەدەکێشا بەڵکو کووپەکانی خێراتی شاری کۆیەشیان ئاو تێدەکردەوە. مامۆستا تایەر ئەحمەد حەویزی لە کتێبی مێژووی کۆیە ناوی ئەم خێراتانە تۆمار دەکات کە لەسەر ڕێگاکان داندرابوون بۆ ئەوەی

---

[61] ) هێندێك جار پیاویش دەبوون بە سەقا.

ڕێبوارەکان ئاوییان لێوە بخۆنەوە: خێراتی مەلا بەکرییان، خێراتی ماڵی جەردیسی دارۆغەی، خێراتی حاجی سەعید بەگی، خێراتی داری شێخ وەسمانی، خێراتی باپیر فەقێ ئەحمدی و سەید جامی، خێراتی حاجییان کە لە گۆڕستانی هەواوان دادەنراو ئەم سەقایانە ئاویان بۆ دەبرد و مانگانەکەیان ( ١٥٠ ـ ٣٧٥ ) فلس بوو:

- ئامانی ژنی سەید سمایلی.
- خەجێ ژنی مستەفای هەمینی لیلەی.
- زبێدی ژنی سمایلی قەساب.[٦٢]

خوێنەری ئازیز، بۆ ئەوەی بتبەمەوە جیهانی ئەو سەردەمە سەخت و پڕ زەحمەتییەی جاران و تا هەست بە موعانات و ژان و ئازاری داپیرە و نەنکەکانمان بکەیت، ئەم ڕووداوەت بۆ دەگێڕمەوە: " لە ساڵی ( ١٩٢٥ ؟ ) دا ، کاتێ خاتوو هەمینی سەید قادری دوای مەلابانگدانێ، دەچێت بە جەڕکان ئاو بۆ ماڵێك لە و ماڵانە بکێشێتەوە کە ساقایان بوو، لە ماڵەکەی خۆیدا، شەپڵتەی ئاگر بەر دەبێتەوە سەر زەوی و منداڵێکی ساوای لە ناو بێشکەدا دەسوتێ و دەبێت بە خەڵووز. دوای ئەوەی چەند کاروانێك جەڕکە ئاو دەگوازێتەوە و کارەکەی تەواو دەکات، دەگەڕێتەوە ماڵەوە، بەسەر ئەم کارەساتە جەرگبڕە دادێتەوە و هیچ خەبەری نەبووە کە کۆرپەلەکەی سووتاوە!"[٦٣] ـ شەپڵتە: دارێکی یەك دوو بست درێژە، سەرێکی پەڕۆی نەوتاوی تێئاڵێندراوە، بۆ ڕووناککردنەوە ، وەك چرا ، بەکار دێت، دوای ئەوەی دادەگیرسێندرێت لە شوێنێك دەچەقێندرێت یان جێگیر

[٦٢] ) تایەر ئەحمەد حەوێزی، مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم، چاپخانەی نەمیر، بەغدا، ١٩٨٤، ل.٤٧.

[٦٣] ) زبێدەی عەبدولای کەبابچی، چاوپێکەوتن.

دەکرێت. جـاران ماڵـە هـەژارەکان لـۆکس و لالـە و فانۆســـیان نـەبووە، ئـەوان چراڕەشـکە و شـە پڵتەیان بەکار دەینا. ـ[٦٤]

- **دایــەوانی:**

ژنــە ئـاغــا و دەوڵەمەنــدەکان، دایــەوانیان بــۆ منداڵــەکانیان دەگــرت، لــە ماڵەکانیاندا ژوورێکیان بۆ تەرخان دەکرت و جلوبەرگ و نانخواردنی لەسـەر ئەوان بوو، بڕێکیش پارەیان دەدایە، دەبوایە دایەوان هەر لەو ماڵە بێت تا منداڵەکـە لـە شــیردەبێتەوە. هـەر بنەماڵەیـەك دایــەوانی خـۆی هـەبوو. تــەنیا نــاوی ئــەم دایەوانانەم پێ پەیدا بووە:

- یــاڕەیحــانی خێزانی تایەرئاغا، دایەوانی ڕەحمەتی کاکە زیادی حەماغای کۆیە بــووە. بــەهۆی دایانەتییــەوە مەسـرەفی مــاڵی تایــەراغا و هەردوو گونــدی شــیواشـۆکی ســەرەوە و خوارەوە دەکەوێتە ئەسـتۆی حــەماغا.[٦٥]

---

[٦٤] ) زبێدەی عەبدوڵای کەبابچی ــ دایکم ــ لە زاری باوکییەوە دەگێڕێتەوە، کە ئەویش لە باوکی بیستووە: " کچێکی سەقا، کوندەیەکی گەورەی ئاو لەسەر پشـت دەبـێ و مانـدوو دەبێـت و تــاوێ دادەنیــشێت تا ماندووی بحەسـێتەوە، کە دەیەوێ هەڵسێتەوە سەر پێ نـاتوانێ، کـوڕێکی جاحێـڵ بەوێدا ڕەت دەبێ و داوای لێدەکا دەستی بگرێ تا هەڵدەستێتەوە. کۆڕە یارمەتی دەدا تا لە سـەر پـا ڕادەوەستێ، کە دەبینێ کچە هەر دوو دەستی بە پەتکی کوندەکەوەیەو بارەکەشی قورسـە و کەسـیش دیار نییە، ماچێکی لێ دەکات. کچە ئەمە بۆ براکەی دەگێڕێتەوە و هەر ئەو ساتە ، براکەی دەچـێتە سەر ڕێی کوڕە ماچکەرەکەو بە خە نجـەر دەیکوژێ.... وا پێدەچێ کە ئەم ڕووداوە لە هـەرەتی شـەری یەکەمی جیهانی بوو بێت و ، حکوومەت هیچ دەسـەلات و هەیبەتی نەبوو، بە بەڵگەی ئەوەی بـاوکی کوڕە قاتیلەکە، کوڕەکەی خۆی بە زنجیر لە کۆڵـەگە دەبەسـتێتەوە، چون دەیـەوێ چـەند کەسـێکی تریش لە تۆڵەی ئەم ماچەدا بکوژێت."

- **زبیـدخـانی دایكی مەولوداغای، دایەوانی دلاوەری كوڕی كاكە زیادی حەماغای كۆیە بووە.**
- **یـا زبێدێ ڕابێ محێدێنێ، دایەوانی چەند منداڵێكی دلارام خانی هاوسـەری كاكە زیاد حەماغای كۆیە بووە. ئەم ژنە ناسیاوی خاتوو دلارامێ بـووە.**
- **خاتوو عەتیەی مام ئەمینی قادری، دایەوانی ئەم سێ كەسـە بووە، لە سێ كاتێ جیاوازدا: فەیرۆزی كچی كاكە زیادی حەماغای كۆیە/ سـەلاحی كوری مام یەحیای / سـامی كوری جەمالی وەهابە كەڕی.**

- **<u>تـەبیبی:</u>**

**هێندێك ژن لە كوردەواریدا، لە ڕێی كەلتوور و شـارەزایی و ئەزموونی خۆیاندا، دەسـتێكی بالاّیان لە پزیشـكی و داو ودەرمـان و چارەســەری هێنـدێك نەخۆشـی هەبووە. شــاری كۆیـەش بـە چـەند تـەبیبب و حـەكیمێك نـاوی دەركردبـوو، لـە شـارەكانی دوور، نەخۆش دەهاتن بۆ چارەسـەر كردنیان و جار هەبووە چەند شـەو ڕۆژێك لە مـاڵی ئـەو تەبیبـە بـۆ عـیلاج دەمانـەوە. ئـەم ژنانـە لـە كەرەسـتە سـرووشـتیەكانی كوردسـتان داو ودەرمانیان دروسـت دەكرد. چارەســەر و عیلاجـی ئەم نەخۆشـی و دەرد و حاڵەتانەیان دەكرد: نەزۆكی، منـداڵ لەبارچـوون، منـداڵ سـوڕان لە سـكی دایكیدا (زگ وەرگەڕان)، ترسـان و گەشــكەگرتن، تیمـاركردنی هەموو زام و برینێك، كەچەڵی، بەڵـەكی، گڕووبـوون، مووڵێهـاتن، چـاوكوولی، بالووكە و نەخۆشـی پێسـت، شـكان و هەڵبەسـتنەوە لەجێچوون و نـاوك كـەوتن،**

---

[٦٥] ) مەسـعود محەمەد، حەماغای گەورە، ل. ٦٢ – ٦٣.

نەخۆشــییەکانی زار و ددان و کۆئەندامی هەرس و هەناســـە و زاوزێ. ئــەوان کەڵــە شــاخیشـــیان دەگــرت. توانـــای دەســتنیشـــانکردنی نەخۆشـــی پیســـیی وەك شــێرپەنجەیان هەبووە . لەبەرانبەردا پارە و دیاری و شــتومەکیان پێداون و نرخی دیاری کراویشــیان نەبووە ، هەرچی نەخۆشــەکە بۆی بەجێهیشــتبانایا ئەوان لێــی نابەدڵ نەبوون و پێیان دەگوت ســەرقەرەمانە . لەم تەبیبانەش:

- ئامینــەی عــەولا جــەیــدی. دەرەجە یەك بوو. توانای دەست نیشان کردنی شــێرپەنجەی هەبووە و ئەو زاراوەی ( صندانی ) بۆ ئەو نەخۆشــییە بەکار دەهێنا.
- یــا ڕابیعــەی ســابیری حەلیٚ. شــارەزا بوو لە نەخۆشــی ژنان و ناوککەوتن و لەجێچوون. تەمەنی کۆرپەڵەی لە زگی دایکیدا بە ڕۆژ و مانگ دە ســت نیشــان دەکرد.
- ئامینەی ســۆفی عەلی، نەنکی عەبدولکەریم شــێخانی ، جگە لــە مامــانی دەرمانی دروست کردووە و ئەو ژنانــەی منــداڵیان نــەبووە، ئــەو دەرمانــەی داونەتیٚ و زگیان پڕبووە.[66]
- عەیشــیٚ خانزادی ، بۆ نەخۆشــی پێســت.
- هەییەتی عەیشــیٚ خانزادی، بۆ نەخۆشــی پێســت.
- وارە ســـلێمان، مەســیحی.
- فەریدە شـــەمعون کچی وارە ســلێمان.
- عەیشــیٚ محێدینی مامەمینی. بۆ زام و برین و ناوەك کەوتن.
- حەبەی کۆروەزیری، بۆ ناوك کەوتن.

---

[66] ) مامۆســتا عەبدولکەریم شــێخانی، پێداچوونەوە.

- صـفیەخانی خێزانی شـەفیق اغای حەوێزی، دایکی جەواداغای ڕەحمەتی. حەکیمی مندالآن بووە. [٦٧]
- وەردە کەریم، شـارەزا لە کەڵەشـاخ.
- سـاریٚ یـەڵدا ئیبراهیم، مەسـیحی ، شـارەزا لە وەرگەڕان و لەجێچوون و ناوککەوتن.
- ڤینـا خۆشـکی پـەترۆس، مەسیحی.

- <u>بـەربـووکیی :</u>

ئاهەنگگێرانی بووك گواسـتنەوەی جاران، بۆنەیکی کۆمەلآیـەتی بـەجۆش و خرۆشـی پڕ زەوق و خۆشـی بوو نەك هەر بۆ مالّی بووك و زاوا، بـەلّکو بـۆ هـەموو گەڕەك و شـارەکە، زۆر جـار شـایی و هەلّپـەڕکێی حـەوت شـەو و حـەوت ڕۆژە و سـوارچاکی و تەدارەکی گەورە بـەڕێوە دەچـوو. تـا دوای شـەڕ دووەمـی جیهـانی، دەبوایە مالّی زاوا پۆلیس ئاگادار بکاتەوە و ئیجازەی شـاییکردن وەرگـرن چـونکە پۆلیس تەرخاندەکرا بۆ چاودێری کردنی بۆنەکە و پێشـکەشـکردنی ئاسـانکاری و پارێزگاری کردنی ئاهەنگێڕەکان. بەربووکیی چـالاکییەکی دیـاری ئـەم بۆنـەبوو. بەربووك، کە هە میشـە ژن بوو، دەبووە ڕێبەر و چاوسـاغ و دەسـتگر و ئیشـکەری بەردەسـتی بووك. ڕۆلّی دیاری هەبوو لە خزمـەتکردنی بـووك لـە خەنەبەنـدان و چوونە حەمام و جیاز گواسـتنەوە . وەك یاوەر و خزمەتکاری بووك بۆ سـیٚ شـە و ڕۆژ لـە مـالّی زاوا دەمایـەوە و دواتـر خزمـەتکردنی لـە حـەمام و مالّـەوە .....بەربووکیی حەقدەسـتی هەبوو، بڕەکەشـی دەوەسـتایە سـەر بـاری دارایـی و بـژێوی مـالّی زاوا ـ جـار بـووە مـالّیٚ بـووکیش پارەیـان داوەتـیٚ ـ . بـەربووك

[٦٧] ) د. عەتیە حەمە سـەعید لە پزێرین. پسپۆڕی دکتوری ژنان، سەرچاوە، پێداچوونەوە.

هەرچەندەکی پێ بدرابایە کەم یان زۆر ڕەتی نەدەکردەوە [٦٨].هەروەها لە جیازی بووکێش بەشی تێدابوو. بەربووك پارەی ( چارە مزگێنی ) شی وەردەگرت. ئەو پارچە قوماشە بلورییە سپییەی خوێنی بووکێنی دەڕژێتە سەر پێی دەڵێین ( چارە یان چار ) ـ چونکە چارەنووسی ئەم بووکە بەند بوو بەم خوێنە ـ ، جا بەربووك دەستماڵی ئەم چارەییەی لە ماڵی خزمانی بووك و زاوا دەگێڕا تا ڕووسپیی بووکیان نیشان بدا، جار بووە ئەم دەسماڵە خوێناوییە لە شارێك دەچوو بۆ شارێك، . جا هەر ماڵەی نەختێ پارەیان بە بەربووك دەدا کە لە ( ١٥٠ ) فلس تا ( ٢٥٠ ) فلس دەبوو ، پێیان دەگوت ( چارە مزگێنی ). [٦٩] لە بەربووکە ناودارەکانی جاران:

- عەیشێ بۆنخۆش.
- حەبیبی دایکی مەغدیدی پۆلیس.
- عاسییە دەرار.
- کوڕە دەروێش.
- عەیشێ نازەنینی.
- نەنەوارێ، دیان بوو، بەربووکی بووکی دیانان بوو.
- کەترینا میخە.ئەویش هەر دیان بوو.[٧٠]

---

[٦٨])بەربووکیی دایکم لە ساڵی ( ١٩٤٣ ) دا ( ٣ ) دینار بووە ، کە ئەو کات دەیکردە نزیکەی ( ٧ ) مسقاڵ زێڕ.

[٦٩])چۆن بووك بەربووکی هەبووە، بە هەمان شێوە پیاو کەسێکی هەبووە کە ڕێنمای وهاوکاری پێشکەش کردووە ، پێیان دەگوت ( برا زاوا ) کە هەمیشە بێ بەرانبەر بووە و هەر لە جیازدا بەشی هەبووە.

[70] ) شەفیقە فەندی حاجی سابیر، کە ئەو شەوەی ژن دێنێ و دەیەوێ بچێتە پەردە، سەیر دەکات بەربووك لە لای دەرگا دانیشتووە و بە گوێرەی داب و نەریتی کوردەواری ئەرکەکان و کاری خۆی جێبەجێ دەکات، ئەویش پێی دەڵێت:" دایە ، ئێمە مامۆستاین، هیچ پێویستیمان بە یارمەتیی تۆ نییە، فەرموو ئەمە حەقی خۆت و زۆر سوپاس زەحمەت مەکێشە بڕۆوە ماڵی خۆت."

- **دەمـووچـاوكردن:**

ژنی كورد، وەك هەموو ژنانی دنیا ئەویش حەزی كردووە كە هەمیشـە جوانتر و بەرچاوتر و شـۆخۆشـونگتر بێت. جا چونكە جاری جـاران سـالۆنی ئارایشـتكردن نەبووە، ئەوا لە هەر گەڕەكێك چەند ژنێك هەبوون پیشـەكەیان ئەوە بووە بە داو و كشـتەك دەموچاوی ژنـان بكـەن و و بـرژنگ و برۆیـان ڕێكبخـات و و گەنـدەمووی دەموچاو و بن گەردنیان لابەرن. بەو ژنانەیان دەگوت " دەموچاوكەر"، هێنـدێ جـار ئەمە دەبووە نازناوی خاوەنەكەی. تا پە نجاكانی سـەدەی ڕابردوو حەقدەسـتەكەی هەر (١٥ ـ ٢٠) فلس بووە. هەمیشـە دەموچاوكەر دەچـووە مالـەكان، یـان لەسـەر داخوازیی ژنـەكان یـان ئـەوەتا هـەر خـۆی دەیزانـی كـە كـاتی دەموچـاوكردنی ماعموولەكەی خۆی هاتووە. زۆر بە دەگمەن ژنان هامووشـۆی مالی دەموچـاوكەریان دەكرد. ئەمە هەر بۆ ژنی خاوەن هاوسـەر بوو، نەدەبوو كچی عازە ب و قەیرە كچ و بێوەژن دەموچاوەیان بكەن.

لەناو كوردەواریدا جۆرە ڕەفتارێكی ڕیاكەرانە، لەبارەی ئەم پیشـەیەوە هەبوو: ژنەكان حەزیان دەكـرد جـوانتر و ڕێكـتر بـن ودلـی هاوسـەرەكانیشـیان ئەمـەی دەخواسـت، كەچی هەم ژنەكان و هەم پیاوەكان بـە چـاوی ڕیـزەوە سـەیری ئـەم پیشـە و پیشـەوەرەیان نەدەكرد، تەنانەت پیاوەكان نەیان دەهێشـت لە بەرچـاوی ئەوان و بە حزووریاندا، دەموچاوكەر بێتە مالیان و ئەم كارە بكات و پارەكەشـیان بە حەرام دادەنا، بێگومان ئەمە لە ژێر كاریگەری بیر وباوەڕی ئایینییەوە بووە، كـە ژن نابێت ئارایشـت بكات و خۆی بە جوانكارییەوە خـەریك بكـات. بـەلام هـەرگیز نەتوانراوە ئەم پیشـەیە لەبەین بەرن و مەحفی بكەنـەوە، چـونكە سـروشـتی ژن

---

دوای ئەم ڕووداوە بەرە بەرە بەربووكی ڕەواجی نامینێت و لەبیر دەچـێتەوە و دەبێتـە بەشـێك لـە ڕابردووی ژنهێنـانی جاران. ئێسـتا كوڕ و كچ چاویان كراوەتەوە و پێویسـتیان بە ڕێنمایی نییە.

وایە کە هەمیشــە شــەیدا و خوولیایی جوانییە! ســەیرەکە لەوە دایە، کە لە لای ژن و پیاوەکان پیشــەی ( ناتریی حەمام ) قەد بە چاوی ســـووك تەماشـــا نــەکراوە و کارێکی ئاســایی بووە، لە کاتێکدا ئەویش بــە شــێوەێك لــە شـــێوەکان لــە ڕووی جوانکارییەوە، خزمەتی ژنی دەکردووە.

لە ســالّی ( ١٩٦٤؟ ) دیاردەی پرچ لە کارەبادان لە کۆیە پەیدا بوو، کاتێــك ژنــە دیان: کاترینای دایکی دکتۆر نەبیل حەنا، بە ئامێری ( فێر )ی کارەبــایی لــە مــالّی خۆیدا پرچی ژنانی نگرۆ دەکرد واتا دەیکردە قەف قەف و لوول لوول. ئــەم ژنــە، بەم پیشــەیە بژێووی ســێ منــدالّی ســـاوای پەیــدا دەکــرد، چــونکە هاوســـەرە کۆمەنیســتەکەی بە دەســتی بەعس لە شــەقلاوە شــەهید کــرا. دوایــی یــەکێك لــە شــاگردەکانی بەناوی ( نەجاتی حەمەدی خە نجەرکەر ) فێری ئەم پیشـــەیە دەبێــت و لــە مالّــەوەوە ئــەویش پــرچ لــە کارەبــا دەدات. ئــەو کاتــە حەقدەســـتی پــرچ لەکارەبادان نە دەگەیشــتە ( ٥٠ ) فلس و زۆربەی مامۆلّەکانی کچی عازەب و نۆ بــووك بوون. پێش ئەوە ژنێکی هەولێری دەهات و ئەم کارەی دەکرد.

( ناوی ژنە دەموچاوکەرەکا نمان لە لای خۆمان پاراســتووە. ) لە پاشکۆی ئەم کتێبــە باســێك دەربارەی ـ ئارایشــت لە کوردەواری دا ـ بخوێــنەوە.

- داخــۆازیــکردن:

لە ( ٩٩٪ )ی هاوســەرگیری جــاران لــە ســـــەر دەســـتی داخوازیکــەران بــەڕێوە دەچوو، تەنانەت ئەگەر کوڕ و کچەکە دلّیشــیان بە یەکتری دابێــت، ئــەوە هــەر لــە نێوان خۆیاندا بووە، دەبوایە ژنێکی داخوازیکەر ( یان چەند ژنێك ) هەنگاوی یەکەم هەلّگرن و بچنە خوازبێنی ئــەو کچــە لــە دایــك و بــاوکی یــان لــەو کەســـەی کــە ســەرپەرشــتی دەکات. بێگومــان بنەمالّــە گــەورەکان و ئاغایــەکان داخوازیکــەری

خۆیان هەبووە، هەرکاتێ کوڕێکیان نیازی داخوازیکردنی کچێکی هەبووایە، ئەوان کارەکەیان بۆ مەیسەر دەکرد. بەڵام بۆ ڕەعییە و خەڵکی ئاسایی، ئەوا چەند ژنێك هەبوون کە زۆر سەرکەوتووانە ئەم کارەیان ئەنجامدەدا، ئەمەیش لەبەر ئەوەبوو کە کەسێتی ئەوان کۆمەڵێك خەسڵەت و کارامایی تێدا هەبووە کە لە ژنانی تردا کەمتر بەدی کراوە ، وەك : کاریزمایی، قسەزانیی، لێوەشاوەیی، ڕووخۆشی و خۆش مەشرەفی ،بلیمەتی لە ڕازیکردندا، بەهرەمەندی لە تەختکردنی کۆسپ و تەگەرە و ئەستەنگەکانی ئەم کارە و دۆزینەوی چارەسەری کتوپڕ و پەسند بۆ هەر داواکارییەکی گرفت ـ ئامێز.[71]

داخوازیکردن پیشە نییە، ئەوە خەڵکە داوای هاوکاری کردنی ئەم داخوازییکەرە دەکەن تا کارەکەیان بۆ پێك بێنێ. کەواتە ئەمە نە حەقدەستی هەیە و نە مزە، بەڵام بۆیە لێرەدا باسمان کردووە، چونکە ناڕاستەخۆ، جۆرە بەخشین و خەڵاتکردنێکی تێدایە، ئەویش دوای سەرگرتنی خوازبێنییەکە، هەم مالی زاوا و هەم ماڵی بووکێ، داخوازیکەریان لەبیر ناچێت و بە جیاز و دیاریی تاییەت بەسەری دەکەنەوە. لە نێو کوردەواریدا، داخوازیکەر بە ڕێزو ەو سەیرکراوە و زۆر جار ئەو دایکانەی کچی عازەبیان هەبووە نیشانی داخوازیکەرانیان دەدا ، تا نیشانیان بدەن و بیانناسن؛ لە داخوازیکەرە بەناوبانگەکانی کۆیە :

- شۆڕەژن شەهید عەیشێ گڵوکە.

[71] ) وا دەگێڕنەوە کە لە ساڵی (١٩٦٤)، لە گەرەکی بایزاغا ، کوڕو کچێك دڵ بەیەکتری دەدەن، بەڵام هەموو داخوازیکەرەکان ناتوانن ماڵی کچە ڕازی بکەن. دوای بگرە و بەردەێکی زۆر داخوازیکەرێك دەچێتە ئەو ماڵەو ئەویش بەرپەچدەدەنەوە ڕازی بوون نیشان نادەن، جا ئەویش دەڵێت:" ئەمە کچی خۆمە و سوێند بە سەری مەلا مستەفای بارزان من ئەم کچەی خۆم دا بەم کوڕە؛" ماڵی کچەش دەستێکیان دەکەوێتە پێش و دەستێکیان دەکەوێتە پاش و دەڵێن:" خۆ تازە ئەم سوێندەی خوارد . ناچارین کە ڕازی بین؛"

- نایلەخانی عومەراغای غەفووری.
- ڕەعنا خانی بابەعەلی.
- خــاتوو خــەدیجی عــومەر ســیدی.
- حــەبیبی ســادقی.

- <u>مــەولــوود خــۆێنــدن:</u>

مەولوودخوێندن، بۆنەیەکی ئــایینی کۆمەڵایــەتیی بــووە، هــەر دوو ڕەگــەز، وەك مەولوودخوێن، ژن و پیاو مەڕاسـیمەکەیان بەڕێوە دەبرد. مەلای مەولوود خــوێن لــە ئاهەنگی مەولوودخوێندنی ژن و پیاوان بەشـدار دەبوو، بەڵام ژنە ـ مـەلوودخوێن، هەر بۆ ئاهەنگی مەولوودی ژنان، دەیخوێندەوە. ئەم بۆنەیە یا ئــەوەتا لــە مــانگی مەولوودیٚ، کە دەکاتە ١٢ ( ربیع الاول )، هــەموو ســـاڵێك ـ ســـاڵڕۆژی لــە دایــك بوونی محەمەدی پێغەمبەر، درودی خوای لەســەر بێت ـ یــان ئــەوەتا ژنــان لەبــەر هاتنــە دیٚ مرازێکیــان مــەولوودیان لــە خــۆ دەگــرت. ژنــە مــەولوود خوێنــەکان خوێنــدەواریان هــەبوو مەولوودنامــەیان دەخوێنــدەوە و حەقدەسـتیشــیان، تــا شــەســتەکانی ســەدەی ڕابــردوو، ( ٢٥٠ ) فلــس بــوو. دوو جــۆر مــەلوود خوێندنــەوە هەبوو: بە ئاهەنگ و داوەت و داوەتکاری لە ماڵی خاوەن مەولوود بە ڕێــوە دەچــوو، یان مەولوود خۆێن بە تەنیا لە ماڵی خویدا مەولوودەکەی دەخوێنــدەوە بــیٚ هــەراو هۆریا و میوان و میوانداری. لە ژنــە ـ مە ولوودخوێنە ناســراوەکانی کۆیە:

- حــەبــاوی ئــامینــەی عــەولا جــەیدی.
- فــەقیٚ گوڵیٚ خێزانی نەجیــب اغا.
- فــەقیٚ ئــامینــە،
- ســەبیحــەی خدر کێشــکەیی.

- بــەهیەی حــەویز جەگەنی.
- فــەزیلەی ســـمایلاغای.

مامۆســـتا تـایەر حەویز لە کتێبی مێژووی کۆیە ناوی ئەم ژنانە تۆمار دەکـات کە لە مەولوودان، جاران، تەنزیلە و غەزەلیان خوێندۆتەوە، ئەمـە بــێ بەرانبــەر بووە. ناوەکان: ( ئـــامەی فا تمێ، گوڵێ کچی وســوو کەمەندی، جـــەمیلەی حــاجی ڕەســووڵی، ئـــامینەی ژنی خــەڵــەف چــاوەشــی. )[٧٢]

- **مجێــوریــی:**

( مجێور یان مجەور) بەو کەســە دەگوترێت کە خزمەتی مزگەوت دەکات، بەڵام لە دەڤەری کۆیە بۆ ئەو کەســەش بەکاردێ کە خزمەتی گۆڕ و شـــوێنی پیاوچــاکان دەکات. لە گوڕســـتانی هەر گوند و شـــارێکی کوردســـتاندا، زۆر جار گۆڕی شـێخ و ســـەید و وەلی و تەریقەتدار و مەلازادەی ناســراو دەبێتە جێگەیەکی پیرۆز وخــەڵك بە تـایبەتی ژنان زیارەتی دەکەن و خێر و نزری بۆ دەکەن ، بە هیوای حاصڵ بــوونی مرازەکانیان دیاری و پارە و شـیرینی و نوقــڵ و جوکلێــت لــە گۆشـــەیەکی گلکۆکــەی دادەنێن و دەبێتە ماڵی مجێور کە حەفتانە چەند جارێك ســەردانی ئــەو شــەخســـە دەکات و پاك و خاوینی ڕادەگرێت و پارە و شـتومەکەکانیش بۆ خۆی دەبات. کــەس ڕاســتەوخۆ پارە ناداتە مجێــور بــەڵکو ، وەك گوتمــان، لەســـەر کۆڕەکــە بــەجێی دەهێڵێ. لە کوردەواریدا زۆربەی مجێورەکان بێوەژن و پیرێژنی دەســتکورت و هەژارن، زۆریشــیان خۆیان جەرگیان ســووتاوە و بە ســەردانی بەردەوامیان بۆ ســەر گۆڕەکــان

---

[٧٢] ) تایەر ئەحمەد حەوێزی، مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم، چاپخانەی نەمیر، بەغدا، ١٩٨٤، ل. ٢٦٧.

نەختێ فەرامۆشییان دێ و نیگەرانیی دەروونییان دەرەوێتەوە. هەمیشە هەر گۆڕێکی پیاوچاکە ناسراوەکان یەك مجێوری هەبووە و کەس مافی ئەوەی نەبوو ، ئەم کارەی لێبسێنێتەوە یان دەری بکات، تەنیا ئەگەر بۆخۆی وازی لێبێنێ یان کۆچ بکات. جاران ژنانی شارنشین ، هەموو ئێوارەی دوو شەممە و پێنج شەممە و ڕۆژانی عالفە دەچوونە سەر قەبران ئەمەیش لەبەر چەند هۆکارێکی ئاوێتە بوو بە یەك: بۆ سەردانی گۆڕی ئازیزان و بۆ دوورکەوتنەوە لە کەش و هەوای خەمناکی نێو ماڵ و بۆ دوعاکردن و پاڕانە و زۆرجار منداڵی نەخۆشیشیان دەبردە سەر گۆڕی ئەو شەخسانە. خۆ ژن هیچ شوێنێکی نەبووە کاتی بێ ئیشی خۆ ی تێدا بەسەر بەرێ. ئەو شەخسانەی کە ناسراو بوون مجێوریان هەبووە ئەمانەن: دەروێش خدر ، لە گۆڕستانی دەرویش خدر. با پیر فەقێ ئەحمەد و سەید جامی لە کەکۆن. شێخی شێخ موسری (یان موسێ) لە هەواوان. (ناوی مجێورەکا نمان لای خۆمان پاراستووە.)

- <u>قورئان خوێندن:</u>

جاران مەلا یان قورئا نخوێن بە کرێدەگیرا بۆ ختمکردنی قورئان لەسەر گۆڕی کەسێکی ئازیز. ئەو قورئا نخوێنە پاش عەسران دەچووە لەسەر گۆڕی مردووەکە چەند سورەتێکی دەخوێند بەم شێوەیە بەردەوام دەبوو تا هەموو قورئانەکەی ختم دەکرد. جا ژنی قورئا نخوێنیش هەبوو، بەڵام ئەوان لە ماڵی خۆیان، هەرکاتێ دەستیان بە تاڵ بووایە هێندێ قورئانیان بۆ ڕۆحی مردووەکە دەخوێند و دەنارد. ئەم ژنانە زۆربەی هەر ئەو کەسانە بوون کە مەولوودیان دەخوێندەوە و بڕی پارەکەش دیاری کراو نەبوو، هەرچەندێك بووایە پێ ڕازی بوون.( بڕوانە ناوی ژنە ـ مەولوود خوێنەکان).

• **سووونەتكردن:**

**بە گوێرەی سوننەت و ڕێوڕەسمی ئاییینی ئیسلام دەبی کوڕ و کچ بە منداڵی سوونەت بکرێن، جا چونکە کومەڵگای کوردەواری زۆربەیان شوێنکەوتەی ئاییینی ئیسلام بوون ئەم سوونەتە یان بەجیٚ دەگەیاند. لە هەر گەڕەکێك ژنێك یان چەند ژنێك ، بۆ سوونەتکردنی کچەکان ،ئەو کارەیان دەکرد، زۆربەی جار لە بەهار و پاییزدا ئەمەیان دەکرد. بۆ سوونەتکردنەکە یا ئەوەتا ئەو دەچووە ماڵی کچەکە، یان لە ماڵێك دادەنیشت و دەستە دەستە کچی گەڕەکیان بۆ دەهێنا و یەك لە دوای یەکتری سوونەتی دەکردن. شێوازی ئە نجامدانی کارەکە زۆر ناتەندروست و مەترسیدار و بیٚ ویژدانانە بوو. حەقدەستی سوونەتکردن بە گوێرەی سەردەمەکە بوو لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو ( ١٠ ـ ٢٥ ) فلس بوو، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بوو بە نیو دینار .( ناوی ئەو ژنانەی ئەم ئیشەیان دەکرد لە لامان پارێزراوە. )[٧٣]**

---

**[٧٣] ) ئەم ڕەفتارە دڕندە نامرۆییانە لە هێندیٚ کۆمەڵگای وەك سودان و سۆماڵ و هێندی ناوچەی تری ئەفریقیا پیادەکراوە. چەند ساڵێك بەر لە ئێستا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا مافی پەناهەندەیی بەخشییە ئافرەتێکی سۆماڵی لەبەر ئەوەی ئامادە نەبووە ملکەچی ئەو کەلتوورە نارەسەنەی بیٚ کە کچە منداڵەکەی هەتك دەکرد، واتا ئامادە نەبووە کچە منداڵەکەی خەتەنە بکات، بۆیە لە ترسی ڕووبەڕووبوونەوەی توندو تیژی کۆمەڵگاکەی سۆماڵی جێهێشت و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش گرتییە خۆی. لە دواتردا کەنەدا و فەرەنسا شوێن پێی ئەمەریکایان لەم مەسەلەیەدا هەڵگرت بۆ بەخشینی مافی بەناهەندەیی بەم جۆرە ئافرەتانە. بەشێك لە کۆمەڵگای کوردیش بە هۆی ناهۆشیاری و دواکەوتوویی و شوێنکەوتنی کوێرانەی کەلتووری عەرەبییەوە ئەم ڕەفتارە قێزەوەن و دڕندانەیان ئە نجامداوە، بە بیانووی کەمکردنەوەی ئارەزووی سێکسیانەی کچ تاکو دووچاری لادان نەبێت.**

http://derunnasy.com/category/%D8%AF%D9%87%E2%80%8C%D8%B1%D9%88%D9%88%D9%86%D9%86%D8%A7%D8%B3%DB%8C-

- **نــووشــتەکردن :**

میــژووی نووشــــتە و نووشـــتە کــردن دەگەڕێتــەوە بــۆ ســـەردەمی فیرعەونــە کۆنەکانی میســـر. دوای هاتنی ئایینی ئیسـلام ، هێندێ شـێخ و ســــەید و مـەلا و مەلازادە نووشــتەیان دەکرد. لە کوردەواریــدا پــتر ژن عــەودالی ئــەم کــارە بــوون و بەدوایدا ئەو شــار و ئەو گوندیان کردووە. شــان بە شــانی هێندێك شـێخ و سـەید و مەلازادە، ژنیش هەبووە کە نووشــتەی نووســیوە و وەك وەســیلەیەك بۆ پەیداکردنی پارە و پوول ســوودی لێ وەرگرتووە. نرخی نووشــتە هەمیشــە کراوە بــووە ، جــاران هەرچەند دەرهەمێك بــوو. ئێســـــتا( ٢٠١٥ )، بــە ( ٣ ) دولار هەیــە تــا ( ٢٠٠ ) دولار و پتریش. ئەو ژنانەی کە لــە کویــە نووشـــتەیان کــردووە و ( ناوەکانیــان لــە لامــان پارێزراوە، ببوورن کە بڵاویان ناکەینەوە )، تێیاندا هەیە : نەخوێنــدەوارە، هەیە لە بنەماڵێکی ئایینییە، هەشــە خاوەن بڕوانــامەیە و نووشــتەنووســە.

ژنان خۆیان دەخیلی دوو وەسـیلەی تریش دەکرد تـا دڵنیا بن لەوەی کــە مرازەکانیــان دێتە دی یان نا :

<u>یەك</u>: دەچوونە لای ژنێکی نوورانی خوا پەرسـتی دڵسـاف و سـادق، تا شـــەو بۆیــان ( بنوێ ) بەیانی تەفســیری ئەو خەونەیان بۆ بکات کە بینیویــەتی. بــۆ ( نووســـتن ) پارە نەدەدرا، بەڵام ئەگەر خەونەکە خۆش بوایا ــ کە زۆربەی جــاران هــەر خــۆش دەبوو ـ، ئەوا دیارییەك یان شــتێکیان بۆ ژنــە نووســـتووەکە دەبــرد. یــەکێك لــەو ژنانە ( ڕابیعەی ســابیری حــەلێ ) بــوو، کــە ژنــان زۆر باوەڕیــان و ئیتقادیــان بــە خەونەکانی بوو.

---

%D8%A6%D8%A7%D9%81%D8%B1%D9%87%E2%80%8C%D8%AA

دووەم: بستگرتنەوە: ژنەی مراز لە دڵ، دەچووە لای پیرێژنێك یان هەر ژنێك كە خۆی ئیتقادی پێ بێت تا بستی بۆ بگرێتەوە, واتا باسكی ژنەی مرازداری بە بستان چەند جارێك دەپیوا و دوای ، پێی دەگوت كارەكەت ڕایی دەبێ یان سەرناگرێ ، جا چونكە هەر بۆ ئەوەی بووە دوو قروشان پەیدا بكات ، زۆربەی جار هەر موژدەی خۆشی و مەیسەر بوونی مرازەكانی پێ بوو. لە گەڕەكی بایزاغا، عەیشە كوڕی مام سدیقی، بستی دەگرتەوە و هەر (١٠ ـ ٢٥) فلسیان دەدایە یان چێشت و خواردنیان بۆ دەبرد.

جگەلەمانە كتێب گرتنەوەش هەبوو ، واتا كتێبگرەوە، كە خوێندەواری هەیە، یا ئەوەتا سەیری قورئان دەكات یان كتێبی تایبەت بە خۆی هەیە كە زۆربەی دەستنووسە و تێیدا دەڕوانی و بەختی ئەو كەسەی پێدەگرێتەوە كە چۆتە لای. ئەمەیش بەرانبەر برێ پارە. لە كۆیە جاران دوو ژن كتێبیان دەگرتەوە كە بە لێبوردنەوە ئاماژە بە ناوەكانیان ناكەین.( لای خۆمان پارێزراون. )

لە كویە هیچ ژنێك نەبووە بۆ پارە و پوول ناو لەپ بخوێنێتەوە، یان بەختبگرێتەوە. بەلام (ست مەلیحە و فاتمی سلێمانی عەولا پارووی) فنجانیان دەخوێندەوە و مزەیان وەردەگرت.

- **کـــارەکـــەری:**

بە درێژای مێژووی مروڤایەتی، لە هەموو کۆمەڵگایەکـدا ، نۆکـەری هـەبووە، بۆیە شـتێکی ئاسـاییە کە ماڵە دەوڵەمەند و هەبوو و ئاغاکان، نۆکەر و خزمەتکار ، بە گوێرەی جۆری کارەکە هەبوو بـێ. زۆربـەی ئـەو ژنانـەی کارەکانیـان دەکـرد بێوەژن و دەسـتکورت و هەژار بوون جا چ خەڵکی شار بووبن یان لادێیی. زۆربەی جار کارەکەریی بە پارە نەبووە، بەلکو نان و زگ و جلوبورگی بۆ دابین کراوە. بـەڵام لـە ماڵی حەماغای کۆیە و ماڵی کاکە زیادی کوڕی، بۆ کارەکەر، خـانووی تاییـەت کـە ژوور و هەیوان و حەوشـەو ..... هەبوو ، لە تەنیشت ماڵیاندا دروسـتدەکرا. جـۆری کارەکەرییەکە و پلە و پایـەی پەیوەسـت بـوو بـە جـۆری ئـەو کـارەی کـە ژنـە ـ کارەکەرەکە ئەنجامی دەدا، وەك:

- سـەرسپیی: بەو ژنە گەڕاوە دەگوترێت کە لە پێش ئاغاژن دەڕوات و ڕێنمای دەکات بۆ ئەو شوێنەی بۆی دەچن.[٧٤]
- چێشتلێنەر.
- چالێنەر.
- لانکژەن.
- کارەکەر. پاکوخاوێنی و کارەکانی ماڵی لە ئەسـتۆ دایە.
- خزمەتکاری میوانان.
- نانکەر و جلشـۆر.
- خوڵامی ئاغاژن. بەرپرسی عەبا و پێڵاو و بۆخچە و شـتومەك هەڵگرتنی ئاغاژن بوو.[٧٥]

---

[٧٤] ) تایەر ئەحمەد ل. ١٠٥

- **<u>لەشـــفرۆشـــی :</u>**

**مادامەکی دەمانەوێ میـــژووی ســــەردەمێك و کۆمەڵگایـــەك بنووســـیننەوە، پێویستە ئەمانەت و سەرراستی لــە نــاوەرۆکی بابەتەکانــدا، بــەو پــەڕیی ڕێــز و حورمەتەوە بپارێزین و ئەوەندەی بۆمــان بکرێــت نەترســێن و شـــەرم نەکــەین لــە خســتنە ڕووی واقیعی حاڵێك کە ڕەنگ بێ بۆ ســەردەمێکی ئایندە ببێتە ســەرچاوە.**

**مێژووی لەشفرۆشی یەکجار کۆنە، تەنانەت وا باسکراوە کە کــۆنترین پێشــەی مرۆڤ بووە بۆ پەیداکردنی پارە. جا پەسندیی و نا پەسندیی ئەم ( پیشەیە ) بەنــد بووە بە دەورو زەمانە و داب و نەریت و ئایین و کلتووری ئەو کۆمەڵگایە. لەســەردەمی گریك و ڕۆمانە کۆنەکانــدا، پیشــەیکی پەســند نــەبووە، بــەڵام قەدەغــەکراویش نەبووە، بۆیە ژنە لەشفرۆشەکان دەبوایە کراسێکی تایبەت بــە ڕەنگێکــی تاییــەت بپۆشــن تا لە ژنەکانی تر جیــا بکرێنــەوە. لــە یاســایەکەی حامورابیشــدا چــەند بەندێك هەیە کــە مــافی ژنــی لەشــفرۆش دەپارێزێــت. ئەگەرچــی هــەموو ئایینــە ئاسمانییەکان، ئەم پیشەیەیان بە نەفرەتترین شت پێناســەکردووە و بــە تووندی ســزایان بۆ لەشفرۆش و لەشکڕ داناوە، بەڵام لێرەو لەوێ هەر هەبووە، جا لــە ژێــر هەر چارشــێو و عەبایەکدا بوو بێت. ئێســتا لــە هێنــدێ وڵاتــی ڕۆژئاواییــدا، تــا ڕادەیەك ئەمــە بۆتــە جــۆرە پیشەســازییەك و یاســا و ڕێســای بــۆ دانــدراوە. لــە ڕۆژهەڵاتدا ئەم پیشــەیە هەمیــشە بــە ســــووکی تەماشــاکراوە و ســــزای یــەکجار توندو تیژی بۆ براوەتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لــە هێنــدێ شــــوێن بــە دزییــەوە هەبووە و دەتوانم بڵێم نەختێ چاو پۆشیشی لێکراوە، هەر بۆ نموونە تا ساڵەکانی هەشتاکانی ســەدەی ڕابردوو، لە شاری بەغدا، چەند گەڕەك و کۆڵانەیەك هەبوو کە**

---

**[٧٥] )* کاری پیاوی نۆکەریش، جیاواز بووە، وەك: پاسەوانی، خزمەتکار، قاوەچی، تفەنگ هەڵگری ئاغا، مشۆرگێریی بازار، ئاغاش ڕیش سپیی خۆی هەبووە ، لە پێش ئەوودا دەڕۆیشت. کت و مت وەك ئەو مەراسیمانەی ئێستا بۆ میر و سەرۆك و پاشایەکان بەڕێوە دەچێ.**

ناوبانگی خرا پیان هەبووە و لە دەورو بەری زۆربەی شارەکانی ناوەند و خوارووی عیراقیشدا، خیوەتگەی تایبەت هەبوو لە بۆ ئەوکەسانەی ئەم پیشەیەیان دەکرد و بە (کاولی) ناسراو بوون و حکوومەتی عیراق هەمیشە چاوپۆشی لێکردوون. وا دەگێرنەوە کە لەسەردەمی پاشایەتیدا ئەو ژنە لەشفرۆشانەیان ، بە ئاشکرا، دەبردە سەربازگە دوورە دەستەکانی عیراق.

دوای پرسیار و سۆراغێکی زۆر، گەیشتمە ئەم ئەنجامە کە ئەم پیشەیە بە هیچ شێوەیەك، لە شاری کۆیەدا، نەبووە ، هەرچەندە پێداگریم کردوە لە گەڕان و توێژینەوە بۆ ئەم مەسەلەیە، بۆ مێژوو دەنووسم کە لە نێوان سالّی (١٩٠٠ ـ ٢٠١٥) ، هێچ ژنێك یان مالێك یان گەڕەك و کۆلانەیەك لە کۆیە نەبووە لەشفرۆش و کەللەچییەتی کردبێ. بەلام پیاوی کۆیی هەبووە چۆتە شاری بەغدا و شارەکانی تری عیراق بۆ کەیف و سەفا و ڕابواردن.

چەند سالێك دوای هاتنی ئینگیز بۆ شاری کۆیە، ژنێکی کۆیی دەبێ کە یەکجار جوان و شۆخوشەنگ دەبێت، بە ناوی( شەدەلار)، ـ هەر ئەم شەدە لارەیە کە لە چەند گۆرانییەکی کوردی ناوی هاتووە ـ چەند بەرپرسێکی سەربازیی ئینگلیز دەیانەوێ مەیلی ئەو ژنە جوانە بۆخۆیان ڕاکێشن و خەلکەکە پێدەزانن و زۆریان پێناخۆش دەبێت، لەترسی ئەوەی نەکۆ سەربازە ئینگلیزەکان شتێك لەو ژنە بکەن و کاردانەوی خرا پی لەسەر شارەکە هەبێ، یەکسەر ( عارفاغا ) ناوێك هێرش دەکاتە سەر شەدەلار و بە خەنجەر دەیکوژێت. عارفاغا دەستگیر دەکرێت و حوکمی ئیعدام کردنی بۆ دەردەچێ، بەلام بە زیرەکی و ئازایەتی خۆی لە زیندانەدا دەرباز دەبێت و ڕادەکات .[٧٦]

---

[٧٦] ) زبێدەی عەبدوڵای کەبابچی. چاوپێکەوتن.

مەسعود محەمەد لە کتێبی ( حەماغای گەورە ) [٧٧] ناوی ژنێك دێنێ کە خەبەری لە غەفوورییەکان داوە. " کاتێ تەقیەدین پاشا، هەمزاغای مەنگوری لە بیتوێن دەستگیر دەکات و لەسەر ڕێگا بە کۆییێ دادێتەوە و چەند ڕۆژێگ دەمینێتەوە. غەفوورییەکان لە میرسەید خۆیان دادەنووسێنن و گوێگری سرکە و کورکەی حکوومەت دە بن. وەها مەشهوۆرە کە ئافرەتێکی بەد عەمەلی کۆییێ لەبەر بەدایەتی پێی گوتراوە ( کەسکەفەندی ) خەبەری بە حکوومەت دەدات ، کە غەفوورییەکان لە میرسەید خۆیان حەشار داوە و شەویش لەوێ دەخەون." بەڵام بەدعەمەلییەکەی ئەو ژنە هەر ئەوەبووە کە جاسووسیی بۆ حکوومەت کردووە. ئەم جۆرە کارە قێزەوەنە لەسەر دەمی ڕژێمی بەعیسیش ڕوویداوە. جارێك ژنە ماستفرۆشێکی دەشتی کۆیە لە ساڵی ( ١٩٨٥ ) خەبەری لە کاروانی ترکتۆران دا کە بەرەو دەشتی کۆیە دەچوون، گوایا یارمەتییان پێیە بۆ پێشمەرگە، فرۆکە هات و قەسفی کردن و خەڵکێکی سڤیلی زۆری شەهید و زامدار کرد. دەبینن کاك مەسعود هیچ ئاماژەی بە بەد ئەخلاقی ئەو ژنە نەکردووە، بەڵام ئەم کارەی کردوویەتی دەچێتە خانەی بەد عەمەلییەوە نەك لەشفرۆشی!

- <u>کاری خۆبەخشانە :</u>

وەك بینیمان کە ژنان لە شاری کۆیە، چەندەها جۆرە ئیش و کار و پیشەیان کردووە بۆ مسۆگەر کردنی بژێوەی سەخت و پڕ مشەقەتی جاران، بەڵام زۆر کاری خۆبەخشی و بێ بەرانبەریشیان بۆ شارەکە کردووە و بە ڕۆحێکی خێرخوازی و مرۆڤدۆستی ئەوەی پێیان کرابێ کردوویانە، وەك:

[٧٧] ) مەسعود محەمەد . حەماغای گەورە، ل. ٣٣

- **مـردووشـــتن:**

هەمیشــە لە هەر گەڕەکێك چەند ژنێك هەبووە کـە خۆبەخشـــانە مردوویـــان شـــووشـتووە. ماڵی خاوەن جەنازە تـــەنیا ســـابوون و لیفکـە و کفنیـــان بـــۆ ئامـادە کردووە.

- جاران ســاڵێ یەك جار یان دوو جــار، ژنـــان مزگـــەوتی گـــەوریان پـــاك و خاوێن دەکردەوە، هەموو ڕایەخەکانیان دەر دەهێنا و خاوێنیان دەکردنەوە. ئەو ڕۆژە دەرگای مزگەوت دادەخراو نەدەبووایە پیاو بچێتە ئەوێ.

- **کـــاری هـــەرەوەزی:**

هەمیشــە کچ و ژنانی گەڕەك هاریکاری یەکتریان کردووە لە ئامادەکردنی زەخیرەی زســتان، لە ســاوار و دۆشــاوی تەماتەوە و داندۆك لە هات وباتی تەماتەو بامیە و باینجان و هە نجیر وشـککردنەوە. ئەوە جگە لە بەشـــداری کردنیـــان لـــە هـــات و باتی بۆنەی خۆشـیی و ناخۆشـیییەکان وەك بووك و پرســە و نەخۆشــیی.

## هەشــتەم

# ژنــە پیشــەورەکان دوای ڕاپــەڕینی (١٩٩١)

ڕا پەڕینی بەهاری ساڵی ( ١٩٩١ ) لە کوردســتانی باشــووردا، تەنیا وەك ڕەشــەبا و زریانێکی تووڕەی جەماوەریی گشــتگیریی، کــە تــەخت و تــاراجی ســەت ســاڵەی ڕژێمی داگیرکەرانی چەنگ بەخوێنی کوردســتانی تفروتوونا کرد، ســەیر ناکرێــت، بەڵکو وەك ســەرتای قۆناغێکی نــوێی مێــژووی کوردســـتان و ڕۆژهــەڵاتی ناوەنــد ئەژمار دەکرێت، دەکرێ بــە دووەمــین گــەورەترین گۆڕانکــاری لــە نیــوەی دووەمــی ســەدەی ڕابردوو لە ناوچــەکە دابنــدرێت، ، دوای ڕوخــانی ڕژێمــی شــاهەنشـــاهی پەهلەوی لە ئێراندا. گۆڕانکارییە بەربڵاوەکە هــەموو کایــە و گۆشـــەیێکی ژیــان و گوزەرانی خەڵکی گرتەوە، بەتایبەتی لە ســـەر ســـەکۆی ســیاسی و ســـەربازی و ئابووری و ڕۆشــنبیری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و شــارســتانییەوە.

ســەرەڕای ئەو هەموو وەرچەرخانە، دەرهاویشــتە و دەسکەوتی ڕا پەڕینەکە، بــە تایبەتی لە گۆڕینی باری گــوزەرانی هاونیشـــتیمانیاندا تــا ســـاڵی ( ٢٠٠٣ )، زۆر ســست و هیواش و بێسەروبەر بــوو، ئــەوی کــە گۆپاڵەکــەی خســـتە نێــو پێچــکەی گالیســـکەی پێشــکەوتنی هەرێمــە ئــازادکراوەی کوردســـتانی باشـــوور، شـــەرە فێزەونەکەی ناوخۆ و گەمارۆ ئابوورییە ســەختەکەی ڕژێمی بەغدای تــەرەس بــوو ، جگە لە کەم ئەزموونی کورد لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و لووشکە و لەقــەی دەوڵەتــە

دراوسێیە ناحەزاەکانمان بۆ شـێواندنی بـارو دۆخەکـە. بۆیـە دەکـرێ ئـەم (١٢) سـاڵە، بۆ خەڵکی کوردسـتان و، ژنان بە تایبەتی، بـە سـەخترین و قورسـترین ڕۆژگار وەسـف بکرێت، بۆیە ژنان نەك هـەر نـەیاتوانی هـەنگاو بـەرەو پێشـەوە هەڵگرن بەڵکو ئەوەی هەشبوو هەڵوەشـایە و پووکایەوە.

ڕاکێشـانی سـەری پەیکەرەکەی سـەددام لە گۆڕەپانی ئەندەلووسـی بەغدا لە (٢٠٠٣) دا، ڕاکێشانی سـەری پەیکەری نەهاماتی و نەبوونی و کولەمەرگی بـوو لـە کوردسـتانی باشـووردا، خۆری ڕۆژێکی نوێمان لێ هەڵهات، بـەرە بـەرە خەڵکەکـە بووژایەوە و کۆنە برینی شـەری ناخۆ دەهات سـاڕێژ بێت و خە ڵك بـیر لـە دواڕۆژی خۆی و منداڵـەکانی بکاتـەوە. ژنـان بـە بـەرگ و دەنـگ و دروشـمێکی تازەبـاوی سـەردەمییانە هاتنەوە سـەر شـانۆی کۆشـش و خەبات و کارکردن. هیچ دامودەزگا و فەرمانگە و مەڵبەندێکی پەروەردە و ڕۆشنبیری نەما لە گوندێکی دوورەدەسـتیش بێت ژنی کارکەری تێدا نەبێ. هەرچەندە بابەتەکەی ئێمە پەیوەسـتە بە پیشـەوەریی، ناکرێ پشـت لەو دیمەنانە وەرگێرین کە بریسـکەی ژنـی تێـدا دەبریسـکێتەوە. ئەوان بە بڕوانامە و بەهرەی جیاوازەوە، کارامەیی خۆیان نواند لـە داینگـەوە تـا بالاترین کۆلێژ و زانکۆ. بەمەیش نەوەسـتان، بوونە خاوەن پلە و پایەی بـەرز لـە سـلکی سـەربازی و پۆلیس و ئاسـایشـدا. دەنگیان بەرز لە هۆڵەکانی بەرلەمانـدا دەنگیدەدایەوە و لە کۆڕ و کۆبوونەوە چارەنووس سـازەکانی وڵات لـە نـاوە و دەرەوە بوونیان هەبووە. هەر لە شـارەکەی کۆیـەدا (٦) سـاڵی ڕەبـەق ،(٢٠٠٤ ـــ ٢٠١٠) خاتوو کوردە عومەر، وەك قائیمقامی دەسـتبەکار بووە و لـە چـەندین فەرمانگـەی هەسـتیار و بـەرپرس وەك بانـك و ئاسـایش و نەخۆشـخانە و پولیسـخانە و کولێژەکان و ......ئەندامی کاراو چالاك و دڵسـۆز بوون. تەنانەت یەکـەمین ژنـە ـ شـوفێری تاکسـی لە کوردستاندا، (تامان شـاکر) کۆیی بوو.

پیشـەوەریی ژنانی سـەردەمی دوای ڕا پەڕین، لەم خاڵانـەدا جیـاوازی هـەبووە لەگەڵ پیشـەی دایك و خوشـكەكانیان لە سـەردەمەكانی زوودا :

• ژمارەیان زۆرە و هەموو ئاسـت و چین و توێژێكی كۆمەڵایەتییان تێدایـە، جـاران تاق و لۆقە ژنێك لە كۆڵانێكدا دوكانی هەبوو، ئێسـتا لە یەك خوێندنگەدا (٣٠) ژن هەنە.

• زۆربەیان خاوەن بڕوانامەن، جا لە ئاستی نزمەوە بیگرە تا بڕوانامەی دكتـۆرا و پرۆفیسـۆر. زۆربەشـیان بە تەمەن گە نجن.

• دەسـتكەووتی ماددیان زۆر باشـترە بە بەراورد لەگـەڵ هاوپیشـەكانی زەمـانی جاران.

• لایەنی بەرپرس لە حكوومەت و ڕێكخرا و سـەندیكا و مەڵبەندە یاییە تەمەندەكان بە پیشـە و كاسبی و كارەكانیان، تا ڕادەیەك سـەرپەرشـتی و چاودێریان دەكەن و هاریكاری و پشتیوانیان لێدەكەن.

خوێنەری بەڕێز...،

وا بە كـورتی ئامـاژە بـەو پیشـە و كـارو كاسـبیانە دەكـەین كـە، یـان ئـەوەتا خاوەنەكانیان ژنن یان ژنان كاری تێدا دەكەن. ببورن كە تەنیا ئاماژە بە پیشـەوەرە ئازادەكاندا دەكەین و بۆمان ناكرێت بپرژێینە سـەر باس وخواسی ئەو ژنانەی كە لـە فەرمانگەكانی حكوومەتدا كاردەكەن.

• <u>ژنـە خاوەن سـاڵۆنەكانی ئارایشـت:</u>

لە لا پەڕەكانی پێشـتر، ئاماژەمان بە خاتوو كاترینا، دایكی دكتۆر مەتی دە نحا كرد، كە لە سـاڵی (١٩٦٣) دا پرچی لە كارەبا دەدا و لەسەر دەسـتی ئەو چەند كچە

کۆییێك فێری ئەم پیشـەیە بوون. بەڵام سـاڵۆنی ئارایشـت لە کۆیە نەکرایـەوە، تـا ( ئاوازی کچی سـەعید شـەبابی ) لـە کۆتـایی سـاڵەکانی حـەفتاکانی سـەدەی ڕابردوو یەکەمین سـاڵۆنی ئارایشتی لە ماڵەوە لە نزیك مزگەوتی مەلا مەعسـووم ، بە ناوی ( ڤارین ) کـردەوە و تـا ئێسـتاش ،( ٢٠١٥ )، بەردەوامـەو سـاڵۆنەکەی لەسـەر شەقامی سـەرەکییە لە نزیك سـەرا.

ئێسـتا، ( ٢٣ ) سـاڵۆنی ئارایـشت لە کۆیە هەیە کە خـاوەن مۆڵـەتی ڕەسـمیین، ژمارەی ئەو ژنانەی کە کاری تێدا دەکەن، کـە زۆربـەیان گـە نجن، لـە نێـوان یـەك وەسـتاژن تـا ( ٣ ـ ٤ ) کـەس دەبـێ ، بـە گـوێرەی کـار و ناوبـانگی سـاڵۆنەکە. نرخەکانیان کراوەیە و بە ڕەسـمی بۆیان دەسـت نیشان نەکراوە، ژنان پێیان وایە کە هێنـدێکیان نرخـەکانیان زۆر بـەرزە و بـێ ویـژدانی تێدایـە. یـەکێك لـە ژنـە ئارایشـتکەرەکان گوتی: " بۆنەی بووك گواسـتنەوە هەیـە کـە هەشـت تـا دە ژنـی لەگەڵدایە، حەقدەسـتی ئارایشـتی بووکەکە ( ٤٠٠ ـ ٥٠٠ ) دۆلار و هی هەر یـەك لـە ژنە یاوەرەکانی بووك، ( ١٠٠ ) دۆلارە. چەند ئارایشتگەیەگ هەیە ، کە وەستاکەی لـە شـارەکانی دیکەوە ، هەفتانە چـەند ڕۆژێـك دێـن کاردەکـەن و دوایـی دەگەڕێنـەوە شـوێنی خۆیان.

ئەمەیش ڕیزبەندی ناوی ئارایشـتگەکانی کۆییە لە سـاڵی ( ٢٠١٥ ) دا :

- سـاڵۆنی ئـایە / گەڕەکی حەمامۆك.
- سـاڵۆنی ئـەوین / گەڕەکی قـەندیل.
- سـاڵۆنی ئێلیـن/ شـەقامی پە یمانگەی تەکنیکی کۆیە.
- سـاڵۆنی بـاوان / گەڕەکی شـەهیدان
- سـاڵۆنی دلڤیـن / گەڕەکی ئـازادی.
- سـاڵۆنی تـەهران / شـەقامی پە یمانگەی تەکنیکی کۆیە.

- ساڵۆنی تیشك/ گەڕەكی دیموكرات.
- ساڵۆنی جولیانا / گەڕەكی حەماموك.
- ساڵۆنی خەندە/ شەقامی پەیمانگەی تەكنیكی كۆیە.
- ساڵۆنی مۆدە/ شەقامی قشڵە.
- ساڵۆنی مەهاباد/ گەڕەكی دڵدار.
- ساڵۆنی لوبنان / شەقامی قشڵە.
- ساڵۆنی لەرین / گەڕەكی كەكۆن.
- ساڵۆنی لاوین / گەڕەكی فیدراڵی.
- ساڵۆنی گەزیزە / گەڕەكی شەهیدان.
- ساڵۆنی ڤارین / شەقامی سەرا.
- ساڵۆنی شەقایق / گەڕەكی سەرباغ.
- ساڵۆنی سایە / شەقامی پەیمانگەی تەكنیكی كۆیە.
- ساڵۆنی سۆما / گەڕەكی شەهیدان.
- ساڵۆنی سرووە/ شەقامی پەیمانگەی تكنیكی.
- ساڵۆنی سیڤیدە / گەڕەكی دۆلاراوە.
- ساڵۆنی هۆنیار / گەڕەكی حاجی قادر.
- ساڵۆنی یارا / گەڕەكی حاجی قادر.

- **كارگەی نانكردن:**

لەگەڵ گۆرانی شێواز و باری گوزەرانی سەردەم، زۆربەی ژنانی شارنشین، ناتوانن وەك زەمانی جاران لەماڵەوە بۆ خۆیان بە سێر و خوانە نان بكەن، بۆیە، لە شاری كۆیەش وەك شارەكانی تری كوردستان، گارگەی نانی كوردیی هەیە،

که تا ئێستا ژمارەکەیان هەر دوو کارگەیە و خاوەنەکانیان ژنن و نزیکەی ( ٢٠ ) تا ( ٢٥ ) ژنە نانکەر کاریان تێدا دەکەن و خاوەن مۆڵەتی ڕەسمیین.. ناوی دوو کارگەکە :

- کارگەی نانی مەهتاب خان / گەڕەکی دڵدار.
- کارگەی نانی داپیرە / گەڕەکی حاجی قادری کۆیی.

لە هەر گەڕەکێکیش، ژنە ـ نانەکەر هەیە کە بە پارە، نانی کوردیی بە سێڕ و خوانە بۆ خەڵك دەکات.

<u>کارگەی Frizo Ice – King :</u>

ئەم کارگەیە تایبەتە بە دروسکردنی شیرنی ساردەمەنی و هەر چوار وەرزی ساڵ کار دەکات. خاوەن مۆڵەتی ڕەسمییە. نزیکەی ( ١٥ ) ژن کاری تێدا دەکەن و بەرهەمەکانی بەسەر بازاڕی کۆیە و دەڤەرەکە دابەشدەکات.

- <u>کارگەی ترشییات:</u>

ژنانی ئەم سەردەمە کەمتر خۆیان بە دروستکردن و ئامادەکردنی خواردن و خۆراکە کوردییە کەلتوورییەکانەوە خەریك دەکەن و زۆریشیان هەر لە چۆنیەتی ئامادەکردنیان شارەزاییان نییە و لێیان نازانن. ئێستاش هێندێك ماڵ شێلمبەترش دەگرنەوە، بەڵام زۆرینەیان لە بازار، ترشییات دەکڕن. لە کۆیە یەك کارگەی ئامادەکردنی ترشییات هەیە کە بە مۆڵەتی ڕەسمیی کار دەکات و نزیکەی ( ٦ تا ٨ ) کرێکاری ژن کاری تێدا دە کەن. کارگەکەیش لە گەڕەکی چوارباغە.

- **دایـنگە:**

**ئەو خێزانانەی کە تێیدا دایك و باوك، فەرمانبەرەن و لە دەرەوەی ماڵەوە کـار دەکەن ژمارەکەیان کەم نییە، بۆیە لە پاڵ دایـنگـەی حکـوومی، داینگـەی ئـەهلیش کراوەتەوە بۆ چاودێری بو سـەرپەرشـتکردنی منداڵی سـاوە. ئێســتا لـە کۆیـە دوو داینگەی ئەهلی هەیە کە خاوەن و کارگێرەکانیان ژنن، ئەوانیش بە ناوی :**

- **داینگەی خنجیلانە.**
- **داینگەی جوانی کۆیەی تایبەت.**

- **بـاغچەی منـداڵان:**

**وەك داینگەکان، ژمارەی باغچەی منداڵان، کە حکوومی بێـت کەمـە و دەرەوەســت ئەو هەموو منداڵە نایەت، بۆیە چـەند باغچـەیەکی منـداڵان کراوەتـەوە کـە هـەم خاوەنەکانیان ژنن ـ یان ژن و مێردن ـ و هـەموو کارگێرەکانیشـیان ژنـن. بەمـەیش بژێویی چەند خێزانێك دابین دەکرێت، ئەوا جگە لەوەی کە یارمەتیدەرە بـۆ هاتنـە دەرەوەی ژنان لە نێو چوار دیـواری ماڵـەوەدا. ئەمـەیش نـاوی ئـەم سـێ باغچـەی منداڵانەن کە ئەهلینە و ژن بەڕێوەی دەبەن:**

- **بـاغچەی سـاوایانی خـانزاد / چواربـاغ.**
- **بـاغچەی سـاوایانی شـەن / چواربـاغ.**
- **بـاغچەی سـاوایانی سـات / گەڕەکی حاجی قادر.**
- **بـاغچەی سـاوایانی ئـارا / گەڕەکی حاجی قادر.**

- **کــافتیریا و مــۆڵ و بــازاڕی ســەردەم:**

ئەگەرچی سێ چارێگە ســەدە بەر لە ئێســتادا، ژنە کۆیی لە بــازاڕدا دوکــان و چایخانەی خۆی هەبووە، ئێمرۆ ئەم دیاردەیە بە شـێوەیێکی تر بوونی خـۆی نیشــــان دەدات، ئەویش ئیشکردنی ژن و کچانە لە کافتیریا و مۆڵ و بازاڕە ســـەردەمییەکاندا (Supermarkets & Malls). زانکــۆی کۆیــە، کــە نزیکــەی پێــنج هــەزار خوێندکاری هەیە ، ( ٧ تا ١٠ ) کافتیریای تێدایە و ســـێ پەیمانگایەکـەی کۆیــەش: پەیمانگای تەکنیکی کۆیە و پــە یمانگای هونــەرە جوانــەکانی شـەهید جەعفــەر و پەیمانگای وەرزش، نزیکەی ( ٢٧٠٠ ) خوێندکاریان هەیە. لە هــەموو کافتیریاکــانی ئەم شــوێنانە ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان کار دەکــەن و بــە نــانی حــەڵاڵی دەســتی خۆیان ، خاوخێزانیان بەخێو دەکەن. ئەگەرچی نزیکەی ( ١٨ ) مۆڵ و ســـوپەرمارکێت هەیە تەنیا لە (Golden Mall )و ســوپەرمارکێتی ( کۆییێ نــوێ) چــەند کچــێکی هەرزەکار کاردەکەن.

- **ژن و شــۆفێری:**

ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆر لە ژنان، ئیمرۆ خاوەن ئۆتۆمبیلی خۆیــانن و خۆشــیان شــۆفێری دەکەن، بەڵام وەك شــۆفێری تەکسی هیچ ژنێك لە کــۆییێ ئەمــەی نەکردۆتــە پیشــەو وەســیلەی نان پەیداکردن، بەڵام ئیمڕۆ دوو نووســینگەی ڕاهێنــانی شــۆفێری لــە کۆیە هەیە، بە ناوی نووسینگەی هەرمان و نووســینگەی ڕۆژ. لە نووســینگەی هەرمان، ژنە شــۆفێری ڕاهێنەر هەیە بۆ ئەو کچ و ژنانەی حەز دەکەن مامۆســتاکەیان ژن بێــت .ئــەم ژنــە ڕاهێنەرە خاوەن مۆڵەتەی فەرمییە و ڕۆژانە ژنان فێرە ئاژۆتنی ئۆتۆمبیل دەکات.

- **خەیـاتی:**

ئەگەرچی، لەم سـەردەمەدا، بازاڕەکان پڕن لە جلوبەرگی هەمەجۆری ناوخۆیی و هـاوردەکراوی ژنـان و کچـان و منـدالان، بـەلام ژمارەیـەکی زۆر لـە ژنـان ، بـە بەکارهێنانی مەکینەی خەیاتی مۆدرن لە ماڵەوە خەیاتی دەکەن ، ئەوان سێ جـۆرە کاردەکەن: دورینی جل وبەرگی کوردی، دوریـنی جلوبـەرگ و پیۆشـاکی سـەردەم و مودیل، وە هەروەها چاککردنی جلوبەرگی تەسك وتروسك و فـش و گـەورە و کـورت و درێژ، بە گوێرەی داخوازی خاوەنماڵ. ئەم ژنە خەیاتانە، جیاوازیان هەیـە لەگـەڵ هاوپیشـەکانیان لە سـەردەمی کۆندا ، لەم خاڵانەی خوارەوە:

- زۆربەی خەیاتەکانی ئێستا، فەرمانبەر و مامۆستا و کارگوزار و خاوەن پیشەی دیکـەن لـە دەرەوەی ماڵـەوە. ئەمـە پیشـەی دووەمیانـە، ( بۆیـەش ناوەکانیـان تۆمارناکەین. )

- دەسـتکەووتی ماددیـان لـەم پیشـەیەدا، بـە بـەراورد لەگـەڵ دەسـتکەووتی خەیاتەکانی قەدیمی زۆر باشـە.

- چونکە زۆربەیان یان هەموویان خوێندەوارن، لە سـەر ستایلی مـۆدێرن دەڕۆن و لاسـای مارکە و مۆدیلەکانی بیانی و جیهانی دەکەنەوە.

- **پیشـەی دیکە:**

جگە لەو پیشـە و کار و کاسبییانەی لە سـەرەوە ئاماژەمـان پێـدا، پیشـەی تریش هەیە کە ژن خاوەنداری و سـەرپەرشـتی دەکات، بەلام ژمارەکەیان زۆر کەمە و بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، وەك :

- خاوەنداری و سەرپەرشتی کردنی کێڵگەی بەخێوکردنی پەلەوەر.
- خاوەنداری و سەرپەرشتی کردنی ڕەز و باغ و باغات.
- کارکردن لە نۆرینگە و دەرمانخانەکانی ئەهلی.
- کارکردن وەك مامۆستا و کارگوزار لە خوێندنگە و پەیمانگە ئەهلییەکان.
- کارکردن وەك میدیاکار لە ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن.
- گوتنەوەی دەرسی خسوسی بە خوێندکاران لە ماڵەوە.

- **تێبینی:**

**یەك:**

**دوای هەڵگیرسانی شەری ناخۆی سوریا، لە ئاکامی ڕا پەڕینەکەی ساڵی (٢٠١٢) و ئاوارە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی سیڤلی ئەم وڵاتەوە و هاتنیان بۆ کوردستانی باشوور و دواتریش لە گەڵ شاڵاوەکانی داعش بۆ سەر دەڤەری موسڵ و ناوەند و ڕۆژئاوای عیراق لە (٢٠١٤) دا، نزیکەی دوو ملیۆن عەرەب و کورد و مەسیحی و ئێزیدی و شەبەك و کاکەیی ئاوارەی کوردستان بوون. ئیمڕۆ لە نێوان (٨٠٠٠) تا (١٠٠٠٠) ئاوارە نیشتەجێی شاری کۆیە و دەوروبەرەکەی بوو وون. جا لەبەر هەژاریی و لێقەوماویی و خرا پی ڕەوشی گوزەرانی و ژیانیان، ڕۆژانە ژنی سواڵکەر لە شەقام و کۆڵانەکانی شاردا دەبینرێن، ئەمانە هیچیان خەڵکی شاری کۆیە و وراتی کۆیە نین و لەو ئاوارانەن کە گوند و شارەکانی خۆیان لە ئاکامی شەڕ و کوشتاردا بەجێهێشتووەی و پەراهەندەی وڵاتای ئێمە بوون.**

**<u>دوو:</u>**

**دوای لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، لە بنەکەکانی پولیس و نەهێشتنی تاوان و گرتووخانەکانی کۆیە، خۆشبەختانە، قەت هیچ ژنێکی کۆیی بە تووەمەتی دزین نە دەستگیرکراوە و نە تاوانبار کراوە. لەکاتێکدا لە دۆسیەی تاواندا، لە شوێنی دیکە، ژن هەیە بە تووەمەتی دزیکردن دەستگیرکراوە و سزادراوە. ئەو ژنانەی لە گرتووخانەی شاری کۆیە بەم تومەتە دەستگیر کراون کۆیی نین و غەرییەن.**

# ئـاكـام

دوای ئەم گەشــتە خێرایە، بە ناو کووچە و کۆلانی ژنە پیشــەوەرەکانی کۆیــە، لەم ســەد ســاڵەی دواییدا، دەتوانین ڕۆشــنایی بخەینە ســەر زۆر خاڵی بایەخــدار و گەشــاوەی ژیانی ڕابردووی ئــەوان و هێنــدێك لایــەنی نــەزانراوی ژیــانی پــڕ ژان و مەرگەســاتیان ئاشــکرا بکەین. بەنــدە ئەم بڕگانەی بەلاوە گرنــگە:

یەك: ژنان لە جۆرەها پیشــە و کار و کاســبی کوردەواریدا دەســــتڕەنگین و بــەکار و چالاك بوون . تەنانەت هێندێك لە پیشــەی پیاوەکانیشــیان کردووە، ئاســنگەریی و دارتاشــی و بەننایی و چەند پیشــەیەکی دیکە، نەبێ، کار نەبووە لێی ترســا بن و دەســتیان بۆ نەبردبێ.

دوو: حەقدەســت و ڕۆژانە و مزەکانیان بە گشــتی کەم بووە و هەمیشــە لە هی پیاو کەمتر بووە . یەکێك لە هۆکارەکانی داخوازیی لەســەر دەســتی کــاری ئــەوان ئــەوە بووە کە ئامادە بوون بە کەمترین بــڕە پــارە کــار بکــەن، ئەمــەیش ناداد پــەروەریی کۆمەلایەتیی و ئەخلاقیی کۆمەڵگای کوردەواری نیشــاندەدات.

ســێ: ژنە پیشــەوەرەکان زۆربەیان لە چینی هەژار و کەم دەرامەت بوون، بەلام لــە چینی ناوەندیشــیان تێدا بووە، کە هەر لە ماڵەوە کاریان کردووە.

چوار: جۆر و شــێواز و چۆنیەتیی کار و پیشــەکانیان ئەوە دەســەلمێنن ، کــە ئــەوان زیرەك و بە توانا و بەهرەمەند بووینــە و لــە زۆر لــە ئیشــــەکانیاندا داهێنانیــان کردووە ، وەك لە بەرهەمەکانی کلاو چنین و ســەڵتە دورین و خەیاتیدا...... دیارە.

پێنج: هێندێك لەو كارانەی كردوویانن لە مەترسی و ئازار و ماندوو بوونی زۆر دوور نەبوونە. هێندێكیشیان بوون بە قوربانی پیشەكانیان بە لە دەست دانی ئەندامی جەستە و ماڵ و منداڵ .

شەش: ژنان زۆر باوەڕیان بە كەسێتی خۆیان هەبووە و مەردانە ئیشیان كردووە و تە یمان و پەرژینی شەرم و داب و نەریتی كۆنی پڕو پووچیان شكاندووە. سەربەستی و ئازادیی تەواویان هەبووە و هەرگیز خۆیان بە كەم نەزانیووە.

حەوت: چین و توێژ و پێكهاتەكانی كۆمەڵی شاری كۆیە زۆر ڕیز و حورمەتیان لەو ژنە پیشەوەرانە گرتووە و بۆ سۆدرەی سەران، ڕووداوێكمان نەبیست هەرگیز كە سووكایەتی بە ژنی پیشەوەری كۆیی كرابێت ـ بەندە لە چاو پێكەوتنەكانمدا زۆر لەو پرسەم دەكۆڵیەوە، خۆشبەختانە شتێ ڕووی نەداوە ئەوانی نیگەران كردبێ ـ تەنانەت ژنە سەقاكان لە گەڵ مەلابانگدان دەست بە كار دەبوون، هێندێكیش لە ژنە خاوەن دوكانەكان بە تەنیا و بێ یاوەر سەفەری بەغدا و موسڵیان دەكرد.

هەشت: ژنی كۆیی خاوەن نەفسییەتێكی زۆر بەرز و شەرەفمەندا بووینە و هەرگیز چاویان لەوە نەبووە سواڵ بكەن و لە بەردەرگای ماڵان داوای یارمەتی بكەن، لە كاتێكدا ژنە پیشەوەر هەبووە كە كەمئەندام بووە و جەستەی ناتەندروست و سەقەت بووە ، وەك شەل و گێڕ و كوێر و سەقەت و پشتكووڕ.

نۆ: ئەوان لە كار و پیشەكانیاندا لە پیاو ماندوو تر بووینە و موعاناتیان زیاتر بووە لە بەر سێ هۆ:

أ ) لێكۆڵینەوە زانستییەكان نیشانیانداوە كە جەستە و پێكهاتەی فیسۆلۆژیی ژن بۆ كاركردنی قورس و سەخت و گران خەلق نەكراوە، ئەو ماسوولكەكانی كەمترە و نەرمترە لە هی پیاو. دوایین لێكۆڵینەوی ئەكادیمی و

تاقیگەیی لە زانکۆیەکی مۆسکۆدا گەیشـــتنە ئـەم ئەنجامـە :" مانـدوو بـوونی کوڵکردنی یەك سـەعاتی ژن بە دانیشـتن لەسـەر چینچکان و بـە بـەکار هێنـانی دەسـتەکانی لە تەشـتاودا ، یەکسـانە بە مانـدوو بـوونی چـوار سـەعات زەوی کێڵانی پیاو بە گوێدرێژ و هەوجار و گاسـن." لە کاتێکدا ژن بـووە ڕۆژێکـی تـەواو هەر دەسـتاڕی لێکردووە یان شتی لە جۆنیدا کووتاوە.

ب ) ئەو دەبێ خزمەتی هاوسـەر و منداڵی سـاوا و منداڵەکانی تریشـی بکـات و پێداویسـییەکانی ڕۆژانە و شـەوانەیان بۆ دابین بکات. نـابێ ئـەوەش فـەرامۆش بکەین کە خودی خۆشـی وەك مرۆڤـ ڕۆژانە پێویسـتی بە چەندین خزمەتکردن هەیە وەك خۆشـتن و جلگۆڕین و خۆ ئارایشـت کردن و ..... تـاد.

ت ) ئەو دەبێ چەندین ئەرکی ماڵیـش ڕا پەڕێنێت و نابێ بهێڵێت کارکردنەکـەی ببێتە هۆی پشـتگوێ خسـتنی ئەوان یان واز لێ هێنانیان، وەك جلشـتن، نانکردن، چێشـتلێنان، زەخیرەکردن، میوان بەڕێکردن، ماڵ خاوێنکردنەوە، بەشـداری کـردن لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و کارە هەرەوەرزییەکاندا.

<u>دە :</u> هیچ ڕێکخراو و لایەن و دامو دەزگایەك نەبووە یارمەتی و هاریکاری و ڕێنمایی ئەوان بکات. کەس نەبووە پارێزەری مافی ئەوان بووبێت و ئاینـدە ومانـدوو بـوونی ئەوان هیچ حیسـابێکی بۆ نەکراوە نـە لـە لایـەن حکوومەتـەکان و نـە لـە لایـەن کۆمەڵگاوە. ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵانەی پارتە سـیاسـییەکانیش بەڕێوەیان دەبـردن لە خەمی ژنە پیشـەوەرەکاندا نەبوون، قەت نەمانبیسـتووە یـەك مسـقاڵە زەڕڕە کاریان بۆ ئەوان کردبێ، ئەوان لە چوارچێوەی بەرنامەی حیزبـی خۆیانـدا کاریـان دەکرد، نەك لە بواری پیشـەوەری و سـەندیکایی و هاریکاریی ئەواندا. ئەگـەر لـە بەرنامەکانی حیزبەکانیشـدا بەنـدێك هـەبێ ئامـاژە بـەوان بکـات، ئـەوا هـەر نووسـراو بووە و لەسـەر ئەرزی واقیع هیچیان بۆ نەکردوون.

يانزده: ئەرك و واجیبە لەسەر كۆمەڵگا و حكوومەت و حیزب و ڕێكخراو و لایەنە بەرپرسەكانی كۆیە، شكۆداری ئەو ژنە پیشەوەرانە زیندوو بكەنەوە بە دروستكردنی پەیكەر و دیوارە تابلو و ناونانی شەقام و گۆڕەپان و شوێنە گشتی و فەرمانگاییەكان بە ناوی ئەوان. مەرج نییە شەقامێك بەناوی یەكێك لەو ژنانە بكرێت، بەڵام دەكرێت لە نەخۆشخانەیەكدا هۆڵێك یان بە شێك بە ناوی ئەوان بكرێت، وەك لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا پێڕەوكراوە.

دوانزده: هێندێك لەو ژنانە، زۆر سەركەوتووانە و كارامانە، لە یەك كاتدا، چەندین ئیش و كاریان ڕا پەڕاندووە و ئەنجامداوە، ئەمەیش هەم نیشانەی لێ هاتوویی و بەهرەداریی ئەوانە و هەم بەڵگەیە كە دەسكەوتەكانیان زۆر كەم بووە و بەناچاری، شانیان داوەتە بەرێ و هەوڵیان داوە دوو قروش زیاتر بۆ منداڵەكانیان پەیدا بكەن. وەك بینیتان، ژن هەبووە، لە یەك كاتدا: مامان و تەبیب و خەیات و نەوتفرۆش و مردووشۆر بووە و چنین و هۆنینەوەشی كردووە، جگە لە كاری خۆبەخشی و هەرەوەزی.

# ئارایشــت لە ناو کوردەواریدا [٧٨]

لەو ڕۆژەوە کە ئادەم و حەوا ســەریان نایە ســەر یەك ســەرین و شیلاوی عیشق و خۆشەویســتییان لە لێوی یەکتر لێســتەوە و لانەی خێزانی هێمنی و ئاســوودەییان پێکەوە دروســتکرد، ئەوە، حەوا، هەرکە دیّ خــۆی بنـاسـێت و دیّ بــەهاری تەمــەنی چرۆی جوانی و ئەڤین و دلاّرامی دەربکات، دەکەوێتە خوجوانکردن و لــە خۆخــەفتن و ئارایشــتکردنی ئەو ئەندامانەی کە بە تیرو نەشــتەری ســــەرنج و حــەز و تـاســــە، جەرگ و دڵی ئادەم پارە پارە دەکەن. بەلای ئەم مەخلوقە خوێن شــیرین و نـاســـکە، ( جوانی ) بەشــێکە لە بەختەوەریی و ژیانی داهاتووی. ئەمەیش وەنەبیّ غەریزەیەك بیّ تەنیا خۆی لە دڵ و هەســتی ئافرەتــدا حەشـــار دابێــت، زۆر لــە تــەیروتوار و گیانداریش هەمان ڕەفتاریان هەیە، بەلاّم بە شــێوەی جیا. بۆ نموونە هێندیّ بـاڵدار ڕەنگی پەڕ و ڕوخســاری دەگــۆڕیّ و بــە جریوەجریــو و بـاڵــەفڕیّ و ڕەقــس و ســـەما ســەرنجی دڵدارەکەی بۆ لای خۆی ڕادەکێشــیّ. کەو پێش ئەوەی بکەوێتە فیکەکردن و هەســتان، ڕۆژیّ چەند سەعـاتێك بە دەنووك خەریکی خۆ ئارایشـــت کــردن دەبــیّ و هێندیّ گیاندار جگە لە گۆڕانی ڕوخســاریان جۆرە بۆنیکی خــۆش دەردەدەن، کــە لــە دوور ڕا ڕەگەزەکەی تر بۆ خۆی ڕادەکێشیّ. هەشــە تیشــکی ســەرووی وەنەوشەیی لــە پۆپیتە و پەرەمووچەکانیان دەردەچیّ.

---

[٧٨] ) ئەم بابەتە پەیوەســتە بە ژن، بۆیە لێرەدا چاپیدەکەمەوە. لە گۆڤاری کاروانی فۆلکلۆر ژمارە (١) ی ســاڵی ١٩٩٠. بلاّوکراوەتەوە.

دیاردەیکی سەلمێنراوە، کە پەیوەندییەکی زۆر بەهێز و ڕاستەوخۆ لە نێوان ئێسك سووکی و ڕەنگ و ڕوخساری مرۆڤ و هەڵسوکەوت و ڕەفتار و کارکردنی ئەودا هەیە. ئیمڕۆ ، هێندێ پیشەوەریی ژنانە هەیە، کە جوانیی ئەو کەسە جانسی وەرگرتنی بەرزدەکاتەوە.

خۆشبەختانە، ئێمەی کورد، لەسایەی کوێستانی سەربە بەفر و ئاوی شیرین و سازگار و هەوای پاك و خوێنپاککەرەوە سروشتە هەزار ڕەنگەکەی کوردستان، بەشێکی زۆری ئەو جوانیی و خوێن شیرینی و ڕۆحسووکییمان بەرکەوتووە. سروشتی دڵفرێنی شاخ و داخ و باغ و چەم و دارستان و سۆلاڤ و کانی و ڕوبارەکان، لە هەموو وەرزەکاندا، تەواو کاری کردۆتە سەر ڕەنگی پێست و چوست و چالاکی و تەندرۆوست باشی ئێمە. ژیان لە کوێستانێکی کوردستان ئاسمان و ڕێسمانی فەرقە لەگەڵ ژیانی بیابانێکی سەرووی ئەفریقا یان شارێکی دوکەڵاوی و هەوا پیسیی بۆگەن. تۆ وەرە، هەر بە چاوی خەیاڵەوە، سەیرێکی شۆڕەژن و کیژۆڵەی نازداری کورد بکە، با لە مەڕدۆشین و مەشکەژەنین و پەرێز و تێلەکێشیشدا بێ، ئەوا، هەر نەخۆی و نەکەی هەر تەماشای سای گەردن و ملیان بکەی، کورد گوتەنی: هەر دەڵێی گەوهەری شەوچراخانان یان ماینی کەحێلن لە شۆخ و شەنگی و دەست ڕەنگینی و کابانیدا.

ژنی کوردیش، وەك هەموو ژنانی دونیا، بۆ خۆجوانکردن و خۆ ڕازاندنەوە، هێندێ کەرەستەی خاو و ئامێری سادە و دەستکردی بەکارهێناوە. دەوڵەمەندیی سروشتی کوردستان بە بەروبووم و دار و دەوەن و گیاوگۆڵ و خاك و خۆڵ و ئاوی سازگار، زۆر بەرهەمی سروشتیی خستۆتە بەردەست و زۆر داودەرمانی ئارایشتکردنی بۆ هێناوەتە کایە. نابێ ئەمەیش فەرامۆش بکرێت کە، ژنی کورد

جاران، هەرگیز لە خۆئارایشتکردندا، مووبالەغەی نەکردووە و خـۆی نەکردۆتـە ( وەك دەڵێن عاجباتی ).

ئەمانە هێندێك لە و داوودەرمان و کەرەسـتە کوردەوارییانەن ، کـە جـاران ژنـی کورد بۆ ئارایشـت کردنی خـۆی بـەکاری هێنـاون و دەکـرێ بـۆ ئـەم سـەردەمەش سـوودیان لێ وەربگیرێت، ئەوەشـمان لـە بـیر نەچـێت، بەرهەمـەکانیان هـەمووی سـروشـتین و خاڵین لە پێکهاتەی کیمیاوی دەسـتکرد، کە زۆر ناتەندروسـتین.

يـەكـەم

# ئارايشـتى پرچ و قژ

تـا بڵێيت ژنی كورد شـانازی بە پرچی درێژ و پـڕ و جـوان كـردووە و زۆرتـرين كاتی خۆی بۆ تەرخانكردووە و لە چاو ئەندامەكانی تـر، پـتر بايـەخی پـێ داوە و خۆی لەگەڵ ماندوو كردووە. خۆشـەويستيی ژنی كورد بۆ پرچ و قژی هێندە مـەزن و پيرۆز بووە، جاران ئەگەر خۆشـەويسـتێكيان يان نەوجەوانێكيان بمردبايە، ژنـان پرچی خۆيانيان بۆ دەبڕی، كە پرچ و قژ ،جوانيی و قەشـەنگی ئـافرەتی كـوردی پێوە بـوو. زۆر جـاريش چـەند تاڵـە مـووێكی پرچـی خۆيـان دەكـردە ديـاری بـۆ خۆشـەويسـتەكەيان وەك نيشـانەيێكی وەفاداری. جاران ئەگەر كـوڕە دەسـتگيرانێك بمردبايە، دەووايە تايەكی بسـكی كچە دەزگيرانەكەی ببڕن و لـە گـەڵ تەرمەكـەدا بيخەنە ناو گۆڕەكەی. جاران بە تەماشـاكردنێكی سـەرپێيی دەتزانـی كـە بـاری دەروونی ژنی بەرانبەرت چۆنە، چونكە ئەوان لە كاتی خـەم و پـەژارەدا، پرچـيان شـانە نە دەكرد.[٧٩] ژنی كورد هەرگيز بەقەسـتی جوانيی پرچـی خـۆی نـەبڕيووە، پرچ بڕين بەڵگەی دڵی شكەسـت و دەروونی وێران بوو. ئەو هەميشـە دوعا دوعـای بووە نەختێ زۆرتر بەسـەر شـان و ملی دا بێتە خـوارەوە و كـەزی لـێ بهۆنێتـەوە و بسكی بەسـەر لا ڕوومەتيدا بەرداتەوە، بۆيە هەميشـە شـانەی دۆمانـە و ئاوێنـەی

---

[٧٩] ) دايكم وا دەگێڕێتەوە، كە خاتوو ڕەحمەی زێڕان لە كۆيە ، بيست سـاڵی ڕەبەق ، لە ئاوێنەدا، تەماشای خۆی نەكرد، دوای كۆچكردنی كچێكی جوانەمەرگی.

بەر باخەڵی هەڵگرتووە و لــە ســـەر کــانی و بــن کــە پر و بەرهــەیوانان خــەریکی شــانەکردن و پەخشان کردنی ئەو پرچ و قژ و زولف و پەرچەمەی خۆی بووە.

جا بۆ ئەوەی پرچ و بسـکیان جوان و بر یسـکەدار بێت لە خەنەیان دەگرت و بۆ ماوەی شــەو ورۆژێك بە پەلکە گوێز و گەڵای مێو ئــەیان پێچــایەوە دوای ئــەوە بــە ئاوی شلتێن و ســابوون ئەیان شت. خەنە بە تـاییەتی بــۆ بــووك لــە دەســـت و پــیّ دەگیرا، ئاهەنگی خەنەبەندانیش داب و نــەریت و دەســـتووری خــۆی هــەبووە و تـــا ئێســتاش لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتاندا بە جوانی بەڕێوە دەچــیّ. بــۆ دەســـت و پــای قەڵشتوو خەنە و پەلکە هەنار بەکار هاتووە.

هێندیّ جار، ( مۆرییە شــینیان ) دەکردە ناو خەنەکە، تــا پرچــیان مــۆر بێــت. بەڵام بۆ پرچ ڕەشــکردنەوە، ســماقاویان بەکار هێناوە. وەســـمە و خــە نەشـــیان تێکەڵ یەکتری دەکرد. لە کۆنەوەش هێلکە بۆ پرچ شوشتن بەکار هاتووە.

گڵەســەر، کە خــۆڵێکی تاییەتــە و لــە چــیاکانی کوردســتاندا زۆرە، لــەجیاتی شــامپۆی ئێمڕۆ بەکار دەهات، ئەویش بە گوێرەی ڕەنگەکەی ( ٣ ) جۆری هەیە : شین و ســپی و مەیلە و ســوور. جاران گڵەســەری وشك، لە ئاوندا دەکووترا تــا ورد دەبــوو، لەجیاتی تۆزی بۆدرەی ئیمڕو، بۆ پاراســتنی لەشــی منداڵی کۆرپەڵە و ســاوا بەکار دەهات.

دەر بار ەی خەنە گوتراوە:

*ســەرت بشــۆرە، خە نە لە تـاس کە*

*ئــاوێنە دانیّ، پەرچەمت خاس کە*

دووەم

# ئارایشـتی چـاو

بۆ ئارایشتی چاو، جاران، ژنان کلیان بەکار دەهێنا. کـل جـۆرە بەردێکـە لـە دەرەوەی کوردسـتان هاوردە دەکریَ. ژنان، جوان جوان لە ئـاونی تاییـەت بـە کـل، کلەکە دەکوتن تا دەبێتە ئارد و تۆز. دوایی بـەفری تێدەکـەن، لێـی دەگـەڕێن تـا وشـك دەبێتەوە، ئەوسـا جارێکی تـر دەیکـووتن و وردی دەکـەن و لـە نـاو کلـدان (کلتوور) هەڵی دەگرن و بە کلچووك چاویانی پیَ کلڕێژ دەکەن. کلی بـاش تـا سـیَ چوار ڕۆژان ڕەنگی لە چاودا دەمینیَ. ـ کلچووك شـاخێکی حەیوانە سـاف و لـووس و باریکە پە نجەیەك دەبیَ سەرێکی باریك کراوەتەوە ـ .

هێندیَ جار (دارا)، کە جۆر ە ڕووەکێکی کێوییە و لە چیاکاندا دەڕویَ، تێکەڵی کـل دەکرێت. لە ئەفسانەی کوردیدا قسـەیەك هەیـە دەڵـیَ:" کـە خـودای مـەزن خـۆی نیشـانی حەزرەتی مووسا دا لە چیایی ( تور)یَ، چیایەکە لە مووسـا پاڕایـەوە کـە دوعایەکی وای بۆ بکات کە خوا کارێکی وا بکات، دارودەوەنی لیَ برویَ ، چونکە ئەم چیایە ڕووتـەن و هیچی لیَ ناڕوێت. مووسـاش دەفـەرمووی کـە مـن کـارێکی وات بـۆ دەکەم هێندە ئازیز بێت، جێگـەت هـەر سـەرچاوان بـیَ و دەیکاتـە کـل." جـاران هێندێك لە پیاوە پیرەکانیش چاویان کلڕێژ دەکرد، بە مەبەستی پاراستن و بینینی باشتر نەك بۆ ئارایشـت و جوانکاری.

دەربـارەی کلیش لە فۆلکلۆری کوردیدا هـاتووە:

*کــلی شــەویٚ لــەبــۆ خــەوی*

*کلی ئیٚـواران لــەبــۆ یــاران*

*کلی عەســران لەبۆ قەسران*

*کلی نیوەڕۆیان لەبۆ تـرۆیان*

**لە حەیرانیٚکی دەشتی قەراجیشدا هاتووە:**

*کلدانیٚ بام لە کلدانی، سـۆنی دەوروبەریٚ،*

*بکەوتـابامە نـاو بـاغــەری زەرد ئەســمەری*

**محەمەدی مامليٚش لە گۆرانييەكدا دەبيٚژیٚ:**

*شــەمام لەبەر نانی، لەبەر نانی، شــەمام تەنکی*

*پیٚم نــا لە کلدانی، لــە کلدانی، نـاسـك و تەنکی*

*عەوام بــووم نەمزانی، نــەمزانی، شــەمام تەنکی*

*کلی لە چاو کیٚشــا، لە چاو کیٚشا، ناسك و تەنکی*

*کلــدانی لــە پیٚشــە، لــە پیٚشــە، شـــەمام تەنکی*

*با بیٚــتە هــەیــوانیٚ، هــەیــوانیٚ، نـاسـك و تەنکی*

**بۆ ئەو ژنانەش کە هە میشە دڵ تەڕن و خەریکی خۆ جوان کردنن، گوتوويانە:[٨٠]**

**حــەتی بمریٚ لە بــاوان**

**کلی نــابــڕیٚ لە چــاوان**

---

[٨٠] ) مامۆســتا کەریم شـیٚخانی. پیٚداچوونەوە.

سـێیەم

# سـۆراو وسـپیاو

جاران لە کوردەواریدا، ژن، سـۆراوی بەکار نەدەهێنا و ئەگەر سـووراوی بـەکار بهێنایە و خەڵك بیاندیتبایە، دەیان گوت: دەڵێی دەمی لە کەلاکی ناوە." واتە چۆن گورگ دەم لە کەلاکی دەنێ و بە خوێن لاغاوی سـوور دەبێ.[81] تەنیا بۆ لێـو قەڵشـتن پەلکە گوێزی تەڕیان بەکار دەهێنا. گوڵەباغی سـووریش بـۆ سـوورکردنی کوڵمـەی بووك بەکار دەهات. بەڵام سـپیاو هەر لە کۆنەوە باو بووە و بەکاریان هێنـاوە. ژنـی کورد بۆ خۆی لە ڕەگی( ترێمارانە ) سـپیاوی دروسـتدەکرد. جـاران نەدەبووایـە کـچ سـپیاو بکات. لە کوردواری ڕووەکی ( دەمووکـان )ە بـۆ لـەناو بردنـی زیپکـە و سـاف کردنی دەم و چاو بەکار دەهات.بۆ دەم وچاو شوشتنیش سـابوونی سەرکەف و لیفکـەی کدوولیفکـەیان بـەکار دەهێنـا. جـاران لـە شـارەکانی کوردسـتاندا چـەند جـۆرە سـابوونێکی خۆماڵی دروسـتدەکرا و لەبازاردا دەفرۆشان.

[81] ) سـەرچاوەی پێشوو.

چــوارەم

# خــاڵ و میــل

کووتــانی پێســـتی پشــتی دەســـت و قــاچ و نــاو تــەوێڵ و چــەناگە و ســەرەلووت و لێو و کوڵمە و ســینە لە کوردەواریدا هەبووە، بەڵام لەناو هەموو خێڵ و هۆز و شــار و گوندێکدا باو نەبووە. لە ڕاســتیدا ژنە دۆم و قــەرەج پــتر بە خاڵ کوتان و میل نەخشاند ناسرابوون و هەر ئەوانیش لە شارەکان دەگەڕان و خاڵکوت بوون. ژنی کورد، ئەگەر ڕەش ئەسمەر و ڕەشــتاڵە بێ، حەز بە خاڵ و کوتان ناکات. جاران بۆ خاڵ کوتان هیس و شیری مەمکی ژنیان بەکار دەهێنا. هیس و شیرەکەیان تێکەڵ دەکرد، ئەوجا بەقەد دنکــە برنجێــک یــان زیــاتر، دەخرایە سەر ئەو شوێنەی کە نیشــان کرابوو بۆ کووتان. جــا خــاڵکووت، ســێ چوار دەرزی پێکەوە دەگرت و دەستی دەکرد بە ئــاژنینی شــوێنی ئــەو هــیس و شیرە، تا خوێنی لێدەهات. ئەوجا بۆ مــاوەی ڕۆژێــک خاڵەکــەیان بــە پارچــە پەڕۆیەک دەبەست، دواتر بــە جــوانی بــە ئــاو دەیــان شوشــت. هێنــدێ جــار خەڵوزیان لە جیاتی هیس بەکار دەهێنا.

پێنجەم

# مووکردن

مووکردن لە ناوکوردەوار یدا شتێکی پەسند نەبووە، هەرچەندە قسڵ و بەنێشت و شەکراویان بۆ مووکردن بەکار هێناوە. ئەمەش تەنیا بۆ ژنان بووە نەك بۆ کچان. لە کۆنەوە دەموچاوکردن هەبووە و بە بەکار هێنانی داو و کشتەك. ئەمەش یان ئەوەتا دەموچاوکەر ئەم کارە کردووە یان ژنانی دەرودراوسێ دەموچاوی یەکتریان دەکرد. جاران نەدەبوو کچ دەموچاوی بکات.

شـەشـەم

# بـۆن وگـولاو

ژنی کورد زۆر حەزی لە بۆنی خۆش بووە، هەر بۆیـە بۆخـۆی لـە گـولّ و گـولّزاری دەورپشتی خۆی ، گولاوی دروســتدەکرد. لــە هــەر شـــار و گونــدێك، ژنــی نــاودار هەبووە، کە وەستایانە بـۆنی خۆشـی دروسـتکردووە. ئـەوان گوڵـە بۆنخۆشـەکانی کویستان و شاخ و داخی کوردسـتانیان دەناسی لە گوڵە مەنـدۆك و کـەما و هـەڵز و بێزا و گیاخاو و گیا بەند و مۆڵەبەران و کـەنێرە و شـــلێر و بـەیبوون و ســـوێسن و وەنەوشە و هەڵاڵە. زۆر مەراقیان بۆنی گوڵەباغ بوو. جاران بە بەکار هێنانی هێندێ کەلوپەل و قاپوقاچاغی نێو ماڵ بە ڕێگای کوڵاندن و بەهەڵم کردن و دڵۆپانــدن و ساردکردنەوە، گوڵاویان دروست دەکرد.

ئەوان جگە لە دروستکردنی بۆنی خۆماڵی، زۆر جۆرە گـولّ و خونچـەیان دەکـردە ملوانکەی بۆندار وەك حە تحەتۆکە و ســملّ و مێخـەك و دنکەشـیلانە و ســۆتکە و گوڵەباغ. ئەوجا قەنەفربەند و مێخەك بەنــد و ملوانکـەیان لــێ دەهۆنییــەوە. تــا کوتـایی سەدەی رابردوو، ژنـان، لە کۆیە لە ماڵەوە گوڵاویان دروست دەکرد و بەســەر دوســت و خزماندا دابەشـیان دەکرد. لە گـەڕەکی قــەڵاتیّ ( یــا زەکییــەی کــەریمی حەمەشـەلی ) ـ دایکی هونەرمەند نادیە کەریم ـ زۆر دەســت ڕەنگین بوو لــە گـولاو دروســتکردن. قەنەفربەند و مێخەك بەند ئێســتاش ڕەواجی هەرماوە.

**حـەوتـەم**

# جـل شـتن

**جاران بۆ جل شتن، (ئەسـپون)، کە ڕەگی ڕووەکێکی خۆماڵییە، بەکار دەهات، گەراکوتکیش، بۆ کوتـان و کوشتنی گەرای کێچ و ئەسـپێ بەکار دەهات. بۆ خۆ شتنیش هەر سـابوونی پەزی و سـەرکەف بەکارهاتووە.**

**گوتراوە:**

***سـابوون دەڵـێ: ئـاوی گەرم ، ژنـی نـــەرم***

***ئەسـپون دەڵـێ: ئـاوی سـارد، ژنـی هـــار***

**سەرچاوەکانی ئەم بەشە :**


١. سەرنجێك لە دەروازەی فۆلكلۆری كوردەوە، نەقابەی مامۆستایان، هەولێر، ١٩٦٠ .

٢. ئیدیۆم لە زمانی كوردیدا، جەلال مەحموود عەلی، چاپخانەی حسام، بەغدا، ١٩٨٢.

٣. یادی بەخێر، هیوا قارەمانی، ناشر ڕەهرە و مەهاباد، ١٣٩٠.

٤. گۆڤاری كاروان، ژمارە ٥٢.

٥. گۆڤاری كاروان، ژمارە ٧٨.

٦. سەید حوسێنی دەرمانفرۆشی میللی، تەمەن (٧٢)ساڵ. چاوپێكەوتن.، كۆیە، ١٩٨٨.

٧. پلە ڕابیعەی مام سابیری حەلیّ، تەمەن (٧٥) ساڵ، دەوڵەمەند لە بەیت و باڵۆرە و شیعر و زانیاری فۆلكلۆری. چاوپێكەوتن.، كۆیە، ١٩٨٨.


**كۆتایی**

# سـوپاس و پێزانین

قەرزاری هەموو ئەو کەسـانەم

کە زانیارییان پێداوم تەنانەت ئەگەر وشـەیەکیش بووبێت.

سـوپاسی گەرمم بۆ دایکم

کە وەك خاوەن فەرهەنگێکی دەوڵەمەند لە زانیاریی کەلتووری و فۆلکلۆری کۆیە،

بوو بەسەرچاوەی ئەم کتێبەم.

## سەرچاوەکان:

ئالان غەفوری، بونیاتی کۆمەڵایەتی کۆیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر ، ٢٠١٥ .

تایەر ئەحمەد حەوێزی، مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم، چاپخانەی نەمیر، بەغدا، ١٩٨٤.

د. عوسمان دەشتی ، مەلا مەعسووم هەورامی، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ٢٠١٥.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە ١٤.

گۆڤاری شارەوان ، ژمارە ٥.

عەلی خەزنەدار، ئافرەتە ناودارەکانی کورد، چ.٣. چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ٢٠١٣.

مەسعود محەمەد، حەماغای گەورە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٠ .

## سەرچاوەکانی ماڵپەڕ و ئینتەرنێت:

http://derunnasy.com/category/%D8%AF%D9%87%E2%80%8C%D8%B1%D9%88%D9%88%D9%86%D9%86%D8%A7%D8%B3%DB%8C-%D8%A6%D8%A7%D9%81%D8%B1%D9%87%E2%80%8C%D8%AA
http://www.dengekan.info/dengekan/women/22043.html
http://www.dengekan.info/dengekan/women/22043.html
http://www.knwe.org/Direje.aspx?Jimare=32415&r=2&Besh=Witar

http://www.seroqadir.com/read.php?id=345
http://www.seroqadir.com/read.php?id=345
https://en.wikipedia.org/wiki/Anthropology

# چـاو پێکـەوتن

- زبێدەی عەبدوڵای کەبابچی، تەمەن ( ٨٥ ) ساڵ، کۆیە، چاوپێکەوتن ، ٢٠ ـ ٣ـ ٢٠١٥ .
- صلیوە عیسا و وەردە کەریمی هاوسەری . هەرمۆتە، چاوپێکەوتن ، ٢٢ ـ ٦ ـ ٢٠١٥.
- فەیمەی حەمەدەمینی مستەفای گۆدەی، ژنی ماڵ، کۆیە ، چاوپێکەوتن، ١٥ ـ ٨ ـ ٢٠١٥.
- مامۆستا محێدین حەوێز نەجمەدین و هاوسەرەکەی زێیا حوسێن عەزیز، ( ١٩٤٧ ) ، چاوپێکەوتن، کۆیە، ٢٢ ـ ٧ ـ ٢٠١٥.
- محەمەدی حەمە جۆڵای. لەدایک بووی ( ١٩٤٠ ). خانەنشین، کۆیە . چاوپێکەوتن، ٢٦ ـ ٦ ـ ٢٠١٥.
- مریەم ئێایا، ناسراو بە یا بسکان ، دیان، لە دایك بووی ( ١٩٣٤ ) ، چاوپێکەوتن. کۆیە . ٢٤ ـ ٦ ـ ٢٠١٥.
- مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی. خانەنشین، سلێمانی، پێداچوونەوەی کتێبەکە.
- د. عەتیە حەمە سەعید لە پزێرین. پسپۆڕی دکتۆری ژنان، پێداچوونەوەی کتێبەکە.
- پێشتوان هەمزە ـ فێسبووك.

# پرۆفایلی نووسەر

- ١٩٥١ (فازیل حەمەد عەبدوڵلا جەیدی ـ شەورۆ) لە شاری
  کۆیە لە دایکبووە.
- (١٩٧٥) بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی
  لە کۆلێژی ئاداب ـ زانکۆی بەغدا وەرگرتووە.
- (١٩٧٢) یەکەم شیعری لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) بڵاوکردۆتەوە.
- (١٩٨٢ – ١٩٩١) هەشت پێشەنگای هونەری و فۆلکلۆری لە شارەکانی کوردستاندا کردۆتەوە.
- (٢٠٠٢) خەڵاتی شانۆگەریی (شەهید)ی لە شاری (سرت) لە (لیبی
  پێبەخشرا.
- (٢٠٠٤) خەڵاتی شاری (دبلن)ی خزمەتگوزاری لە (کۆماری ئایرلەندای
  خواروو) پێدرا.
- (٢٠١٠) خەڵاتی (سەید برایم)ی پێبەخشرا.
- (٢٠١١) خەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی کۆیەی پێدرا
- (٢٠١٣) خەڵاتی (فیستیڤاڵی شیعری نەتەوەیی کوردی)ی لە هەولێر پێدرا.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە.
- سەرنووسەرس گۆڤاری (شارەوان)ە.
- بەڕێوەبەری نووسینە لە گۆڤاری (کەکۆن).

- چالاکە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی و پەروەردەکاری و کۆمەڵناسی و وەرگێران و گێڕانی کۆڕ و سیمینار‌دا .

- **بەرهەمی چاپکراو:**

  - (کۆترێك لە ئاگر) شیعر. (٢٠١١). چاپخانەی شەهاب - هەولێر.
  - (دەنگ لە شیعری کەریم دەشتی دا) لێکۆڵینەوە. (٢٠١٢). دەزگای ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر.
  - ( هەورازەکانی کاروانی تەمەنم- حەسەن کاکە) دارِشتنەوە (٢٠١٣) چاپخانەی شەهاب - هەولێر.
  - (دوو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی) لێکۆڵینەوە (٢٠١٣). دەزگای ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر.
  - (رەهەندەکانی خەون لە شیعری کوردیدا) لێکۆڵینەوە. (٢٠١٤). دەزگای ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر.
  - ( سەدای شیعر) بەرهەمی هاوبەشی نۆ شاعیر. (٢٠١٤). خانەی چاپی ئەربیل – هەولێر.
  - ( ماچەکانی ئێوارە کازیووە) شیعر. (٢٠١٤). چاپخانەی شەهاب – هەولێر.
  - ( خوێندنەویەك بۆ ٢ کتێب لە ١ کتێبدا) لێکۆڵینەوە. (٢٠١٥). چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.
  - (ژنە پیشەوەرەکانی کۆیە ١٩٠٠ ـ ٢٠١٥). توێژینەوە.(٢٠١٥). **چاپخانەی شەهاب – هەولێر.**

# پێرســـت


| ناونیشـان | لاپـەڕە |
|---|---|
| هـەمووومان قـەرزاری شـۆڕە ژنی جـارانین! | ٦ |
| ژن و پیشــەوەری | ٨ |
| پـانۆڕامـای ژیـان و گـوزەرانی لە کۆییّ جـاراندا | ١٧ |
| ژنە پیشـەوەرەکانی جاران لە کـۆیـە ........................ | ٣١ |
| ژنە پیشـەوەرەکانی نـاو بـازاڕ | ٣٤ |
| ژنە دوکـانـدارەکـانی نـاومـاڵ | ٤٠ |
| ژنـە . بازرگان ........................ | ٤٥ |
| ژنـە پیشـەوەرەکانی دەرەوەی مـاڵ | ٤٦ |
| ژنـە پیشـەوەرەکانی نـاومـاڵ | ٥١ |
| ژنـە پیشـەوەرەکانی مـاڵان ........................ | ٧٨ |
| هێنـدیّ پیشـەی تایبـەتمەند بـە ژنـان | ٨٦ |
| ئاکـام | ١١١ |
| ئارایشـت لەناو کوردەوارییدا ........................ | ١٢٢ |
| سـەرچاوەکـان | ١٣٩ |
| پڕۆفایلی نووسـەر | ١٤٢ |

*Face book: fazil shawrow*

*Email: fzgaedii@yahoo.com*